# شیعر

(2020_1995)

# بەرگی دووەم

زانا خەلیل

ناوی کتێب: شیعر (1995_2020)
نووسەر: زانا خەلیل
بابەت: شیعر_ بەرگی دووەم
بەرگ : دەراو خەلیل
تیراژ: (500) دانە..
چاپی یەکەم
چاپخانەی چوارچرا
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی
سپاردنی  (51)ی ساڵی (2020)ی پێدراوە.

# شیعر

(2020_1995)

# بەرگی دووەم

**زانا خەلیل**

# دیالۆگی لاڵێک

2004

# فۆرمی شیعری لە نێوان تاراوگە و زمانگەریدا
# یان (دیالۆگی لاڵێك)ی زانا خەلیل
# لە هاوكێشەی گۆڕانی دەقنووسیدا

د.سەروەر عەبدوڵلا
Berlin 15.04.2004

دەكرێت نوسینی تێكستی شیعری پرۆژەیەك بێت لە پرۆژەكانی گوزارشت دانەوەی دیدە ئاساییەكان بە زمانێكی نائاسایی، دەكرێت بە ئامانجهێنانی ئەو خودە بێت كە گەڕیدەی ئەو ویست و خەونانەن كە هێشتا نەهاتونەتەدی یان بە ساناهی ناهێنەتەدی، دەشكرێت تێكستی شیعری شێوەیەك بێت لە شێوەكانی رەوشتی كۆمەلایەتی یان بەرهەمێكی ناماددی مرۆڤایەتی بێت، یان هەر هیچ نەبێت دەكرێت بە گەمەیەكی رۆحی بناسرێت.

دەكرێت زۆر شتی دیكەش بێت كە وەك ئەمانەی پێشتر گوتراوە، بەلاّم ئەوەی گرینگە لێرەدا ئەوەیە نووسینی ئەم تێكستە هەستپێكراوەی كە _مرۆڤی وەرگر لە دۆخێكی دیاریكراو دەگەینێتە دۆخێكی دیكە_ ناكرێت بێتە بوون بەبێ كۆمەڵێك

گۆڕانکاری لە بواری ئەرکی شیعرگەری لە ریزبەندی ئەرکەکانی پێکهاتەی ئەو دەقەی کە لە خودی ئەم ئەرکانەوە ناسنامەی خۆی وەردەگرێت.

کۆمەڵە شیعری تازەی زانا خەلیلی شاعر (دیالۆگی لالێك) لە ڕێگەی کۆمەڵێك دەقی نوێی وەبەرهەمهاتوو ئەزموونێکی تازە دەخاتە بەردەم خوێنەری تێکستی شیعری کوردییەوە، نەك ئەمەو بەس بەڵکو یەکێکە لەو ئەزموونە کەمانەی بوێرانە و دوور لە پێدزکێ و ترسەوە ڕووبەڕووی ئەو زمانە دەبێتەوە کە شیعر دەمێکی زۆرە پێیدەنوسرێت و نکۆڵی لەوەش ناکرێت دەقی بەرزیشی بەخشیوە. بەڵام هەوڵی گۆڕینی زمانی شیعری هەردەم وەك بیرۆکەیەکی زیندوو دەمێنێتەوەو نەك هەر شانبەشانی ئەزموونی تازەکردنەوەی دەقی شیعری دەڕوات بەڵکو بنەما سەرەکییەکەی تێکستی شیعرییە.

زانا خەلیل لەجەنجاڵی ئەو مەهجەرە بێسەروبەندەی خۆی نایەوێت هەر لە تای هەوڵی گۆڕینی زمانی شیعر بمێنێنەوە و چالاکی خۆی بنوێنێ یانەخۆ لە سیلەی ئەو بابەتانە بمێنێتەوە کە لە هەمان جیهانبینییەکانی پێشوو دەمێکی درێژە گلدەخواتەوە — ئەگەرچی ئەم بابەت و جیهانبینییانەی پێشوو هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی پێشووەوە تا ئێستا بە شێکی گەورەی لە شیعری هاوچەرخی کوردیەوە پێکهێناوە _بەڵکو ئەم شاعیرە دەمێکە ئەگەرچی کورتیشە هەوڵی ئەوە دەدات بە جیهانبینییەکی

تازەوە، چەند بابەتێکی جیا جیای تازە بهێنێتە کایەوە، ئەو بابەتانەی کە ڕەنگە ڕۆژانە ڕووبەڕووی مرۆڤێکی ئەم ئێکزیلە ببێتەوە و بە وردی سەرنجیان نەداتێ، ئەم بابەتانەی رۆژانە کە گەلێك وردە مانای ناسك و گەلێك نیگای سەرنجڕاکێشن بە خۆوە دەگرێتەبەر بەبێ ئەوەی بە پەلە سوودی لێوەربگیرێت، ئەمەو بگرە نزیك لە شێوەی هەمان ئەم بابەتانەش کەم ئاوڕی لێدراوەتەوە و سودی لێوەرنەگیراوە.

ڕەنگە قسە هەڵدان لە بواری تازەگەرییەك سەبارەت بە بەرهەمی شیعری بلاّوکراوە ئاساندبێت کاتێك هەست بەوە بکرێت کارێکی جوانی تازەیە، بەلاّم زۆر گرینگتر ئەوەیە دیاریکردنی چۆنیەتییەکانی پێکهاتەی ئەم کارە جوانە تازەیە کە دەکرێت دواتر لەو بنەما تیۆرییەی کە رووی پێکهاتەکەی پێکدەهێنێت ببێت بە سەرەتاییێکی سادە یان تۆکمە بۆ ئەو ئەزموونانەی سوود لەو بەهرە وەربگرن و قووڵتری بکەنەوە وەك چۆن هەمان تازەگەری هاوچەرخ کە لە سەرەتای هەشتاکانی شیعری هاوچەرخی کوردیدا سەری هەڵدا و لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نۆهەتەکان گەیشتە پۆپکەی گەشی خۆی.

پێش ئەوەی هەنگاوە وردەکانی ئەم باسەم نزیك ببێتەوە لە کرۆکی رووە تازەبووەکانی ئەم کۆمەڵە شیعرییەی شاعیر (زانا خەلیل) حەز دەکەم ئەوە بڵێم: ئەزموونی شیعری کوردی بە گشتی لە پەڕاگەندەبوونێکی زیاترە لەوەی هەندێ کەس تێبینیان

کردووە، چونکە ئەو هەولاّنەی لێرە و لەویّ گەردانەی کاروانی شیعری کوردی دەکرێت تێکڕایان یان هەر هیچ نەبێت بەشێکی زۆر لێیان کەمتر لە پێویست دەخوێندرێنەوە، خوێندنەوەیەك خۆی بگەیەنێتە ئەو وردە پێکهاتە شاراوانەی ژێرەوەی دەق و دواجار بە ناسنامەیەکی دیکەوە دەربچێت بۆ ئاسۆ هەڵدراوەکانی خودی دەقە شیعرییەکان. ئەمەو جگە لەوەی ئەم ئەزموونە تازانەی ئیمڕۆ لە پانتاییێکی ئەوەندە فراواندا بەرچاوی خوێنەران ناکەوێت بە شێوەیەك هەر بەوپێدەرێکی دەقی تازە سووك لە سەریان بوەستیّ و لە پێکهاتە جوانەکانی ورد ببێتەوە.

وەك دیارە ئەم کۆمەڵە شیعرییە تازەیەیەی شاعیر زانا خەلیل لە دایکبووی تاراوگەیە و هەر بە سرووشتی خۆی سیمۆگرافیاییێکی تایبەت بەم تاراوگەیەی وەرگرتووەتە خۆی، ئەمەش تا بڵێی شتێکی ئاساییە، خۆ دەبێت ئەوە لەبیرنەکرێت هەموو ئەزموونێکی شیعری خوێندنەوەی خودە و خودیش لە ڕەنگدانەوەی کارتێکەکانی دەرەوە دایراو نییە.

کەواتە تاراوگە زۆر لە شتە ورد و درەشتەکانی خۆی بە فەنتازیای دۆخی وەبەرهەمهێنانی دەقی شیعرییەوە دەگەیەنێت.

دواتر لە جیهانبینی دەقەوە و بە گوێرەی ئاستێکی یان چەند ئاستێکی پێکهاتەی ئەم دەقە گەلاّڵە دەبێت بە شێوەیەك کە هێزی تەکنیکی داڕشتن لە لایەن شاعیرەوە ڕۆڵێکی گەورە و تایبەت بە خۆیەوە دەبینێت لە وەدەرخستنی دەقێکی تۆکمەی بەها

بەخۆوەگر. کەواتە ئاشکرایە کەوا دەقداڕشتن لە بەشێکی زۆری خۆیدا پابەندەی ئەو جیهانەی دەرەوەیە کە لە حاڵەتی بەرهەمهێنانی خودی دەقەوە ناتوانێت گەلێك دابڕاو بێت لە هەرێمی ئەو پێکهاتە زیندووانەی هەڵدەدرێت یان کەوا بەرهەمهێن هەڵیدەداتە جیهانی تەخمینکراوی ناوەوەی خۆی، هەر ئەم پێکهاتە زیندووانەشن دواجار وەك ئەگەرێك دەبن بەو سەرە داوانەی یارمەتی ئەو خوێندنەوە رەخنەییان بدات لە گەیشتن بە تانوپۆ شاراوەکانی هولامییەتی دەقی شیعری و لێکدانەوەی لە چوارچێوەی چالاکی خوێندنەوەدا.

لێرەدا ئەوەی پێویستە بگوترێت ئەوەیە کەوا ئاشکرایە ئەو پەیوەندییەی نێوان تاراوگە و شاعیری کورد لە ماوەیەکی دوورترەوە درێژ دەبێتەوە بۆ ئێستامان، هەر لە نالی و حاجی و شێخ رەزاو لە پێش ئەوانیشەوە تا دەگاتە ئەنوەر قادر جاف و شێرکۆ بێکەس. ئەگەر بە رادەیەك عەبدوللا پەشێو یان زیاتر فەرهاد پیرباڵ راگوزاری تاراوگەی کردبێت لە بەرهەمە شیعرییەکانیاندا ئەوا لە شیعری کامە لەم شاعیرانەی پێشوو بە تایبەت هەوڵی ئەوە دراوە سیمۆگرافیای تاراوگە وەك بابەت یان وەك مۆزائیککەری دەقی شیعری لە بەرهەمی خۆیدا گەلاڵە بکرێت، یان بابڵێین شیعری کامە لەوانە توانیویەتی زیاتر سوود لە هاماجی تاراوگە وەربگریت بۆ قووڵکردنەوەی جیهانی بەرخەیاڵی شاعیر بە شێوەیەك بەشێك لە ناسنامەی دەقی شیعری کوردی

بگۆڕێت بۆ ئاستێکی دیکە، بە رای من هێشتا ماوییەتی بە قەد پێویست بێت، لەم خاڵەش گرنگتر ئەوەیە تا چ رادەیەك زمانی شیعری پێشوو توانیویەتی بوێر بێت و پێشنیاز و مەترەحێکی دیکەی هەبێت بۆ شێوەی داڕشتنی زمانێکی تازەی شیعری لە سەروبەندی بوونی کۆمەڵێك شاعیری باڵادەست لە زمان یان باشتر بڵێین لە دامەزراندنی شێوەیەك لە شێوەکانی داڕشتنی زمانی شیعری.

لەم دوو خاڵە گرنگەی پێشووەوە واتا هەردوو موغامەرەی تاراوگەو هەوڵی زمانگۆڕی تێکستی شیعری کوردییەوە داواکراو دەبین کەوا لەسەر دەستەیەك لەو دەقانە بوەستین کە ئەم کۆمەڵە شیعرە نوێیەی زانا خەلیل بە خۆییەوە گرتووە.

ئەمەش مانای ئەوە نییە شاعیرانی دیکەش هەوڵی ئەوەیان نەدابێ زمانی شیعر بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆیان لە نووسینی شیعری بگۆڕن یان پێشیخەن، بەڵام هەموو هەوڵێك خاسییەتی تایبەت بەخۆی هەیە و هەر ئەم خاسییەتەشە ناسنامە بە ماددەکەی خۆی دەدات و دەبێتە ئەو خاڵۆچکەیەی گەنگەشەی شیعری لێوەی دەستپێبکات و خوێنەری شیعری بگەینێتە ئەو هەستەی تا چ رادەیەك ئەم ماددە شیعرییە وەبەرهەمهاتووە لە ئاستەکانی نوێگەری یان تازەگەری نزیکبوونەوە.

هەوڵی وەبەرهەمهێنانی زانا خەلیل لەم کۆمەڵە شیعرییەی نەك هەر هەوڵی ئەوە دەدات سەرەتاییێکی ئاسایی دابنێت بۆ زمانێکی

شیعری کەوا خوێنەر بەرەو ونبوون نەبات بەڵکو هەوڵدەدات ئەم سەرەتایە ئاوەها تۆکمە و توند بێت سڵ لەوە نەکاتەوە بەم ئەزموونە نوێیە بە هەنگاوی یەکەمی خۆی بترازێ لەو ئەزموونانەی سەرەتا و هەوڵەکانی دوێنێی لای ئەو پێکهێناوە، ئەم ترازانە لە خۆیدا خاڵێکی پۆزەتیف دەدات بە شاعیر لە رووی بوێری و چاونەترسی سەبارەت بە بیرکردنەوە لە والاکردنەوەی ئەو دەرگایانەی کە چاوەڕوانی کردنەوە دەکەن.

زانا خەلیل لە گەلێك لەو شاعیرانەی ناو ئەم کۆمەڵە شیعرەدا ناوەستێت لەسنووری سادەکردنەوەی زمانی شیعری و رووتکردنەوەی دەق لەو ئالۆزکارییەی کە بە واهیمەی باو لایەنێکی سەرەکییە یان ئەنجامێکی ئاسایی بە شیعرکردنی دەقە، بەڵکو هەوڵدەدات لەم تراژیدیایە دەربچێت کە زمانی شیعری ئیمرۆ خۆی لەو وشەو زاراوە و دەستەواژە و پرێسکەوێنانە خنکاندووە.

خۆ ریایی نییە ئەگەر بڵێین: خوێنەر کاتێك شیعری کوردی ئیمرۆ دەخوێنێتەوە هەست بەوە دەکات بەشێکی دیاری ئەم شیعرە خەڵتانی زمانێکی وا خۆڵەمێشی بووە، وەك بڵێیت نایەوێ لێی دەربچێت، زمانێك تراژیدیاویستە بۆ خودی پێکهاتەی زمانەکە. من لێرەوە دژ بەم زمانەی ئەم بەشە دیارەی شیعری کوردی پێدەنووسرێت بوەستم چونکە ئەم زمانە بە بۆچوونی من تا ئێستا گرینگترین وەرچەرخان بووە، شیعری هاوچەرخی کوردی لە قۆناغێکەوە بردووە بۆ قۆناغێکی دیکە، رابەرەکانی ئەم قۆناغەش

دیارن کە لە ناوەڕاست و کۆتایی هەشتاکان گەیشتە ئاستە بەرزەی خۆی بەڵام ئەزموونی شیعری نابێت دیل و پابەندی پۆرگی دیاردەیەکی تازەگەری بێت و لەوێ بوەستێت هەوڵبدات ئەم شێوە نموونەی تازەگەرییە نوێ بکاتەوە و بە شێوەیەك دواجار لە ناوەخۆی خوولبخواتەوە.

زانا خەلیل لەم کۆمەڵە شیعرییە نوێیەیدا نەك هەر هەوڵدەدات لەم زمانە شیعرییە بترازێ کە خۆشی تیایدا کاریکردووە و لە رێگەیدا دەقی سەرکەوتووی وە بەرهەمهێناوە، بەڵکو هەوڵیداوە سوود لە هاماجی ئەمتاراوگەیە وەربگرێت کە لە ڕۆژانی ژیانیدا تێکهەڵکێشی بووە، بەو مەبەستەی هەوڵی وەبەرهەمهێنانی ماددەیەکی نوێ بهێنێت لە پێکهاتەی شیعری تازەی کوردی.

ئەمانە جگە لەوەی لەو دەقانەی بۆ ئەم دوو ستراتیژییەتە چووە هەویڵداوە دەقەکانی کورت و چڕ ببن و خۆیان بدزنەوە لەو هەناسە درێژەی جڵەوی شیعر بە تونێلێکی درێژ درێژ تێدەپەڕێنێ. رەنگە هەوڵی کورتکردنەوەی دەقی نووسراوی شیعری کارێکی نوێ نەبێت، خۆ شاعیرانی دیکەش ئەم هەوڵەیان هەبووە، هەوڵەکانی زانا خەلیلی شاعیریش دەبێتە تەکان و بزاڤێکی جیددی و خەمخۆر لەم بوارە.

ئەوەی زۆر گرنگە ئەو چۆنییەتییانەن کە شاعیر زانا خەلیل پەیڕەوی کردوون بۆ هەوڵی گۆڕینی زمان و هاماجی شیعر و

جیهانبینی و پانتایی دەق لە چەندین پارچە شیعر و شیعری ئەم کۆمەڵە شیعرییەدا.

لە دەقی (باڵۆنێکی مۆر لە شەقامەکەی ساندراوە) خوێنەر رووبەڕووی ئەو دەقە ئاوییە دەبێتەوە کە زمانەکەی نزیك لەو ناسکییە سنوورەکانی ئاڵۆزی دەستکرد دەتوێنێتەوە و گوزارشتی ئەو رۆحە سادەو باڵگرە دەداتەوە کە لە پڕێکا لە شەقامێکی شارێکی ئەم ڕۆژئاوایە هەڵوەستەی دوو کچۆڵە، کێشمەی وەدواچوونیان دەیگرێتە خۆ و دواجار و دوای وەدواچوونیان بۆ گەیشتن بەو نیگا جوانانەی چەند ساتەوەختێك بیگەینێتە ئەو هاماجە جوانانەی کە هەردەم شایستەی ئەوەنە بدۆزرێنەوە، شاعیر لە کۆتایی حاڵەتە شیعرییەکەیدا، بێدەرەنجام بەڵام دیسانەوە خۆشحاڵ دەگەرێتەوە خۆ هەر هیچ نەبێت بیرۆکەی شیعرێکی تەواو مۆری هێناوەتەوە.

لە دەقی (رێنماییێکی سپی لە هاوڕێ رەشپۆشەکانەوە) گوزارشتی ئەو تێکشکانە دەداتەوە کە شاعیرێکی ڕۆژهەڵاتی کەوتۆتە گێرمەوکێشەی ئەم ڕوژئاوایەوە، ئەو ڕۆژئاوایەی مرۆڤی کردووە بەو ئامێرەی بۆ بەرهەمهێنانی ماددی نەبێت بۆ هیچی تری نایەوێت، حاڵەتی شیعری لێرە تلانەوەی مرۆڤێکی جیهانی رۆحی ڕۆژهەڵاتە لە سەروبەند و گێرمەوکێشەی شێوازێك لە ژیاندا کە ئەستەنگە هاموشۆکردن لەگەڵیدا بە تایبەت بۆ مرۆڤێك شیعردۆست بێت یان شاعیر بێت بۆیە ئەو دۆستە شاعیر و

نووسەرو هونەرمەندانەی لە ڕەحمی ئەم ڕۆژئاوایە دەرچوونە زووتر ئازارە قوڵەکانییان چەشتووە، بەلای ئەوانەوە سەیرە هامووشۆی شاعیرێکی ئەم ڕۆژهەلاتەی رۆحە لەگەڵ ئەم ڕۆژئاوایەی سوودگەریی و کوشندەیی بەخۆوە گرتووە بۆیە بەلای ئەوانە سەیرە هامووشۆی شاعیرێکی ئەم ڕۆژهەلاتەی رۆحە لەگەڵ ئەم ڕۆژئاوایەی سوودگەریی و کوشندەیی بە خۆوە گرتووە بۆیە بەلای ئەوانەوە باشە بگرێتەوە ئەو جیهانەی درەوشانەوەی رۆح پۆرگی ئەو خەونانەی کە تەنانەت وەك خەونیش خۆشیهەڵدەرن بۆیە ئامۆژگاری نووسەر و شاعیر و هونەرمەندانی وەك برێتۆن و کامۆ و سارتەر و دالی بۆ شاعیر بەوەیە بگەڕێتەوە بۆ نێو تیشکەکانی ڕۆژی ژیان، نێو کارگەی ئاسن و مەنگی خۆشەویستی ئەو خەونانەی بەژنیان هەموو رۆژ کورتتر دەبێتەوە مرۆڤ و نەودیدەکانیشی ونترە وەلانێت.

ئەم تێکشکانەی شاعیر و گوزارشتدانەوە لێی بەم زمانە ئاساندەی شیعرگەری لە ئاساندی خۆیەوە زیاتر دەخوازێتەوە لە دەقی شیعری (تێلیکۆمینیکاتسیۆن لە دڵی زەردی ولاَتێکی سپیدا) زیاتر قووڵ دەبێتەوە تا دەگاتە ئەو چرکەساتانەی باکی بە جەستەی خۆی نەمینێ و ئیدی لەبەر هەڕەشەی فەنابوون لەو دیاردانەی چاوسوورانە خۆی دەکوتێتە ماڵی مرۆڤێکی بیانی بەم خاکەی هیچ شتێکی شاعیر خۆی لێنابینێتەوە لە پەژمووردەیی و نەزۆکی خەون زیاتر نەبێت.

دەقی (تێلیکۆمینیکاتسیۆن لە دڵی زەردی وڵاتێکی سپیدا) گوزارشتدانەوەیەکی زۆر چڕی ئەو ویستە سادانەی خۆشەویستین کە بەبێ بەهایەکی تەواو ماددی ناکرێت بهێنە دی، دەنا لە بری ئەم ویستە نەك هەر لە کات و چاوگەکانی خۆشەویستی دادەبڕدرێت، بەڵکو زۆر بە سانا دەست بە سەر بار و پەرۆسکەشیدا دەگیرێت، شاعیر لێرەدا دەیەوێت بڵێت: خۆشەویستی لەم تاراگەیە دەچێتە ناو هاوکێشەی جۆرە نرخێك، خۆی تیایدا قورساییەکی کەمی هەیە دواجار ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ تەنکبوونەوەی ئامادەبوونی ئەو بەها رۆحییانەی کە بە هەق پێویستیەکی بەڵگەنەویستە بۆ مرۆڤـ بە گشتی، شاعیر لەم دەقە شیعرییەدا خوێنەر ناخاتە بەرامبەر حاڵەتێکی وا رووت کەوا بڵێت، کێشەی شاعیر کێشەیەکی ئاساییە لەگەڵ نائامادەیی یان تەنکبوونەوەی بەها رووحیەکان، بەڵکو دەیەوێت ئەوە بڵێت بەهای خەون و ئاوات و خەیاڵ ـ کە بە دیوانەکەی نالی ماسکی کردووە ـ هەر تەنها پێویستییەکی شاعیرێکی خەیاڵفڕ نییە بەڵکو پێویستییەکە بەرفرەهتر دەبێتەوە تا دەگاتە ئەو چاوە ـ رەخنە ـ یەی ئەم خەیاڵفرییە لێکدەداتەوە.

بێگومان ئەوەی لەنێوان ئەم خەیاڵفڕییە و ئەم چاوە دایە کە هاوشان کۆکن و ناکۆکیشن، ئەوەیە (خەون و خەیاڵ و ئاوات) نەك هەر زادەی شاعیرە و دۆستی رەخنەگریش لە تەوەری بەڵێ و نەڵێی لەم سێ بەندەدا بەڵکو هەموو ئەو شتانەی بەناو ئەم سێ

وشەیەی کە دیوانێکی نالی ئەوانە دەکا بە میوانی خۆی ئەوا مرۆڤی نرخی و مرۆڤی بەها رۆحییەکان لەگەڵ ئەواندا میوانە بەڵام بەرپەچدانەوەی ئەم جوگرافیا دووەمە ـ تاراوگە ـ ساناه دەڵێت نەء لە توانستیدایە زۆر سووك بێن و ماڵەکەت بفرۆشن ئەگەر پارەی کاتی قسەکردنت لە تەلەفۆنەکەیان تۆزێ درەنگ مابێت لە گەیشتن پێیان.

ئەم نەستەی شاعیر و ئەم سۆزەی چاو لە ژیانبوونە درێژ دەبێتەوە بۆ هەموو ئەو شتانەی مێی کورد لەبەر مێینەی خۆی لێی دوور خراوەتەوەو. لە دەقی (lotto لە ئێوارەیەکی چوار شەممەدا) ئەگەری حەسرەت شاعیر رادەکێشێ بۆ گوزارشتدانەوەی کۆمەڵێك ویست بۆ مێی کورد بۆ ئەو بوونەوەری لەبەر مێینەیدا بۆی نییە ئاسایی هەموو ئەو شتانە بژییێت وەك نێرینە، هەر لە مزگەوتەوە تا دەگاتە هۆڵی پیشاندانی جلی مۆدیلی نوێ و هەموو ئەو شتە ئاسای و نائاسایانەی ئەم دەقە وابەستەی حەسرەتێك نییە بۆ مێینە و بەس بەڵکو لە هەمان کاتدا رەنگدانەوەی دیاردەیەکی ئاوێزەی کۆمەڵگایەکە پێی قورسە ترازان لە کۆمەڵێك خۆڕەوشتی کۆمەلأیەتی کە لە ناهاوسەنگی رەنگەکانی جوانی ژیان بەشدارە و رابەرە لە بەخشینی کۆمەڵێك حەسرەت کە دەسەلأت سستە لەوەی بگۆڕدرێت، ئیدی (خەون) و (ئەگەر) لە پانتایی دەقێکداو لە ولأتێکی دووردا بە هانای ئەم مێینەیە دێن دواجار خود لەگەڵ خود دەدوێنن.

ئەم حەسرەتانەی شاعیر بۆ خۆی و ئەو حەسرەتانەی بۆ غەیری خۆی لە گەرمەی روانینێکی بە ئازار لە رۆژانەیەکی بێئامانی ئەم ولاتەی شوم و غوربەتەی خۆی بێزار دەبێت ئەوە نییە لە دەقی (یاداشتی پیاوێکی مۆدێرن) دوای ئەوەی بەناو گەرمەی ماشێنی رۆژانەی هەفتەدا تێدەپەڕێت و دەگاتە ئەوەی بڵێت: (هەینی، لەبەر هیلاکی نەك هەر لە خەونەکان بەڵکو لە خۆشی بێزارە) و دواتریش بە تاسەیەك کە نیگای جیهانبینییەکانی فەلسەفەی لێدەبێتەوە بڵێت: (یەکشەممە، بە سەری کاس و بە چاوی خومارەوە، لە ژیان دەروانیّ، ورد ورد دەبێتەوە، دەزانێت ئەو مامانە هەر ناگا، دەزانێت ئەو خۆرە هەر هەڵنایێ، خەونەکانیش لە دایکبوونیان مەحاڵە، بۆیە دەست دەکاتە قەڵەم و شیعرێ بۆ ئەو کۆمێدیایە دەنووسێ).

ئەم جیهانبینییە فەلسەفییە جوانە شیعریتر قووڵدەبێتەوە بۆ گوزارشت دانەوە لە ریالیستەی خۆی و بوون لە دەقی شیعری (تابلۆیێ بۆ ئاوابوون) کاتێك کە لەگەڵ خوددا دەدوێت و دەڵێت: (ئاوڕدەوە دەبینی ڕێگاییێکی درێژ لە دواتەوە جێماوە، ئاوڕدەوە دەبینی وەرزێك بە راوی ڕەنگەوە مەستەو ڕەنگیش بە راوی درەخت و درەختیش بە راوی کەڤاڵڤان و منیش بە راوی تۆ). ئەگەر ئێمە لەو پارچەیەی ئەم دەقە شیعرییە ورد ببینەوە ئەو کاتە دەزانین شاعیر لە چەندین و چەندین هەوڵی بێوچانیدا دەیەوێ لەو زمانە خیتابیە رزگاری ببێت و روو لە زمانێکی

شیعری بکات، بکرێت ئەو زمانە ڕەنگدانەوەی ئەو هاماجە بێت نەکەوتبێتە بەر ڕەشەبای کۆمەڵێك تێگەیشتنی ناڕێك بە باڵای تێگەیشتنی شیعری.

شیعر ئەگەر خۆی و لە خودی خۆیدا نەدرەوشێتەوە، پێویست بەوە ناکات قوڕگێکی زڕی بۆ دروست بکرێت هاوار بکات بۆ ئەوەی بگاتە قولآیی خوێنەر. هەر لێرەوەش دەوەستم و لێدەگەڕێم خوێنەری شیعرەکانی زانا خەلیل خۆی بڕیاری ئەوە بدات چەند توانیویەتی لەماڵی زمانێك دەربچێت بۆ مێوانی ماڵی زمانێکی دیکە کە خوێنەر لە ئاستەکانی درەوشانەوەی شیعرییەتی خۆی ناشارێتەوە و لە هەمان کاتیشدا بەم دیوانەی خۆی کە بە رای من پردێکی پەڕینەوەی شیعری خۆیەتی لە ئەزموونێکەوە بۆ ئەزموونێکی دیکە، چونکە ئەم دیوانە دەقی تێدایە کە دەگەڕێتەوە بۆ شێوە نووسینی ئەزموونەکانی پێشووی لە هەمان کاتیشدا چەندین دەقی دیکەی تێدایە وەك - پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد - بەرەو ئەزموونێکی جیاوازو بەهەق جیاواز ڕێگا دەبرێت، ئەزموونێکی تازەیە و پێویستی بەوەیە کاری زیاتری بۆ بکرێت، زانا خەلیل لەم ئەزموونە تازانەیەدا کە لەم پێشەکییەماندا ئاماژەمان پێکرد بۆ ئەوەی پەنجە لەسەر ئەو خاڵانە دابنێت کە بە راستی دەروازەی ئەزموونی شیعری والآتر و مۆزائیکیتر دەکات ئیدی با خوێنەر خۆی لەم دەقە تازانە ڕابهێنێت. با ڕەنگدانەوە جوانەکانی فەنتازییای خوێنەر لەم دەقانە بدوێن .

# بەشی یەکەم

# کلیپی شەقامە سەوزەکان

# باڵۆنێکی مۆر لە شەقامەکەی ساندراوە

لە بەردەم دوکانێکی ئالاّ و حەربەفرۆشیدا
هەڵوەستەی کڕینی شمشێرەکەی ئیمامی عەلی
هەراسانت دەکا.
پەنجەکانت دەکەیتە دینەمۆ و
دەیخەیتە نێو قژی تێکئالاّوت و بیردەکەیتەوە
لەو دەمەدا
جووتێ کۆتری مەمك ئاشکرا
لەوبەر خیابانەکەی _ساندراوە_
هێور هێور
دەپەڕنەوە سەرشۆستەی سەرسورمانییەوە و
باڵۆنێکی مۆر مۆرت پێدەبەخشن و دەڕۆن.

هاوڕێکەت دەپرسێ:
ئەو کۆترانە کێن؟
چین؟
چکارەن؟
تۆ بە بزەیەکەوە: نەمدیون.. نایانناسم..
رەنگە خرخاڵی شیعرێ بن.

چونکە ڕەنگی ترافیکی ڕووداو سۆرە.. کۆترەکان دەوەستن.
یەکێکیان کاژەڵەی وەردەسورێنیٚ و بانگت دەکا
تۆ دەبیتە کلك و هاوڕێکانت جێدێڵی
کلکی تاووس .. سمۆرە .. ڕێوی .. مەیمون .. گرینگ نییە
تۆ تەنها دەخوازیت ببیتە زمانیٚ بۆ لێستنەوەی گۆشت.
سواری پایسکلی مەراق دەبیت و
سیٚ سەد و سی و سیٚ پەیدانی پرسیار لێدەیت و
دوای دندووکی سۆرو مەمکی بەڕەڵاٚ و
باڵە سفت و سەوزەکانیان دەکەویت.
هەر دەڕۆیت و .. هەر دەڕۆیت و .. هەر دەڕۆیت
تا دەگەیتە بەر دەرگای باڵاٚخانەی ژمارە 29
لە جادەکەی Mozart
لەوێندەر بە زمانیٚ دەدوێی جیا لەزمانی کۆتران
بە پەیژەی تەلاری بێدەنگییدا هەڵدەزنێی
لە قاتی شەشەم و شوقەکەی دەستەچەپ
کۆترێکی ڕووت و قووت دەرگاکە ئاوەڵاٚدەکا
چاوە خوماراویەکانی
ئەبڵەق
ئەبڵەق
ئەبڵەق

به ترسەوە لێت دەپرسێ: تۆ کێی؟
لە کێندەر هاتی؟
کا بێژە چیت دەوێ؟
نەهەنگی شەرم دەتڕفێنێ و
دەبیتە دڵۆپێ لە ئاوی هەنار و
داوای گلاسێ ئاوی سروشتی دەکەیت.
بە ئەکچێنتەکەیان دەیانناسیتەوە
ئەوان هێشوویێ ترێی ئەسفەهان و
سەبەتەیێ مۆرفیمی ـ شیرازی ـ نە و
بوونەتە باڵندە و
خوا ئیمێلی ئێرەی کردوون.
تۆ بوێرانە دەپرسی: فارسی دەزانن؟
ئەو: بەڵێ.
تۆ : ناوت چییە؟
ئەو پێنگاڤێ دەکشێتەوە و بە ـ با ـ ت دەسپێرێ
تۆش لەگەڵ ـ با ـ
بە یەکە یەکەی پلیکانەکانی پێکەنینەوە
دا
دە
بەز
یت و

بە دەم چڕینی گۆرانی

(ئەوەی لە من قەوماوە

یا رەب لە کەس نەقەومێ

....... هتد)

دەچیتەوە لای هاوڕێکانت

لێت دەپرسن: چیبوو کە وەك كلك دوایان کەوتی؟

تۆش بە قاقاییێکی زێدەڕۆوە

خوای شیعر منی خۆشدەوێ

چاوەڕێی شیعرێکی تەواو مۆر بن.

## ڕێنماییێکی سپی لە هاوڕێ ڕەشپۆشەکانەوە

پاژێك ڤورست و دانەیێ پەنیری هەرزان بەهای دانیمارکی
دەخەمە نێوانی دوو لەتێ نانی چوارگۆشەی رەقەوتەق.
پێیەکانم دەکەمە هەورێکی بریندار و
باسکەکانیشم
تەرجەمەی چەند بروسکێکی تاریك دەکەم و
هەتا وێستگەی پاسەکان راوەناستم.
لەوێ خۆم دەپچڕمەوە
هەڵپە هەڵپێ دەکەم
بە پەیژە ئەلیکترۆنییەکانی
وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەر
غلۆر
غلۆر
غلۆر
غلۆر دەبمەوە ناو ترام.
دواتر وەك تەرزە
دادەبارمە
بەر دەرگای دووکەڵکێشەکە

که پێنگاڤێ دەهاوێژم
یەکەمینجار: لە ژووری خۆگۆڕین
خوێن و پێست و هەست و عاتیفە دادەکەنم
9 سەعات
9000 کیلۆ مەتریال
بەو سککەی زەمەنە هەڵدەواسم.
دواتر کە فۆرمی دەشبولی زریپۆشێ وەردەگرم
چۆن هاتبووم وا دەزڤڕمەوە.
لە دوکانی زازاییە فێلچیەکەی ژێرەوەی شوقەکەم
چارێگی ـ ڤاین براند ـ دەکڕم و
لەسەر قەنەفە شکاوەکە هەڵیدەلووشم.
برسیم دەبێ.
دوو پارچە گۆشتی ئیسلامان و
هەندێ پومس
دەخەمە نێو روون و لێیان دەگەڕێم
خۆیان لە خوێندنەوەی شیعرێکی ـ نالی ـ بمپچڕێنن.
قاپەکان دەشۆم.
دووشێك دەکەم.. یان ناکەم و دەنووم.
کە بەیانی لە خەو هەڵدەستم
1994 ڕۆژی ڕەبەقەی ژیانم تێپەریوە.

**ئای زەمەنی بەبەغا**

**تەمەنی رووت**

**سوان و چوونی بێ بەها**

**چار چییە؟**

**دەبێ ژوانێ لەگەڵ گۆتە**

**لە کافتریاکەی هونەر دانێم**

**تا ساتێ فاوست ئاسنم بیرباتەوە**

**کە لە ئەتمۆسفێرێکی نارنجی**

**پێکی یەکەمی بیرە ڕەشەکەمان هەڵدا**

**ـ رامبۆ ـ م دیت بە چاوە کزەکانییەوە**

**لە دیوی دەرەوەی جامی کافتریاکەوە لێمانی دەروانی**

**یەکڕاست رابووم**

**چوومە دەرێ**

**لە چاوە نێگەتیڤەکانی ورد ورد بوومەوە**

**لە بەرم رایکرد**

**هاوارم کرد:**

**ئەی نێچیروانە سپییەکە.. بۆچی بێ گۆڕەوی رادەکەی؟**

**چوومە شوێنەکەی ئەو**

**بە تف لەسەر هەڵمی جامەکە نوسیبووی:**

**بیابان بێستانی سووتاوم خۆشدەوێ**

**دەمەوێ بچمە ژێر تیشکەکانی خۆرێکی پاك لە بەهەشت.**

چەلاك و رەشبین و دۆشداماو زڤڕیمەوە
لە خۆمم پرسی:
ئەو بارانە سپییە بۆچی ڕایکرد؟
ئەو فەرهەنگە پێخواسە ـ شارلفیل ـ ی خۆشناوێ؟
ئەو زێڕینگری حەرفە
بۆچی مارکێتی ئیلهام جێدێڵێ؟
چەلاك و رەشپۆش و دۆشداماو زڤڕیمەوە
سارتەرم دیت لە شوێنەکەی گۆتە دانیشتبوو
کامۆ و برێتۆن و دالی و چەندانیدی بازنەیانگرتبوو
بیرەیان فڕدەکرد و
بۆنی حەشیش ئەو ناوەی تەنیبوو
قاقایانبوو...
کە منیان دیت.. بە یەك دەنگ پێیانگوتم:
ئەی دۆست بگەڕێوە نێو پەنجەکانی سامالْ
زونناریْ لە عاتیفە بپۆشە
کتێبی ـ با ـ بخوێنەوە
بگەڕێوە نێو تیشکەکانی رۆژی ژیان
چونکە لێرە
لە کیشوەری تەم و تۆفان و باوباران و ئاسن
جێگای تەنها تاقە شیعرێکیشی لێنەماوە
جێگای تەنها تاقە شیعرێکیشی لێنەماوە.

## که بە سەرخۆشی لە پارکدا دەگەڕێمەوە

بۆ: سەرکەوت وەلی

لەو شەقامە خانەدانەدا
پێیەکانم بە خانەدانی گوزەر دەکەن
هەست دەکەم
میزڵدانم بۆتە هێشوویێکی پڕ لە دڵۆپ
ئایا پێویست دەکا
زنجیرێك ئاوی قەوس و سوێر
بەسەر شەوبۆکانی بەر دەرگای
ئەو ڤێلە شووشەییەدا بپرژێنم؟
لۆ نا؟
بارستایی پەنجەکانم دەخەمە سەر ملم
وەك ئەسیرێکی جەنگ
بەو شەقامە خانەدانەدا
پێیەکانم بە بێ منەتی گوزەر دەکەن
لەو جێکاتەدا بیرم بۆ چەند شتێ دەچێ

1/ زەمەنی زوو من خزمی خۆر بووم
کەچی ئێستە ـ خۆر ـ لێم تۆراوە
بە بیانووی ئەوەی من خیانەتم لێیکردووە.

2/ بێ بیرکردنەوە گوتم:
خوداوەندی من لە ماڵێکی شڕو وڕ چەقپەستە
خوای من بەسەر قەنەفەیەکی دڕاو ڕاکشاوە
خوای من لە بازرگانی دۆڕاندوویەتی و
ئێستا خەریکی نووسینی شیعرە.

3/ لەبەرچی دوێنێ
جامی پەنجەرەی شوقەی سەحەرم
بە بەردی غروب شکاند؟
نەمویست چیدی زێتر
کلیپی پڕوپوچ قۆرخی CD ی تەئویل بکا .
بۆیە
قەدبڕ
قەدبڕ
قەدبڕ

**لەلای راستی شەقامە خانەدانەکە**

**بۆ لای چەپی**

**بەرەو بەنزینخانە پەڕیمەوە**

**ماڕلبۆڕۆیێکم داواکرد**

**جگەرەیەکم داگیرساند**

**پڕبوو لە دووکەڵی موراد**

**کلیلم دەرێنا بچمەماڵەوە**

**کە ورد بوومەوە دیتم**

**خۆمم لە پارکدا لەبیرکردوە**

**گەڕامەوە پارك**

**یەکەمینجار: خۆم و خۆرم ئاشتکردەوە.**

**دووەمینجار: شەرمەزاربووم.. لەبەر خوا پاڕامەوە.**

**سێیەمینجاریش: بە فلّچەی سەحەر**

**چڕوچاوی غروبم سواخدا.**

## ئەوروپا و فرمێسکی سۆری پێغەمبەران

**ئادەم:**
**قاپێکی فلۆمارکت**
**چەند کیلۆیێك**
**سێوی ئالدی داپۆشیوە و**
**بەسەر مێزێکی دیتراوەوە ڕاکشاوە.**
**خۆیشی لەسەر کومباری مانگ ڕاکشاوە و**
**چاوەڕێی پارەی سۆسیال دەکا..**
**چونکە ئیشی سپی بەشی خۆیو**
**ئەو هەموو منداڵەی ناکا.**

**قابیل:**
**ڕۆژی ئاسایی بە ڕەش**
**لە قەسابخانەیەکی بەرازدا کاردەکا**
**لە کۆتایی هەفتەش**
**دەست دەکاتە حەربەیەك و**
**شەڕ بە هەموو**
**شتێ دەفرۆشێ.**

**هابیل:**

ئەوەندەی هەوڵدەدا ناوێرێ

پرتۆکۆڵێکی قاچاخچەییەتی

لەگەڵ سایەق شاحینەیەکی تورکیا ـ یۆنان مۆربکا!

لە چاوەکانی دیارە سەری بە فەتارەت دەچێ.

**نوح:**

لە ئینتەرنێت خوێندمەوە.. پاپۆڕێکی قاچاغ

لەبەر کەش رێی هەڵە کردوە.

لە ریپۆرتاژێکی bbc یش دیتم

پسپۆرێکی کەش دەیوت: ئەو کەشتییە سەرەتا ڕووەو

ئەوروپا لە رێدابوو .. کەچی لافاو تێیهەڵداوە

مانگە دەستکردەکانیش نیشانیانداوە،

کە کاپتنەکەی لە کابینەیەکی بچووك رۆنیشتووە

توتن و حەشیش و عەرەقی قاچاغی داناوە و

دەقەی جارێکیش لە ئاسمان دەڕوانێ و دەڵێ:

ئەی خودا کەی کۆترەکان دەگەن؟

**ئیبراهیم:**

له کۆمبۆنێکی دژ به وەرگرتنی پەناهەندە

ئەوروپا ڕوخسەتی ئاخافتنی وەرگرت

وەك لەهی قامکەکانی هەڵشەقاند و

به دیالێکتی گەوارەو تۆف هاتە دوان:

نابێ به هیچ شێوەیەك ئیبراهیم

پێ بنێتە سەر خاکی ئەو کیشوەرە

ئەو ئامادەبێ کوڕەکەی بکاتە قوربانی

دەبێ چ کارەساتێ به بەرژەوەندی ئەوروپا بگەیەنێ.

**لووت:**

له ئاقاری شار و له دوورەوە

خانوویێکی دوومەتر دووجای بەکرێ گرتووە

لەگەڵ ئەفریقییێك

ناندین و تەوالێتێکی هاوبەشیان هەیە

بڕیاری داوە

واز له خزمەکانی بێنێ و ئیدی

لەگەڵ سریلانکی و مەنگۆلی ئازەری کۆنتاکت بکا.

**یەعقوب:**

**ناوی تۆمار کردبوو ببێتە پۆلیسی کریمنیال**

**بۆ ئەوەی سۆراخێکی یوسف بکا..**

**چونکە هاولاتییێکی ئەڵمان نەبوو**

**غەمگینەی بەو پیریە لە پۆست تەعین کرا.**

**یوسف:**

**سوپاس بۆ یەزدانی مەزن،**

**کە دەرفەتی ئەوروپام بۆ نەڕەخسا**

**گەرنا.. مەسرەفی هێنان و ژنهێنانی**

**ئەو هەموو ئەستێرە خائینەم دەکەوتە ئەستۆ.**

**شوعەیب:**

**دوای ئینتەرڤیو بە هۆی کێسەکەیەوە ئاشکرابوو،**

**کە ئەو بەرپرسیارە**

**لەو هەموو جینۆسایدەی**

**کە لە هەردوو شاری**

**ـ ئەیکەت ـ و ـ ئەرزی معان ـ رویاندابوو**

**بۆیە پۆلیسی نێودەوڵەتی**

**بریاری داوە بیداتە مەحکەمەی ـ لاهای ـ.**

**ئەیوب:**

پێم گوتی: تۆ ملیۆنێربووی چیت دابوو
له غوربەت؟
دیاربوو سوپاسی خوای دەکرد و
رازی بوو بە رەفزەکەی
ئای شای سابیران
ئەوەتەی دێتەوە بیرم هەر لە کەمپی
تا ئێستە مافی پەناهەندەیت نەساندوە،
چونکە خۆت بە عەرەب نەنووسیوە.
ئەو رۆژە دکتۆر پێی گوتبوو:
توشی نەخۆشییێکی درێژ خایەن هاتووی
دەبێ سەبر بگری.

**موســـــا:**

لە یەکێ لە مێزگرتە زانستیەکانی
کەناڵێکی ئاسمانی ئیسرائیلی گوێم لێبوو:
بیرۆکەی داهێنانی مۆبایل بۆ موسا دەگەرێتەوە.
کەچی ئەو رۆژە
لە قومارخانەیەکی تورکان توشی هاتم
مۆبایلی بە ڕەش دەکڕی و دەفرۆشت.

**یونس:**

**ئەو هەشبەسەرە بەدبەختە**

**5000 $ دابووە نەهەنگێك**

**تا بە ڕەش بیگەیەنێتە ئەورووپا**

**کە دابەزی دیتی دەگەی لێدرایە.**

**داود:**

**ـ سابغ شائیع ـ ی بە غەدر لە ـ ئۆریا ـ رفاند**

**بە ناچاری پەناهەندە بوو ..**

**بە هۆی زۆر هزرین لەو زوڵمە**

**تووشی نەخۆشی گریان هات**

**تا ئێستەش فرمێسکەکانی دەکاتە نەوا و**

**گۆرانی بۆ وڵات دەچڕێ.**

**سلێمان:**

**چووم سەردانێکی بەبەغا بکەم لە باخچەی ئاژەڵان**

**لەبەر دەرگا سلێمانم دیت..**

**سەرسپی .. ڕدێن هاتی .. هیلاك**

**دیاربوو لە ڕێگادا ئەنگوستیلەکەی کەوتبووە دەریا و**

**زمانیشی نەدەزانی**

**بۆیە بلیتی چونە ژورەوەی دەفرۆشت.**

**زەکەریا:**

ئەوەی وەك ئەو قوڕبەسەرەی لە وڵات

حەز بە ئازادی دەروون و شکاندنی دیواری

پیرۆزی بازنە و

مافەکانی ژن بکا

دەچن لە نێو درەختێکدا دوو لەتی دەکەن.

**مەریەم:**

لەبەر بەڕێوبەرایەتی باج ( finanzamt )

بانگەشەی هاوسەرگیریی ناکا.

**عیسا:**

ئێوارانی شەممە، بە پایسکلێکی دزیاری

لە باڕەکاندا دەسووڕێتەوە

بە رەش گوڵی رەنگاوڕەنگ بە 50 سەنت

دەفرۆشێتە عاشقان

ئەوڕۆ لە رۆژنامەیەك خوێندمەوە

لێرە بەدواوە

لە شەوانی شەممە و یەکشەمەدا

گروپێ پۆلیس بە خاچێکەوە بەدوایدا دەگەڕێن.

**یەکێك وەکو قاسیدی نێردراوی .....:**

**وای بۆچووبوون لە جیاتی فرمێسکی ناکامیی**

**لە ئەوروپا ژن دەبارێ**

**دوای ئازمایشێکی کیسەڵئاسای قاسید**

**لە کۆتاییدا بەو شێوەیە**

**وەڵامی سەرۆکی دایەوە**

**جەنابی سەرۆك: سەڵاوی غوربەت**

**لای خۆمان ژن باشتر دەبارێ..**

**ئەگەرچی من بریارمداوە**

**لێرە بە پەناهەندەی بمێنمەوە**

**بەڵام تۆ نەکەی بیری هەندەران بکەیتەوە**

**چونکە مەرگ خۆشترە لە غوربەت.**

**دوای چەند رۆژێ فتوای کوشتنی قاسید**

**لە سەرۆکەوە دەرچوو.**

## 256 لە بیۆگرافیای پەپوولەدا

بە هەر فێڵێك بێ، لەگەڵ فریشتەکەی
سەرشانی چەپت ڕێککدەکەوین
بە ترامواى ژمارە 2 بمانگەیەنێتە
وێستگەی finken strasse.
کە لەوێ دابەزین، لە شەقامی هێرفۆرد
لەبەردەم خانووی ژمارە 265 دەتوەستێنم
لەوێندەر ڕێگات دەدەم باسکەکانت بکەیتە سەوڵ و
بە بەلەمی ڕۆژژمێرەوە بگەڕێیتەوە نێو ڕووباری مێژوو
لەوێندەر لێدەگەڕێم، لەگەڵ فیلمی زاکیرەتدا پیاسەیێ
بە نێو کۆڵانەکانی گەڕەکی منداڵیتدا بکەیت
لەوێندەر بە دڵمەستیی ڕاکشێ و
بە ئازادیی یاداشتی سینەت بخوێنەوە
کە تەواو بووی، جارێکیدی لە 265 وە بڕوانە
سوێندت بە زاکیرە و بە شەوێکی کەسك و
سوێندت بە مێژوویێکی ڕووت، بە خوا:
کێبوو یەکەمین جار
لیمۆی ئەسمەری سەر سینەتی بە لێوەکانی هەڵمژی ؟

L

_1_

مالّەکەم تێکدەنێم..

ئەو مانگەی دادێ دەچمە لای سلێمان

وەکو برا بەیەکەوە کرێی شوقە دەدەین و

وەکو براش شەمموان بە یەکەوە لە Aldi بازاڕ دەکەین.

مالّەکەم تێکدەنێم..

ئەو مانگەی دادێ دەچمە لای سلێمان

ئەو بڕیاری دایە دوای گەڕانەوەی لە کار

کەمێ یارمەتیم بدا لە گرامەر

چونکە دەمەوێ دوای چەند مانگێکیدی

بە لەهجەی کوکوختی و

بە زمانی بلبل و

بە قاسپەی کەو

شیعرێکت بۆ بنوسم.

_2_

لەویٚ لە دووری دوورەوە
لەویٚندەر
لە هەولیٚرەوە
ویٚنەیەکتم پیٚگەیشت
دوای چەند چرکەییٚك
لە بەر بەسەماتی لیٚوەکانم نەمدەناسیتەوە.

_3_

گوناحی ئاو نییە
لەهی و پیٚلیٚ ریٚگانادەن
نەورەسیٚ بگاتە کەنار..
رەنگە گوناحی ئاسمانیش نەبیٚ
شەونمیٚ ناگاتە شەوبۆ
ئایە دەبیٚ خاك پیٚی ناخۆش نەبیٚ
بوقعەیەکی زیٚڕینی خۆی لە دەستدا؟

# نسیی ژێر زگی فیلك

وەكو دەنك دەنكی تەسبیحەكەی
دەستی كارگەیەكی ئاسن لە ئەوروپا
رێچكە دەگرن.. هزرڤانی ئایندە و ئەزەل
لە زستان و
سەرمای زستان و
هەڵچوونی پارچە پارچەكانی بەفر دەترسن.
رەنگە لات سەیر بێ
كە دنكە گەنمی لە قەبارەی خۆیان مەزنتر
د..ە..گ..و..ا..ز..ن..ە..و..ە....
هەندێ لە مێرووولەكان
ردێنیان بەرداوەتەوە و
تەفسیری نۆژەنیان هەیە بۆ سورەت و
هەندێكیدی بە ستیانێكەوە لە جامخانەكاندا
هەندێكیدی بە ـ تانگە ـ یەكەوە
لە باوەشی ئیرۆسەكاندا
بۆ گوزەر و بژێو دەخەبتن.

ئای ئەوە چ تێکقژقژانێکە لە شاری مێروولان؟
هەندێ لە مێروولەکان..
لەسەر قەروێلە ئاوییەکان، کاسی شەرابیان فڕ دەکەن و
سەما بۆ قاسەو ئاڵتون و مەمکی ژنە جوانەکانیان دەکەن.
هەندێکیدی لە بن سێبەری دیواری مزگەفت
ژمارەی کۆتایی سەلاٌواتەکانیان
دەکەنە کۆدی نهێنی کرانەوەی - رەییان -.
هەندێ لە مێروولەکان
رۆژنامە دەخوێننەوە و بڕواشیان پێنییە
سیاسەت دەخوێننەوە و بڕواشیان پێنییە
سەیری هەواڵکانی تەلەڤزیۆن دەکەن و بڕواشیان پێنییە
هەندێکیدی لە باسکەکانین
رەسمی دووپشك و تیروکەوانیان کوتایە و
بڕوایان وایە دەتوانن سواری فیلیش بن.

ئای ئەوە چ هەڵلاٌیێکە لە شاری مێروولان؟
منی مێروولەش
ئا.. منی مێروولەش
لەنێو دەفتەری شیعرەکانم بە سەرخۆشی راکشاوم
چاوێکم لە مێروولەیەکی بچووکترە و
چاوێکیشم دەنگێکی بەرز واگای دێنێتەوە و

وابزانم عیزرائیله دەقیڕێنێ

هەواڵێ بۆ شاری مێروولان:

هەواڵێ بۆ شاری مێروولان:

ئەی مێرووله گوناح و غافڵەکان

ئەوەی شارەکەتان تاری دەکا

هەور نییه.. گەواره نییه.. زستان نییه..

شالأوی له ناکاوی لافاویش نییه..

ئەی مێرووله غەمگین و سەرمەستەکان..

ئەو سێبەرەی باڵی بە سەرتانا کێشاوە

نسێی بن زگی فێلێکه خوا ناوی ناوه زەمەن

پێڕادەگەم و پێڕاناگەم سەرم بڵندکەم.. نازانم ؟

ئەو فیلەی که خوا ناوی ناوه زەمەن

پێیەکی بڵند دەکا و

شار دەکاتە گروپێ لە شوێنەواری

بچووك

بچووك

بچووك

بچووك.

# تێلیکۆمینیکاتسیۆن
# له دڵی زەردی وڵاتێکی سپیدا

_1_

**تەلیکۆم**

**هەر لە پێناوی ئەوەی بە دەنگ**
**گەڵاّ و رەگی سنەوبەریّ**
**لەوپەڕی کوچەیەکی سانفرانسیسکۆوە ئاودەیت**
**هەر لە پێناوی ئەوەی دڵێکی بە ئاسنکراو**
**بدەیتە دەستەکانی رووبارێکی گەرم**
**هەر بۆ خاتری ئەوەی**
**گوێت لە ترپە ترپ و**
**نەوای نەرمی بەژنی بارانیّ بیّ لە هەولێرەوە**
**دەبیّ ژمارەی حیسابی بانکی تەلیکۆم بدەیتە سۆسیال.**

_2_

$O_2$

**کارەسات لێرەوە سەرهەڵدەدا**

**لەبەر تۆ**

**خەریکە ناوی دایکیشم**

**لە لیستی زاکیرەمدا رەشبکەمەوە و**

**هەر لێرەوە تا مەریخ غاردەم.**

_3_

Gez

**ساڵێکی تەواو، شاعیرێك و**

**رەخنەگرێکی پۆست مۆدێرن**

**لەبەر نەبوونی tv و رادیۆو رێکۆردەر**

**سەرلەنوێ سەرقاڵی ختمکردنی نالی بوون**

**کەچی لە کۆتاییدا ـ نالی ـ یان خستە نێو کتێبخانە**

**هەر بۆ ئەوەی gez نەیانخاتە زیندان بە دوای کاردا گەڕان.**

_4_

# Internet

**شەوێ بە سەرخۆشیی هەوەس بتبزوێنێ و**

**Chat لە گەڵ چەند سۆزانییێك بكەیت**

**دوای سێ ئینزار دێن**

**لە بڕی شەش سەد ئۆیرۆ**

**كۆمپیوتەرەكەت دەبەن.**

## Lotto لە ئێوارەیەکی شەممەدا
## Lotto لە ئێوارەیەکی چوارشەممەدا

A

ئەگەر خۆری زەمەن نەیویست چیدی بە پەلبەستی
لەسەر کورسی تاریکی و نێو ژووورە قفڵدراوەکەی چەقبەستبێ
ئەگەر شەو ڕێگایدا شاعیرێ ببێتە رۆژ و
لە ئێوارەکی ماندووی شەممە یان چوارشەممەدا
9 ملیۆن ئۆیرۆی لۆ دەرچێ
لە دەستپێکدا، بەر لە هەموو شتێ
مزگەوتێکی لە هی جەلیل خەیات گرانتر
منارەکانی بڵندتر
قوببەکانی خڕتر
پانتاییەکەی فراوانتر
زەخرەفەکانی رەنگینتر
سیاجەکانی نەخشنیتر لە هەولێر دروست دەکا
بە کوفی لەسەر قەوسی دەروازەکانی دەنووسێ:
تایبەت بە ژنان.

**تا پەڕەسێلکە باڵکوژراوەکان**

**بە فێڵی نوێژی جەماعی**

**تاوێ بە مردوویەتی**

**قەفەز جێبێڵن و**

**هەندێ بە زیندوویەتی**

**ژێر ئاسمانی سەوزی ژیان ببینن.**

B

**گوێم لێبوو شاعیرە رۆژ پەرستەکەدەیگوت:**

**ئەگەر خوا کردیی و**

**لە ئێوارەیەکی چوارشەممەدا**

**4 ملیۆن $ م لۆ دەرچوو**

**4 مەلەوانگەی وەکو**

**H2o ی شاری هێرفۆرد**

**یان ـ ئیشخارە ـ ی شاری بیلەفێلد**

**لە ماڵتا و**

**بەحرکە و**

**بەکرەجۆ و**

**رەحیماوە، دەکەمەوە و**

**بە پیتی گەورە لەسەر دەروازەکانیان دەنووسم:**

**تایبەتە بە خێزان.**

C

**رۆژی شەممەبوو**

**شاعیرە رەشبینەکە بە تەلەفۆن پێیگوتم:**

**دنیایە .. بەشکو**

16 **ملیۆن** $ **ت لۆ دەرچێ**

**پەیمان**

**لە هەر چوار شاری کوردستاندا**

**چوار هۆڵی کریستاڵی**

**وەکو هۆڵەکەی** tong & guy **ی پاریس**

**بۆ نمایشی مۆدە دەکەمەوە**

**چواردە دیزاینەری ئیتاڵی و**

**چل و چوار خانمی لبنانی دێنم و**

**لە هەر چوار وەرزدا**

**نمایشیان پێدەکەم و**

**لەسەر دەروازەی هۆڵەکانیش دەنووسم:**

**نمایشی مۆدە تایبەتە بەو پیاوانەی**

**کە تا ئێستە ژنەکانیان موحجەبەن.**

D

دیارە شاعیرە بەدبەختەکە واز ناهێنێ

ئەوەتەیە هەمدیس

لە kaufhof لۆتۆ دەکا

کە منی دیت گوتی:

گەر لە ئێوارەیەکی شەممەدا

6 ملیۆن $ م لۆ دەرچێ

شازدە کنایپە

لە شازدە شارۆچکە دەکەمەوە

بە پیتی لاتینیش لەسەر دەروازەکانیان دەنووسم:

کنایپەی ژنان.

E

چوارشەممەیەك لە پارك ڕاکشابووین

بەو شاعیرە سەرکێشەم گوت:

هەواڵی lotto چییە؟

ئەگەر ئەوڕۆ شەنسێکی بچووك بمگرێ و

9 سەد هەزار $ م لۆ دەرچێ

ئەوا مارکێتێکی بچووکی عەرەقفرۆشی دادەنێم و

تا دەشمرم شیعر دەنووسم.

F

**غوربەتە و**

**لە تۆ زیاتر کەسێ نییە بیدوێنم**

**بەو شاعیرە خەفەتبارەم گوت:**

**ئەگەر هەر lottoات کردو بۆت دەرنەچوو؟**

**لە وەلاَمدا گوتی:**

**خۆ ئەگەر وەکو ئێستەیش**

**لە ئێوارەکانی شەممە و چوارشەممەدا**

**هەر lottoم کردو شانسم نەبوو**

**ئەو کاتە وەکو ئێستا دەژیم و**

**ئەوا.. شیعرێکیشم قازانج کرد.**

## یاداشتی پیاوێکی مۆدێرن

لە ناو جەرگەی ئەوروپادا
دووشەممە:
وەك با سەرگەرمە.. دەڕوا
دەچێتە نێو غوبار و بزمار و
بۆ ماوەی نیو رۆژی تەواو
لەسەر دۆشەکی ئاگر ڕادەکشێ
ئامانج: هەوڵی دیتنی خەون دەدات.

سێشەممە:
خێراتر ماسولکەکان ماندوو دەکا
غوباری زیاتر هەڵدەلوشێ و
دەیەوێ خەونەکان بکاتە حەقیقەت.

چوارشەممە:
لە گوماندا هەڵدەکا..

پێنج شەممە:
کاری فەرمانگەکان و
لەسەرووی هەموشیانەوە
کاری فەرمانگەی کار جێبەجێ دەکا.

هەینی:
لەبەر هیلاکیی
نەك هەر لە خەونەکان
بەڵکو لە خۆشی بێزارە.

شەممە:
- بەیانیەکەی -
ئەو داهاتەی کە لە دووشەممەوە
دەستی کەوتووە
لە بازارێکدا خەرجی دەکا.
- ئێوارەکەی -
تا حەدەدی مردن دەخواتەوە.

یەکشەممە:

بەسەری کاس و

چاوی خومارەوە

لە ژیان دەڕوانێ

ورد ورد دەبێتەوە

دەزانێت ئەو مامانە هەر ناگا

دەزانێ ئەو خۆرە هەر هەڵنایێ

خەونەکانیش لە دایکبوونیان مەحاڵە

بۆیە دەست دەکاتە

قەڵەم و

شیعرێك بۆ ئەو

کۆمێدیایە دەنووسێ.

## هاوکێشە

نایشارمەوە
قومێك تووتن
بۆ حەسانەوەی گیان
لە هەموو شتێ پیرۆزترە.

لە تەمەندا
من خۆمم
هەر خۆشم دەمێنمەوە
تۆ و ئەویش و ئێوەش.

حەز بەشاردنەوەی ئەو راستییە ناکەم
ژیان کورتە چیرۆکێکی عەبوسە و
لە پێناوی بەرژەوەندی هاتۆتە ئافەریدە

بەرژەوەندی نێوانی ژن و پیاو
نێوانی دایك و کوڕ و
باوك و کچ.

نایشارمەوە

من و

تۆ و

ئەو و

ئێمە و

ئێوە و

ئەوان

هەموومان بەداوای بەرژەوەندیدا سەرگەردانین

ئای ژیان

چەند زوو دێیت و دەچیت

کەسیش لە ئێمە

لەو هاوکێشانەدا تێناگەین.. شاعیر نەبێ!

## زەمەن

وەکو ئەوەی خوا پێیگوتبم
دەزانم
هەموو شتێ لە ئەزەلدا
بە شانسەوە پەیوەستە
بەر لە هەموو شتێ عەشق.

هەیە سەهۆڵدۆست
هەشە لە جوانییدا بۆتە نێرگز
کەچی یەکەمیان لە ترۆپك و
دووەمیشیان لە بنار
ئای زەمەن بۆچی ئەوەندە غەدداری!؟

# ڕۆژ

بێشەرم.. بێشەرم
بۆ گۆم و زەلکاوان میکیاج دەکەی
لە ژیانیشتدا
مێروولەیەکی عاقڵت نەناسیوە

ئای زاڵم.

# له چاوەڕوانی لیلۆسدا

بۆ: خوناو و ئاکۆ

ئەی ئاسمانی سۆر
PGO643
ئەو فڕۆکە میهردۆستە دەبووا
کاتژمێر 20: 21
له نزیك حەشیشخانەیەکی هانۆڤەرەوە
بە هێوری بێتەوە باوەشی زەمین.

من و جگەرە و تەزین و خوا
من و دووکەڵ و
شەختە و
خاك
هەموومان بە یەك دەنگ دەمانپرسی:
ئەستێرەی بەخت و
سەرزەمینی خەون کوا؟
من بە کزییەوە
لەودیو جامێکی زیباوە
لەو موسافیرانە رادەمام

کە بێدرپدونگی
وەك کۆتری سپی دەهاتن و
دەکەوتنە ئامبازی
ئەو موحیبانەی لە هێڤین.

من رادەمێنم لیلۆس دەرناکەویٚ
من هەر رادەمێنم و هەر دەرناکەویٚ

چریکاندم
دە دەرکەوە
ئەی بەهەشتی لاف و تاڤ

کاتیٚ بە تەماشاییێکی بریندارەوە
لە دەرەزێکی ئەودیو
لە پشت جامێکی زیباوە
سەرم بەرزکرد
دیتم
کتێبی نوێژ
باخی فرمێسکە وردەکان
شازادەی نیسان

**خۆیان و**

**گرووپێ پۆلیس و**

**ئەشك و تەماشا دەرکەوتن**

**ئەوان بە کزییەوە لێمیان روانی و**

**منیش نەمتوانی بۆ جارێ**

**بیانگرمە باوەشم و**

**تێر.. تێر.. تێر.. تێر ماچیانکەم**

**منیش ناچاربووم بە ناچاری**

**روو لە دۆزەخ بگەرێمەوە.**

## 14 ی فێبریوەری

دەرگای غەمگینیماڵەکت بە توورەیی و نازێکەوە
لە دوای خۆت دادەخەیت و بێ ئاوردانەوە دڕۆیت.
لە ڕێگادا ئەوەی کە خۆت ناوت ناوە
زەمەنی زێڕین و
هەوای ئازادیی و
کوخی تەنیایی
دەیانخەیتە نێو تای تەرازووەوە.
ئەوەندەی بیر لە قەفەزی نازێڕین دەکەیتەوە
تا لە پڕێکدا خۆت لە چایخانەکەی
FEILENSTRASSE دا دەدزۆیتەوە
پاش کەمێ دەست و چاو و کارت و عەقڵت شەڕیانە
بە دزییەوە لە خوا دەخوازی جۆکەرت بۆ بێ
قومێکی قووڵ لە جگەرەی لالێوت دەدەیت و
داوا لە کوڕە کرمانجەکە دەکەی چاییێکت بۆ بێنێ
کە ئاوڕێکی ئەودیو جامی چایەخانەکەی
FEILENSTRASSE دەدەیتەوە .. دەبینی:
گوڵی سوور و
ماچی سوور و
ڕۆحی سوور و دەگۆردرێتەوە.

تۆ بە حەپەساوییەوە

لە برادەرە کۆنکانچیەکانت دەپرسی:

چیبووە؟ ئەورۆ چ رویداوە؟

یەکێکیان: ها شایب، کورە سەیان تێبەردە

گوایە ئەورۆ رۆژی خۆشەویستی جیهانییە.

تۆ نەختێ رادەمینێی

قومێکی قووڵتر لە جگەرەکەی لالێوت دەدەیت

ئای هەی.. چەند سەیرە!

لە رۆژی خۆشەویستی جیهانیدا

قسەت لەگەڵ ژنەکەی خۆتدا نەبێ!

## ماچە گرانبەهاکانی SIMONA

لە نزیك بەهەشت لە ناو فارگۆنی زەمەن
حۆرییێك هێدی هێدی
تەنکە کراسی رەشی سەر مەمکەکانی لادەبا.

لێیدەپرسم:
حەزت بە بەزاندنی سنووری رەنگە؟
دەخوازی لە سەر کاشانی نەخشینی ـ با ـ دا راکشێی؟

ئەو گوتی: من خزمێکی نزیکی درەوشانەوەم
لە ماڵی مانگ و بەفر پێڵوەکانم لێکترازاندووە
دەتانم وەکو ژیانیش
دەنگی خۆم سیا بنوێنم.

گوتم: با پرۆتۆکۆڵی خۆشەویستی ببەستین.
گوتی: جارێ وەرە
کافتریا سپییەکانی ئەو دەڤەرەت نیشاندەم
ئەوان دەشێن جارێ ببن بە لۆکە و
جارێکیش بە تەزین.

**من ئومێدەواربووم**

**کە شەوێکی بەفرین و هەورین**

**بیکەمە گۆرانییێکی لاڵ و**

**لای شەقامەکەی چایکۆفسکی رایخەم**

**خۆشم ببم بە شەوستان و باران و وەرین.**

**لە کافتریا سپییەکانی ئەو کیشوەرە رەشەدا**

**لە دەسپێکدا**

**کۆنیاک و**

**کافێ و**

**راکی داوا دەکرێ**

**خواو زەمین حیکایەت دەکرێ**

**لێرە ماچ و نووستن و**

**لە کۆتایشدا حەقی شتەکان داوادەکرێ**

**ئای SIMONA ماچت چەند گرانە؟**

## ژیان لەسەر قەروێڵەی یەکشەممەدا

عەسرێکی تەمبەڵ
ژیان لەسەرزەمینی یەکشەممەیەکی کەڕدا
لە کونجێکیماڵە سارد و سڕەکەیدا
بە کپی لەسەر قەروێڵەی وەڕسیدا پاڵکەوتبوو
هەندێ لە منداڵەکانی بە دیار tv
لەبەر دیالۆگی پاڵەوانەکانی زنجیرەیەکی مەکسیکی
رۆندکیان دادەباراند
بەشێکیدیان لەبەر ئەلکحولی دوێنێ شەو
هێشتا هەر خومار بوون.
منیش بە هێوری دەنك دەنکی
گوڵەبەڕۆژەی رۆژژمێر دەقرتێنم و
گوێ لە ترپە ترپی سستی دڵی دەگرم.
عەسرێکی پێخواس
کە ژیانم لەسەرزەمینی یەکشەممەیەکی بێ خوێن
وا بە پەرپوتی لە ماڵە سارد و سڕەکەیدا دیت
لێمپرسی:
ئەرێ زۆرت ماوە بمری؟

# بەشی دووەم

# ئەو پاڵەوانەی لە فیلمی رابردوودا هەڵم دەدوورێتەوە

# قومارکردن لەسەر بانقی شیعر

برۆی کەوان و
بیڤلی تیر و
لاپەڕەی نیشان و
بارانی گۆرانی بردنەوە دەبیستن و
نایانەوێ بە بوومەلەرزەی پێکانێ بڕوابێنن،
کە بە سینەی سەوزی بازەوە لە دەروازەی
ئەو قومارخانەی ژیانە دەدەیت و
بە بلیبێکی کوپەوە دەرچەی
بانقی شیعر لێدەدەی.

باوەڕ ناکەم لە دەستی تۆ بێ،
کە تەلاری حەرف دەبینن و
بە بلاجکتۆری وشە و خۆری رستە باوەڕنایێنن.

ئەوان ناقوسی ـ دێر ـ ی پەنجەکانی ـ با ـ دەبینن و
نایەوێ بڕوا بێنن کە دەستت قەتارێکی قەرەجە..
دەڕوا..

بزمارێکی سۆر سۆر
له قونپانی شیعر ڕادەکێشێ و
به پلاستەری هەناسه،
ئەو دەرەزەی خنکانه دادەپۆشێ.
دووکەڵی ڕەشوڕووتی ڕامان دەبینن و نایانەوێ بڕوابێنن،
تەحەددی ڕێککەوت دەبینن و
نایانەوێ بڕوابێنن که تۆ به داری زیبا،
تۆپی ژماره هەشتی بلیارد به چاوچوقانێکەوه
بەرەو کونەکانی سەرکەوتن ڕادەماڵی.

خۆخی ڤیان و شەربەتی شیعر دەبینن و
ڕوانی نەمامەکانی حەرف و
ژیان دەبینن و نایانەوێ..
ئا.. نایانەوێ بڕوابێنن که تۆ
شروبێ به ڕەنگی پەلکەزێرینه
دەخەیته نێو قورگی حەرف و
فەزاحەتی گۆتنەوه دەسووتێتی.

تۆ دەبینن و تۆ نابینن و نایانەوێ تۆ ببینن
که تۆ بەلفەی قوماربازه دۆڕاوەکان
دەدەیتەوه دەستی ژنه مێرد قڕغەکان.

# پێشەنگاکانی خەزەڵ

بۆ دانا

پێدەچێ لەو بازرەقەی
خۆڵ و خزین و وەرینە
سفرەی ژیانم بۆ نەکرێتە
جوتێ پرتەقاڵی بە سود
بۆ درەوشانەوەی کەڤاڵی ئایندە
ئای کە زووتر
دڵنیا بووم لە کاتی گەیشتنی پەیامی ـ با ..

پێدەچێ ئەو ئێوارەیەم بۆ نەکرێتەوە
نەخشەی ورێنە و
ئەسرینیش بە زەخرەفەی
گەمە ئاگراوییەکانی هزرین لە هیچ
ئای کە زووتر
لەگەڵ ـ کامۆ ـ دا
لە ئوتۆبێلێکدا دەمردین و
بلیتی شەمەندەفەریشمان لە گیرفاندا بوو.

ئەو ئێوارە..
کوانێ پەنجەرەکانی کۆشکی زاکیرە
دەمەوێ بچمە
نێو سینەی شەقیوی ئەو پێغەمبەرانەی
فێری کەلێنەکانی نێو سەردابی حەرفیان کردم.

لەوە دەچێ ئەو ئێوارەیە
فریشتەکانی سەر کانیی شیعر نەبینمەوە
تا ئەدرێسی مەرگیان لێوەرگرم و
بە برا ئازیزەکەم بڵێم:
کوڕی باش شەوت پڕ لە پەپوولە و بۆنی بەیبون
خەونەکانیش روو لە ئاوابوونن.

پێدەچی لە وەرینی ئەستێرەکانی ئەو ئاسمانی بەهرەیە
نێوانی زستان و هاوینم بۆ نەکرێتە
قەروێڵەیەك لە حەرفی جەربەزە و
رۆحی ئەو هەورە رەشانەی فەناش بە نەورەس.

پێدەچێ ئەو ئێوارەیە بۆ ئیکسیر نەلوێ
لە زناری ئەو برینە زیوینییەوەدا
کەڤرێ بکاتە پۆلێ باڵندەی غەجر
تا شیعرێ بۆ ئایندەیەکی زیبا بقاسپێنێ.

ئەو ئێوارەیە
دەمەوێ بچمە نێو پەنجەکانی بیابان و
ببم بە حیکایەتخوانی ـ لم ـ
تا بە دڵمەستی و سەربەستی و سەرمەستی
بە برا خۆشەویستەکەم بڵێم:
شەوت پڕ لە حۆری و یاقوت
خەونەکانیش روو لە غروبن.

ئەو ئێوارەیە
لەوە دەچێ بەر لە کوژانەوەی خۆر
سیناریۆی مورادم بۆ نەکرێتە کلیپ
ئای کە زووتر
بە برینم دەگوت: تەماشای ئاسۆکە
تا ساتێ لە ژێر سێبەری دارگێلاسی
بەردەم ڤێلەکەی حەقیقەتدا بحەسێیتەوە.

ئەو ئێوارەیە
پێناچێ بتوانم
دەرفەتێ بۆ سامالێ بڕەخسێنم و
بە مانگی بەهرە بڵێم:
ترافیکی شیعر سەوزە.. بدرەوشێ.
ئیدی نەخشێ بە هێشووبێ وشە
لەسەر ستیانی لۆکەیی ئایندە بنەخشێنە.

ئەو ئێوارەیە
لە چاوە مۆنەکانی دیارە
رووخسەت لە سەردابێ وەردەگرێ
لە زەمینی لماوی لەپەکانییەوە بمچێنێ
تابێ نەنگی و شەرم و
بەوپەڕی جددییەتەوە بقیرێنم:
ئەی برا جوانەکەم
شەوشاد
خەونەکانیش روو لە عەدەمن.

لەو ئێوارەیە سامناکەدا
پێدەچێ غاقە غاقی باڵندانم
بۆ نەکرێتە وشە و
مەراقی خەونەکانیش بە گۆڕانی
تا بە شانازیەوە بە سێبەر بڵێم: وەرە.

ئەو ئێوارەیە رەنگە سێبەری خۆم
لای تاریکیی جێبێڵم و
بە مانگ بڵێم:
دەخیلت بم چاوێکت لە شەو بێ.
ئەو ئێوارەیە
دەچمە سەر لوتکەی بورجی سەرخۆشی
ژیان دەخەمە نێو بتڵی عەرەق و
ژیان دەخەمە نێو تابووتی لەپەکانم و
دەیدەمە دەستی براکەم و پێی دەڵێم:
ئەی خەوندۆست
ئەی عەقڵانیترین شیعر و
ئەی ژیاندۆست
شەو شاد خەونەکانیش
روو لە فەنابوونن.

# له ناو لیسی ژنه راوچییه‌كه‌دا

له‌و رۆژه‌وه‌ی هاتم
گلاسێك ئاوی كانیله‌ی ترس و
بتلێك به‌هره‌ی نێچیربوونت پێدام.

وا لێم دیاره
به گلێنه‌كانی - با -
هه‌موو كوچه‌یه‌كی بیۆگرافیای خۆمم لێ دیاره
مه‌لاس و مت
وه‌كو كۆترێكی په‌ڕه‌مووچه به‌ربلاو
له‌ناو لیسی ژنه راوچییه‌كاندام.

ئای خودای پیرۆز
پێم نالێی
بۆچی ئه‌وه‌نده راوكراوم؟

## لم خۆشناوێ

بە دارجگەرەی گوڵەگەنم
تاریکیی دەنگی زەوی دەکێشم
پێدەچێ دەستە ئاچۆغەکانی حوسێن
لە نێو مەمکی دەرپەڕیو دەرپەڕیوی
ئاگرێکی عەلەوی بە کرێ وەرگرم و
تاوێ لە ژێر هەوری هاوکێشەکان، شینی پێبگێرم
تا هاوین بزانێ من لم خۆشناوێ.
چەند برینێك لە مەسیح دەڕفێنم
بە فنجانێ تراویلکە
فاڵێ بۆ پەنجەکانم دەگرمەوە
تا ببن بە قەفەز
چونکە ئومێدم وایە
ئەوڕۆ لە بولێڵ
دوای دزینی پێیەکانی شەپۆل
لە باڵندەیەك بگەیەنم
ئاسمانێکی چۆل
هیچ سودێکی نیە بۆ فڕین.

حەربەکەی قابیل رادەکێشم و

ڕێگاییێکی قەرەباڵغ

بە پێوە ئیغتیساب دەکەم

تا نەختێ بیری ڕەنگێکی چۆڵ بکاتەوە

بێ بلیت

سواری شەمەندەفەری سەهۆڵ دەبم و

دەچمەوە لای خۆڵ

بەڵام بەر لەوە

هەوڵدەدەم

زەمەنێك لە پەلکەزێرینە بڕفێنم و

بە عومر بڵێم: بەسەرچووی.

## سروودەکانی تاڤی

لە مەغریبێکی شەکەت و ناوەختی ئۆسنینگ شتراسە
یەکەمین شت تۆ گوتت:
وەکو دووکەڵی منارەکانی ئەو ئیمپراتۆریەتی ئاسنە
رووەو ئاسمانێکی ئازاد هەڵکشا و هەڵوەشایەوە
تەونی گوتارە مەعریفیەکانی عەقڵ

مانگێك، دوومانگ
سێ
چوار
پێنج
شەش
حەفت
بەسە ئیدی
با سۆنەری ئەکادیمیانەی هزر
یەقینییەکانی بداتە دەستی دڵەڕاوکێی قەدەر و خوداوەند
خودایمن ..چ.. لە گوتارە پیرۆزەکانت پیرۆزترە؟

باشم لە یادە

لە ئێوارەیەکی شەکەت و ناوەختەی ئۆسنینگ شتراس
عەقڵ دەیگوت:
من بێگومانم لە ماتماتیکی رۆژژمێر و
دەمی هاتنی تاووس و ژیان
ئاخر من باشتر لە زمانی مێژوو تێدەگەم.
تۆ گوتت:
حەز بەقیرە و هات و هاواری قورگم ناکەم.
حەزناکەم بە شەپۆرەی سەهۆڵ
چرای دڵی رووبارێ بتەمرێنم..
نەبادا شیعرێکی دی
لەو مەغریبە کڕوزاوەی وجودە نێتە ئافەریدە.
(بتەنێ جارەکێ دێکەمە قێڕی
دا بزانن ئەزا هاتم).

تا بزانن من لەناو دەستوورێکی یاخیبوو
لە سەنتەری پلانێکی دەستکرد
بە ڕووبارم گوت:
من بۆ هەوڵدانی شیعرێکی سەوزتر هاتووم.

ئەو ئێوارەیە ناخۆشەی ـ ئۆسنینگ شتڕاسە ـ
تۆ گوتت:
ئەز هاتم
تا بە قسەکارێکی خوا بڵێم:
لە جیاتی لەهی تاڤبە
لە جیاتی داخ، باخ و
لە جیاتی سەرابیش ژیان.

من هاتووم سترانێکی رۆشەن بۆ رەشاتی
چاوانی رووبار بچڕم و بۆ رۆژژمێر بڵێم:
تۆش گوێ مەدەرە پلانە زەردەکانی سەفەر.

لە مەغریبێکی هیلاك و ناوەختەی ـ ئۆسنینگ شتڕاسە ـ
دووەمین شت تۆ گوتت:
چیدی کەتەلۆگی قەدەر هەڵمەدە باوەشی عەقڵ
بێگومان دێتەوە بیرت زەمەنت دایە هزر و
بە خۆرت گوت: چاوەڕێبە تا بەیان دێ
بەیان و خۆری چی ئەی خودا؟
دەستت درێژکە بۆ ئەو کەتەلۆگە و
لە قولایی رۆحتەوە هاوارکە: ببورە ئەی خودای پیرۆز
نەمزانی قاسپاندنی کەوی چارەنووس پیرۆزترە .

لە ئێوارەیەکی وەستیاو و ناوەختەی ـ ئۆسنینگ شتراسە ـ
حەفت جار هەیڤ لە قەروێڵەی رەحمدا.. زیاتر نا
یەك جار هاوار لە ژێر سەقفێکی چۆڵدا.. زیاتر نا
حەفت دەقە ئومێدی مان لە بن باسکی کۆمەڵێ
خوداوەندی بچووك.. زیاتر نا
(ئای هەی.. با Dr.Megdelina سەردانی
کۆرسی فێربوونی چارەنووسی ژیان بکا و..
هەندێ فێری زمانی چرکە بێ و زیاتر .. نا)

لە مەغریبێکی پڕ لە تۆفان و ناوەختەی ـ ئۆسنیگ شتراسە ـ
سێیەمین جار تۆ گوتت: دەزانی بۆ هێشتم 112 هەڵبژێری؟
تا لە ڕژانی خوێن و
سڕینەوەی خوێن و
چریکەی لاڵی قیبلەیێ تێبگەی.

دەزانی بۆ وا زوو گوتم:
ژمارەی تەلەفۆنی ماڵی رۆحێکی تووڕە لێدە؟
تا چیدی بەسەر مەلە مات و کزەکاندا نەچریکێنی
لە ساماڵدا باران موستەحیلە و ژیان درێژە و
بەشی هەموو شتێ دەکا.

**لەمەغریبێکی ڕەنگزەرد و ناوەختەی ـ ئۆسنینگ شتراسە ـ**

**تۆ بە کراسێکی مۆری گولگولێنەوە**

**پەپوولەی ئێسکەکانت دەیانچریکاند:**

**گیانی من**

**دوای ئەزموونی حەفت مانگەی**

**خوێن و ڕەحم و هەناسەی پرسیار بۆم ئاشکرابوو**

**زۆر زۆرن ئەو ترۆپکانەی لە بنار تێناگەن.**

**لە مەغریبێکی تەڕ و ناوەختەی ـ ئۆسنینگ شتراسە ـ**

**تۆ گوتت:**

**خوا پێی گوتم**

**کە چوویتە لای پێلێ**

**بە برادەرە ئازیزەکانی بڵێ**

**ژیان.. ژیان شیعرێکی سەرخۆش و هێمنە و هیچیدی نا.**

**لە مەغریبێکی سەرسام و ناوەختەی ـ ئۆسنینگ شتراسە ـ**

**مانگێ گوتی سروود دەڵێم:**

یەکەمین سروود

ئەو سرووده ئەرژەنگە بوو کە بۆ هزر خوێندی.

دەزانی لە نیشتنەوەی لەهی

کۆترەکانی خوا شارەزاترن لە کەشناسێك؟

دووەمین سروود

ئەو سرووده سامناکە بوو کە بۆ مەعریفە خوێندی

دەزانی روانینی ـ با ـ جوانترە؟

سێیەمین سروود

ئەو سرووده بوو کە بۆ ژیان خوێندی

دەزانی کەس لە نهێنییەکانی وجود تێناگا؟

لە مەغریبێکی پڕ لە وڕێنە و

ناوەختەی ـ ئۆسنینگ شتراسە ـ تۆ گوتت:

بڕوا نایێنم بە پلانی دەستەواژەکانی مەعریفە

چونکە هزر مەلێکی بێباڵە

لە ئاست پەڕەمووچەی باڵەکانی چارەنووس.

ئای قەدەر زوو یا درەنگ

تۆی بە هەور دەڵێی: دابارە.

ئیدی لێرەوە فێربووم

خوا پێی وایە

چارەنووس پیرۆزترە

تاڤی تاڤی

تـاڤی تـاڤــی تـاڤــی تـاڤی

تاڤی تاڤی تاڤی تـاڤــی تـاڤی

تاڤی تاڤی تاڤی

تاڤی تاڤی

تاڤی

.

هێشتا ناوم نەناوی تاڤی

بمری یا بژی

سوپاس بۆ سروودەکانت.

25.07.2004

# ساماڵ نامدوێنیٚ

دەمەویٚ بە سانایی بڵێم:
شەو گلەیی لە مانگ هەیە
چونکە پێی وایە
درەوشانەوە
مشتەری تارمایی دەڕفێنیٚ.

خۆر
دەرفەتی مێزگردێکی ئاشکرا نادا
لەگەڵ شەو
چونکە دەزانیٚ
زەمەن ئاوابوون هەڵدەبژێریٚ
ساماڵیش قەد حەز بە دیمانەی من ناکا
چونکە زۆر لەمێژە
لە خەڵوز و
خەزەڵ و
تراویلکەی زانیوە
من غوبارم خۆشتردەویٚ.

## دەنکە هەنارە تەزیوەکان

سیمای هەر خۆڵاوی
بەر لە غەزەبی نیشتیمانی ئاشووری دەکرد
یونس.. یونس..
ئەو شەوە
من و تۆ و دوو ڕەنگاڵەی برۆنزی
من و تۆ و دوو خەون
دوو مەرجان
دوو بەهرە
بە سوراحییێکی کریستاڵی پڕ لە ڕاکی و
چەند شیشێ لە کەبابی ڤیان
دەستنوێژی نوێژی سەمامان هەڵگرد
ئەی پێکی مێواندۆست
تۆ نەبای
تاڤی عومر خاچێ بوو تاریك
بە دەستی شەو

**تۆ نەبای**

**ئای کە تۆ نەبای**

**ئەنقەرە شەقامێ بوو**

**پڕ لە وەرینی گەلاّکانی زەمەن..**

**پێکێ بوو لە دەنکە هەناری تەزیو**

**ئاه.. جەنگیز: سەرقافڵەی مێواندۆستی و**

**ساباتی ڕۆح**

**ئەی دوو دەست لە دوعا و سامالّ.**

# توركیا گۆڕێك بۆ پەنجەكانی سەحەر

تژی بوو بە ڕۆندكی مەراق و برین و مەرگ
ئەو فنجانەی كە بە زناكی بەخت نەخشێنرابوو
ڕەنگە جوگرافیایێ لە دووكەڵ ڕێگە نەدا
غروری قامكەكان لای واری سامالْ بالاْ بگرێ.

مێژوویێكیش كە هەر لە كۆنەوە دەستگیرانی ئاگرە
سوراحی ژیان پڕ دەكا لە شەڕابی چاوەڕوانیی

پرسیار:
دەبێ گوناحی ئەو نەورەسانە چی بێ؟

بەس تەنها دەرگەیێ بكرێتەوە..
ئەم نەشێین جارێكیدی
لەو تاوەری تۆفانە..
كاژەڵەمان تەسلیمی ئاسنەكانی
ئەو نەخشەی خنكانە بكەینەوە.
بێگومان نكارین جارێكیدی
لەو شەقامی پڕووكان و دارستانی فیلە

**به حەرفی باران**

**چەند هەنگێ هەڵدەینە ئامێزی باخچە.**

**گەر ئەو جارە بە پێی خواسەوە بتوانین**

**چەند دنکە هەتاوێك**

**لەو حەقلی درِك و شووشەیە کۆکەینەوە**

**گومانناکەم بۆ تەنها**

**جارێکیش بۆ نێو تاریکایی تونێڵی رۆحتدا رەتبین**

**تورکیا.. تورکیا.. ئەی بوقعەی ئاگرین.**

# باڵندەیەکی ڕێڕەو رووبار

لە دەستنووسی ئۆرگینالی خوا دەچوون
جووت کێروشکی سەرخۆشی سەرسینەت
ئەوان خویانگرتبوو بە مارکێتی دەوم
منیش ناچار زمانێ لە گێزەر و
سەبەتەیەك گەززەی تەزویر و
گروپێك ددانی لە سلیکۆنم دەدانێ
کە خۆری ژینەژان ئاوا دەبوو
بابڕی هەموو شتێکی ڕەش

لە دەستنوسی ئۆرگینالی خوا دەچوون
جووت ڕەنگاڵەی دلمەستی سەرسینەت
ئەوان خویانگرتبوو
بە قەفەزی نێو میترۆی لەپەکانم
منیش ناچار هەفتەی چەند جارێ
کۆڵەپشتێ پەنجەی قاچاخ و
ئۆقیانوسێ کووشینی رەشم دەدانێ
کە گڕی دەمار دەمرکایەوە
قەینا بابمرێ سەربەستی.

**له دەستنوسی ئۆرگینالی خوا دەچوون**

**جووت کانیلەی لێلاّوی سەرسینەت**

**باڵندەی رێرەو ـ با ـ**

**ڕووباری مەمك کارەسات.. ڕەشتاڵە**

**انا**

**لله**

**وانا**

**اليه**

**راجعون.**

## کەڤاڵ و کەوێڵ و کەڤاڵڤان

زۆر لەمێژە لەگەڵ ڕەنگێکدا تەبام
بۆیە دەشێم بە هەوەسی خۆم
بەنێو تابلۆکانی ئەو کیشوەرەدا بێم و بچم
وەك گوتم:
ئەوەندە
بە کۆلانەکانی ئەو کیشوەرەدا پەرشبوویمە
هەتا بارانیش باوەڕ ناکا
کەچی تا ئێستا
کەڤاڵڤانێکم نەناسیووە وەکو تۆ کارابێ
کەڤاڵی کەرنەڤاڵی
گروپێ هێلکە و
تەونێکی عەنکەبووت
وا ئەندازیارانە
لە بەردەمی ئەشکەوتی تەمەن بنەخشێنێ!

# ڤیزە

بەیانیان کە پەنجەکانی هەور ڕامدەچەڵەکێنێ
تاوێ بە چاوانی ـ لم ـ ەوە
لە پەنجەرەی خەون ڕادەمێنێم
تەفسیرم نییە بۆ نوێژی غوبار
هەر زوو سیمام دەبێتە سێو و
تەماشاشم بە ڕافیدەین
بەیانیان بەر لەوەی بە لیفکەی نوێژ
پێستی لە وێسکی وئێسکی لە لیمۆ و
دەماری لە نیکۆتینی دوێنێ شەو
لە بەژنم داکەنم بەر لەوەی بە عەقلییەتی ئاگر
بۆچوونێکم هەبێ لەسەر ررۆژژمێری ـ ئاو ـ
جگەرەیەك لە پرسیار دادەگیرسێنم و
بە پێچکەکانی مامزێکی تێنوو
بە یەکە یەکەی پەیژەکانی تەمەوە دادەبەزم
بەیانیان وەك شەپۆڵ لەو سندوقەی پۆستە دەڕوانم
ئێ خودایە بەڵکو نامەیەکی باڵوێزخانەی ئەڵمانیای
لە ئەنقەرەوە بۆ هاتبێ؟

## ola له جیهانی دەرەوەی فڕۆکەخانەدا
## ola له دواترەمین نیگای ناو فڕۆکەخانەد

### تابلۆی یەکەم
### تایتل
### خۆشەویستیی

تێمە: چۆنییەتی گوزەراندن لە زیبادا

کات: پێش چاخی بەردین.. زەمەنی ماچ

رووداوەکان: بڕیاری پاراستنی نهێنییەکانمان داوە

شوێن: سەنتەری دڵ

گوڵزار و ڕووبار و خوناو

سەفاو ئیرۆتیك و هەتاو

پلەی گەرما: یەکسان بە پلەی گەرمای فیردەوس

کۆتای تابلۆی یەکەم.

## تابلۆی دووەم

## تایتل

## لێك .. دا .. بڕا .. ن

ئێمە: چۆنییەتی کوژانەوەی چرا

کات: دەمی دوای مۆدێرن

ڕووداو: دوا نیگا.. لە پشت کۆنترۆڵی

سالۆنەکەی ناو فڕۆکەخانەدا

شوێن: سەنتەری دڵ

سەهۆڵ و بەفر و تەزین

کڕوێوە و زریان و وەرین

پلەی گەرما: 101

کۆتای تابلۆی دووەم.

ئەنجام: لەو کاتەوە ( دڵ) مشتێك سەهۆڵە

پەرجوو: هێشتا شاعیرێکی (دڵ سەهۆڵ) لە ژیاندا ماوە.

# بەشی سێیەم:
# لەناو گراماتیکی
# چارەنووسدا.

## له سەر پشتی زەمینی مێژوودا

له بەردەم دیسکۆتێکەکان
لەناو قومارخانه ئەلیکترۆنییەکان
لەناو هۆڵی بلیارد و
لەسەر شۆستەی کۆڵانەکانی زەمەنێکی سەرمەست
دووکەڵی جگەرەی ئیرۆتیك و سەفام به ـ با ـ دەدا
کاتێ که بانگیان کردم
: هێی تۆ
دەزانی ڕێگای پیرۆزی خۆر لێرەوه دەست پێدەکا؟

دوو دەست له کرێم و زوهم و مەساج و ـ با ـ
له راموسانی مەمکەکانی هەور دەکێشمەوه
تەلاقنامەیەك به دەستخەتی گوڵەگەنم و
به ئیمزای سێو و به سەدای دەنگی تەرزه
دەدەمه دەستی حەوا و دەکێشمەوه.
لێرەوه، که دەچمه سەر دوگوردی بیابان و
نوێژێ بۆ ئێستەتیك دەکەم و
به ئیلهام دەڵێم: داباره، داباره، داباره
داباره.. ئەی هەناسەکانم.

# دەستوری هەور

گاڤێ کە لە سەنتەری دەریاچەیێ ستیان و
هەڵپە هەڵپی ڕاوکردنی زۆرترین پرتەقاڵ
لە ڕۆژانی شەممە و یەکشەممەدا
بارانێکی زێدە سەرخۆش
خۆی و بتڵێ سێو و
سەبەتەیەك تۆفان و
بەهەشتێك گوڵەگەنم و
دوو گیرفان لە عەبەس و
چەند گرامێك
لە تووتنی ئەوین و عاتیفە گەڕایەوە
فاکسێکی هەورین بە تاستاتۆری برووسك نووسرابوو
بە فلچەی تەم و بە حروفی بەفریش ڕەنگین کرابوو

تکایە

تکایە

تکایە

خۆت و جگەرەیەك

تژی جۆینج

بەڕکەکانتان پڕکەن لە کارتی قومار و

هزر و سەرخۆشی و

بەرەو هێلینی سەری سەوزی زامێك ڕێگابگرن

من دوای بزەیەك

لۆخۆشم نەمدەزانی

چۆن باوەڕ

دەستووری هەور بێنم؟

## ناسینی فیردەوس

مۆبایلەکەم لای واری لە یادچوونە جێهێشتبوو

هەینییێك کە بە مەبەستی لەگەڵ ژیان گەڕاینەوە ماڵ
Sms یێك بە دیالێکتی نزا جێهێڵرابوو

بە ژیانم گوت:
ئەی برادەر دەزانی هەواڵی چیم بۆ هاتووە؟

گوێم لێبوو ئەو گوتی: با گوێمان لێبێ

تکایە
تکایە
تکایە
ئەو سەفەرەی پرسیارە دوابخە
چونکە ئێمە
لە تاوەر و زەمینی وەڵامێکدا
بە دووربینی زەیتون
فیردەوسێکی پڕ لە بارانمان ناسیوە.

# وەڵامەکەی دووپشك

وەڵامێکی سادە لە دووپشکەوە:

ئاخر چۆن
لەو قەرویڵەی
ڤۆدگا و
لالنگی و
زەمزەمە بترازێم
کە ـ ڕاین ـ ی دنکە ترێ و
یەك بیلەفێلد
پرتەقاڵ و
جەستە و
وەفام لێخواردەوە؟

# عەشیرەتی ئاگر

پاش عەسرێکی درەنگ
هێشتا هەر لە ناوەندی کەنیسەی تاڤ و
مزگەوتی خوناودا هەڵمدەکرد
سەیرێکی گۆڤاری عەشیرەتی ئاگرم کرد
بە مانشێتێك وا هەڵکۆڵرابوو:

لێرە بە دواوە
دەبێ بە هێڵی ئەمانی میعراجەوە
بگەیتە ئەدرێسی ئەوساڵۆنەی
کە قەدەرێکی تەماوی خۆی تیا ئاریشدەکا.

## گوتارە بەناوبانگەکەی بێزمانێك

ئێستە بە دۆشداماوی ڕاوەستاوم

گوێم لە دیالۆگی دوو لاڵە سەبارەت بە وەفا
دوو کوێر وردە وردە chips دەخۆن و
تەماشای فیلمێکی پۆرنۆ دەکەن.
دوو کەڕ لەگەڵ گۆرانی
هەروا دەڕوا لەنجەی دەکا.. خەمبازی
سەری مەمکی گەمەی دەکا.. خەمبازی
دەنك دەنك دڵۆپە فرمێسکی سوور دادەڕژێنن
دوو بێ قاچەکە
واز لە سەمای سەر شەختە دێنن و دەگەڕێنەوە
شاعیرە بێدەستەکە
دواترەمین شیعری خۆشەویستی خۆی
بۆ دۆستەکەی لە یڕەسلاڤڵ دەنێرێ
ola ..............ola
من بڕیارمدا
لە نێوانی سیمای ونبوم لە پرسیار و

ئەو تنۆکە ئاگرانەی نیوەڕۆییێك

لە فڕۆکەخانەی فرانکفۆرتەوە

بەخشیمە عاتیفە

تکایە

تکایە

ئەی ماچی بزر:

- با - و

وەرز و

ڕەنگی پێڕەجم کە.

## ڕێنمایەکی لەجێ لە (مەحوی) یەوە

دەمـــــــێکە شاری

پڕ شۆری مەحەبەت

مــــات و خامۆشە

بە قانونی تەجەننون

شۆڕشێ ئینشا نەکەم

چ

ب

ك

ە

م

؟

# بازنەی قومار

Thyssen و

بێداریی و

خوا

پێیانگوتم:

قەینا بڕۆ نێو بازنەی ئاگرینی گەمە و عەبەس.

## ئیمێلەکەی حەوا

ئەو ڕۆژە حەوا لە ئیمێلێك
بۆ دەستە خوشکەکەی لە بیلەفێلد وای نووسیبوو:
نابێ ئەو فوراتە سەرمەستە
بە ڕێڕەوی هەڵمەوە
شۆڕبێتەوە نێو کەنداوی ترازانەوە
نەبادە وەك جارانی گۆڕین
لە پەراسووەکانی بتۆرێ و
جارێکیدی
لە نهۆمی کۆتایی ئەو باڵەخانە ـ با ـ دۆستەدا
ئارایشی ڕۆندك ڕۆندکی خەزان بکا و
نوقمی هێرشەکانی دوزکەڵ بێ.

# Bethel

پێمگوتی:

ئەگەر ئێوارەیەکی یەکشەممە

بەرزەبووم و

لەو پانتای ڤینە دیار نەمام

حەقی خۆتە

لە بانیۆی شەرمنی ماڵی غەریبان بپرسی

حەقی خۆتە

لە مارکێتێکی سەرابفرۆشی و

مشتەرییێکی عەبەسکرڕدا بپرسی

کوانی خۆری شەوانی

ئێف ئینگێلیشە کیرشە؟

## دارستانی ڕەنگ

پێم گوتی:
ماڵئاوا ئەی فریشتەی زمان
باخچەی وشەکانت لە گیرفانمە و
ئەکچێنتی دامان و ڕامانیش
لە کتێبخانەی عاتیفە.

ببورە گوناحی تۆیە نەتناسیم
من بەر لە دایك بوونم
مێرولەیەکی تەماویم و
لە ناوەڕاستی دارستانی ڕەنگدا هەڵدەکەم.

# مەریەمێك لە یەرەسلاڤڵەوە

پێم گوتی:

ئەگەر جارێك بۆ ئەبەد

بەرزەبووم دیار نەمام

ئەوا بزانە بە تۆمەتی

پەیوەندیە نهێنییە ئیرۆتیکییەکان

لە کونجێکی ئۆرشەلیم

لە نێو درەختێکدا

دوو لەتکراوم .

مەریەم

مەریەم

تکا دەکەم مەسیحی بیرەوەرییەکان

لە ڕۆحدا بپارێزی.

# ڕەوانبێژی ڕووبار

ئای کتێبی ڕۆژ
ئەگەر ئەو شەو
لە ڕەوانبێژی ڕووبارێکی سەرکێش
بە دووربویت و نەکرایتەوە
حەز دەکەم جگەرەیەك گراس
بۆ ئەو مۆرفیمە قفڵدراوانە داگیرسێنی
کە ڕۆژانێ
خۆمان بە فێنکی سینگیانەوە هەڵدەواسی.

ئای زەمەند
ئەگەر لەو زایزۆنە غەوارەیەدا
بوویتە بێروون و بە ددانی هەڵم
دیوانی زاکیرەت لێك .. ترا .. زاند و
هەر باران نەهات
ئەوا دەتوانی پێکێك
گۆزەیەك.... سوراحییك نەفرەت
بۆ ئەو شەمەندەفەرە قەرەجە فڕکەی
کە بڕیاری نەگیرسانی داوە لە وێستگەکان.

## تابلۆیێ بۆ ئاوابوون

ئاوڕدەوە دەبینی ڕێگاییێکی درێژ لە دواتەوە جێماوە
ئاوڕدەوە دەبینی وەرزێك بە راوی ەنگەوە مەستە و
ڕەنگیش بەڕاوی درەخت و
درەختیش بە راوی کەڤاڵڤان و
منیش بەڕاوی تۆ
ئاوڕدەوە... دەبینی
من تابلۆی ئاوابوون دەنووسمەوە
ئاوڕدەوە... دەبینی ڕێگاییێکی درێژ درێژ
بە قەد نێوانی شام و یەرەسلاڤڵ درێژ
لە دواتەوە بەجێماوە.

## له گیرفانی دووپشکەوە
## پۆلەتیکناسێك مەرحەبا

گوناحیش بێ قەینا..
بڕیارمداوە بتبەخشمە قەروێڵەی زاکیرە
هەوڵدەدەم زاکیرەش
لەنێو لەپەکانی مێژوو بخەوێنم.

گوناحیش بێ قەینا..
لێدەگەڕێم خەزەڵ ئیغتیسابی ئەپریل بکا و
چرۆش ببێتە قوربانی.

گوناحیش بێ قەینا..
لێدەگەڕێم لاپەڕەیەکی سپی تەمەن
بێتە ژێر فلچەی ڕۆماننوسێکی بێڕوودا.

By by forever
ئەی پۆلەتیکناسی گیرفانی دووپشك
ئەی فاتیحەی سەفا.

## شیعرێ بۆ چاوە کەسکەکانی یەرەسلاڤلێ

لەبەر نەبوونی ئیمێل بڕیارمدا
بە خەتی ئاو پۆستکارتێ
بە پۆستی هەڵم
ڕەوانەی لای بەهەشتێکی چاوەڕێ بکەم.
یەرەسلاڤلێ
یەرەسلاڤلێ
پەیمانبێ، بۆ خاتری چاوە کەسکەکانت
بۆ خاتری خیتابی مەمکەکانت
بۆ خاتری وەرینی دەسەڵاتی پەنجەکانت
ئەوڕۆ دوای سعات یازدەی شەو
بە دیالێکتی لم
شیعرێك بۆ غوبار دەنووسم.

یەرەسلاڤڵ

یەرەسلاڤڵ

سوێندم خواردووە بە حەرف

لەسەر دیواری

حکومەتی زاکیرە

لە پارکەکەی نزیك landgricht

لەسەر جامی پەنجەرەی دڵێکی برۆنز

بە فۆنەتیکی شەو

شیعرێ بۆ گزنگ بنووسم.

یەرەسلاڤڵ

یەرەسلاڤڵ

هەموو پلانەکانی سەور ماڵئاوا

جوگرافیای جەستەت

لە لایەن

ولاتە یەکگرتوەکانی گوناح

داگیرکرا.

ئەی مێژوویێ لە حەرف

حەرفێك لە گلەیی و

کارگەیێ بۆ بەرهەمهێنانی ئەشکی ئاگرین

هەموو شتێ ماڵئاوا.

# لاپەڕەكانی گورگ لە كاتی برسییەتی

"پیاسەیەك بە نێو مێژوودا، بە بۆنەی داخستنی یەكجارەكی لێكسیكۆنی ئەو مێیانەی زەمەنێك بە ڕێككەوت خوا كۆیكردینەوە".

A

سەدای ترس و
سەدای مەساجێكی نهێنیم گوێ لێیە
قابیل نەبووایە
دەبێ چ كارەساتێكت بە مەمكەكانت كردبووایە!؟

D

-1 -

تاقیگەی زەمەنم دێنێتەوە یاد.

-2 -

كیمیای ئایەتەكان و
شیعر و ئاین و ڕێگا و تاریكییم دێنێتەوە یاد
تاوسێ مەلەك نەبووایە
تا دەمردی پەیكەری گێزەرت لە ماڵ دادەنا.

- 3 -

کێ ناڵێ ئێستاش هەر وایە.

Q

ئاگام لە پەرژینی خواروخێچی بیابان بوو
بۆ شاهێدی بە بەهەشتم گوت:
حەیای سنوور ببە.

خزمێکی نزیکی Q
زمانی عەنکەبووت
لە حکومەتە هاوبەشە نهێنسیەکەی نێوانماندا
لە کۆتایی ساڵی 2001
بە ڕەسمی دانی پیانرا.

**(گرووپێك دەنگیدی كە پێویست بە نووسینیان ناكا)**

**دەزانم هەمووتان**

**لە شەمەندەفەرە سەرخۆشەكەی دنیای دەوم**

**لە ماركێتی پەنجەكانم**

**لە ئێوارەیەكی هاوینەی فیردەوس**

**لە عەسرێكی مەستی دۆزەخ**

**لە هەموو جێكاتێكدا**

**بە ئاشكرا دەخوازن**

**بگەنەوە**

**(ئەخز و عەتای) شاعیرێكی شكار**

**بەلأم من لە شام**

**بە ئازادی لای ئاوگستەوە ڕامگەیاند**

**كە پرچی بكاتە خاچێكی ئاگرین و**

**دانە دانەی ئەو حەرفانەیش بە مەسیح.**

## شام ئەی فاتیحەی چەرخ

بە میکرۆسکۆپی سۆز لە چارەنووسم دەڕوانم
لێم دیار بوو
مێروولەیەکی وەڕس
پێیەکانی کردۆتە هەور و
دەیەوێ لە شام دابەزێ

شام
و
شام
و
شام

ئەی پێکی عیشا
ئەی مێزی قومار.

## پەیماننامە تەزویرەکەی مانگ

کەوابێ
ئەی ئەتروحەی تریفە بۆ مانگ
ها ئەوەتانێ
دەفتەری لێوە سیاسییەکان
ئەوەتانێ
فۆنیمەکانی گوتاری
زمانی تیرۆر و مژین و تەمەننا
هێڤیدارم ئەو جارە
لە زەخرەفەکانی قەڵەمی
ئەهریمەنەوە بە دووربێ.
ئەوەتانێ
ها ئەوەتانێ پەیماننامەی
شەوێکی زستانەی ـ بێتل ـ
کە لەگەڵ خیابان و
گەڵا سپیەکانی دارستان و
پاسی ژمارە 122 مۆرمانکردبوو

**دە ها ئەوەتانێ**

**ئاگری قامکە سەوزەکان**

**کە شەوێکی بەفرین**

**لە ـ شپارن بورگ ـ**

**لای تەزین و**

**خزین و**

**ڤۆدگا لە یادمانکردبوو.**

**ئەوەتانێ باسکەکانت**

**لە یادتە لە سلڤستەر**

**هی ڕاستەمان دایە ڕاکی و**

**چەپەشمان کرد بە گەمەی ئاگرین**

**تا بە هەردووکیان**

**خێوەتی ئازادیی**

**بەسەر سەنتەری ماچماندا هەڵدەن.**

**چیت ماوە لام؟**

**ئا .. ئا .. لە یادم کردبوو**

**ها ئەوەتانێ**

**کلیلی مەمکەکانت**

**قیبلەکەی ـ با ـ**

**کەعبەی هەڵم**

**زەماوەندی غەجەران**

**کڕنۆش .. کڕنۆش**

**قوربانت بم..**

**نەیدەیتەوە سەراب.**

## دانان بە پرۆتۆكۆڵە ساختەكە

بەو دایكە خۆشحاڵە، ئومێدەوارەت بڵێ:
با چیتر لە بیبلۆتێكاكانی مۆسكۆ
بە دوای ئەو سەرچاوانەدا نەگەڕێ
كە لە تراژیدیای جوگرافیاییێكی حەیاچوو دەدوێن.
كەڤاڵ هەڵكۆڵراوەكانی دیوانی گیانت لە یەرەسلاڤل
بە هێمنی دابەزێنە.
دەرگا كراوەكانی دڵی ئەو پلكە رۆمانسییەت
لە ـ سان پترس بۆرگ ـ
بە سمنتی ڕەشبینییەوە داخە.
دڵ و تیرو ئاخی سەر مەمكە كریستالاویەكەی
ئەو خوشكە تاقانەیەت
لە سەنتەری هێڤی و مۆسكۆ و تەمەننا و .. هتد
بە ئاگری سڕینەوە بخوێنەوە .
ماڵئاوا.. ئەی باخچە چكۆلانەكەی زاكیرە
ئەی ماسی نێو دەریاچەی شەختە و
تاڤ و سیمفۆنیای شەوانەی جەنگەڵەكەی بێتل
باوەڕكە ئەز نەشێم چیدی
بە ڤۆدگا و پەیمانی تەزویر سەرخۆشت كەم.

# له نزیك مەرجه مەغریببێك لەگەڵ سەلاحەدین

بە حوکمی خزمایەتی

ئەو شەوە لە یانەی ڕۆژنامەنووسان

لەگەڵ سەلاحەدین و شێرکۆی مامی

چەند پێکێ گرانتسمان هەڵدا

کە سەرخۆش بووین،

ئەوان لەبەر نەبوونی ڕەگەزنامەی سوری

ماسکیان دانا و بە پێدزکێوە

بەرەو سەردابەکانی

کۆشکی ئەیوبییەکان کەوتنەڕێ

منیش بە سەرخۆشی بەرەو مەساکن بەرزە.

لە ڕێگادا لە بارەی خۆمەوە وا هزریم:

تۆ دوگوردێکی عاقڵ بووی بۆ باران
تا لە نوێژی عەقڵانی بارینداا
پانتایێ بۆ ڕوان بدۆزیتەوە.

ئێستا.. تۆ

ماتماتیکی قوماربازێکی گەڕۆکی
بۆ دۆزینەوەی چارەنووس

تەماشاکە.. تەماشا
چەند جوانە

تۆ.. ئێستا
لە حەقیقەتدا دەژی.

## ئاشكراكردنی ئەزموونەكانی ـ با ـ

کۆتر نەبووا.. چڵە زەیتون نەبووا و
کەشتیە گەورەکەی زمان نەبووا
کا کێ فێری لەبەرکردنی سروودی هەتاوی دەکردیت و
سێبەری مانگی بۆ ڕادەخستی؟

کوشتنی ناوەختەی ماسك و
بوژانەوەی لە جێی عومر نەبووایە
کا سەراب ڕێگای کەسکبوونی
لاولاوەکانی عومری دەدا؟

چ هەورێکی بە ئینساف بوو
ئەدرێسی سامانڵی دایتیّ و لێگەڕا
لەناو شەوێکی ڕۆناکدا ماچ بگۆڕیتەوە؟
دە پێمبڵێ لە کوێ هاتی؟
لە جوگرافیای چ مەوسیمێك باراندرای؟
کیهان مارکەی بۆن ڕەنگی کردی؟
چ سنوورێکی نوورانی بوو ڕێیدا
بێ ڤیزە بێیتە نێو هەرێمی دڵێکی ئاگرین؟

لە کێندەر هاتی؟
چ مێژوویێ بوو پێیگوتی:
ها ئەوەتانێ ئەزموونەکانی ـ با ـ
بەڵام فەرموو بۆ نێو دەریایێکی ڕەنگکراو
بە لیمۆ و یاقوت و سەما و وەفا؟

# شام ئەی مێزی قومار

لەبەردەم دەرگای بەهەشت بوەستەو ڕامینێ
لێرەوە دەتوانی بە پەیژەکانی پرسیار
بچیت سەرێ لە بیۆگرافیای هەور بدەیت و
لە دانە دانەی فرمێسکەکانی تێبگەی.
ئەگەر بە نهێنییەکانی بازێکی یاخیبووشت زانیوە
فەرموو ئەوەتەیە قفڵی دەرگاکانی گومان.

دەتوانی لە شیعریش بپرسی
من دەمێکە پێم گوتووە
ئەو حیکایەتی خواو زەمینت بۆ بکا.

شام
و
شام
و
شام
ئەی مێزی قومار
ئەی فاتیحەی چەرخ .

# بەشی چوارەم

# ڤیرایەر..

# ئەی پێکی بەد

هێشتا فریشتە ڕەنگاوڕەنگ و ڕەنگاڵەییەکانی خوداوەند
لەسەر قەروێڵە ئاوییەکانی سەحەر ڕاکشابوون و
بە دووربینی بارینیش
لە زەخرەفەکانی تەوێڵی نەخشینی
تۆیان نەڕوانی بوو.

هێشتا پێغەمبەرە ڕەنگاوڕەنگ و ڕەنگاڵەییەکانی خوداوەند
هەر بە ڕۆبی حەریری خەونەوە داپۆشرابوون و
لە ژێر دووشی سەفاییێکی عاری و
لە ژێر دڵۆپە ئاوی بریقەداری ساونەیەکی ئێستەتیکی
بە کەفی کازیوە و
بە شامپۆی زەمەنێکی نۆژەن خۆیان نەشۆریبوو.

هێشتا خوداوەندێکی ڕەنگاوڕەنگ و ڕەنگاڵەیی
پێڵوی زیوین و گلێنە سوورەکانی هەڵنەگڵوفیبوو
هێشتا بژۆڵەکانی بێ مەسکارە و چاوانیشی بێ کل

هێشتا و هێشتایش

خوداوەندێکی ڕەنگاوڕەنگ و ڕەنگاڵەیی

عیزرائیل و هاوڕێکانی بۆ (مهیمەی خاسە) نەناردبوو

کە لە دەسپێکی میلادی جەژنێکدا و

لە ڕۆژی لە دایکبوونی ڕۆژێکدا

شار حیلەی هات و

لەناو دەفتەری خوێندا ڕاکشا.

لە دەستپێکی هەیڤێکی سەرسام و

سامناك و پرسیارئامێزدا

یان لە سەحەرێکی

قژ ڕماو و دارِماو و قژ وەریوی ئەو ڕۆژەدا

لەناو کەڤاڵە غروباوییە، ئەشکاوییەکاندا

هەموو ڕەنگێکی خنکاوم دیت

زۆرکەڤاڵی ڕەنگاوڕەنگی ئاوابوونم دیت

یەکەمینجار:

ڕەنگەکانی نێو تابلۆی جەمەدانیەکەی منارەم دیت

بەسەر پشتی ئەسپێکی سەرمەست

بەرەو قەڵاتەوە لە ڕێدابوون.

دەنگەکانی نێو تابلۆی ئەبەنووسیی و خوێنینی
قەلاّتم دیت بەسەر پشتی کەشتییێکی ئومێد
بەرەو نێو قەدی ئەستێرەیێ لە رێدابوون.
لە پڕێکدا قەلاّت و منارەم دیت
لای ژیلەمۆی ئاگری تۆفان و زریانەوە
بە هێوری ڕاکشابوون و
بیریان لە سەربەرزی خۆیان دەکردەوە.

دووەمینجار:
گوتاری خواپەرستی زمانی بڕاوی خەتیبێك و
ئینجیلی لە خاچدراوی دەستی پڕ لە بزماری عیسا و
تەوراتە خنکاوەکەی گیرفانی موسا و
مەسحەفە ڕەشە تیرۆرکراوەکەی تاوسێ مەلەك و
شەقەی باڵی پۆلێ کۆتری پەڕ ئیغتیسابکراو و
جەرگی جەرگبڕاوی
گرووپێ بێوەژنی ناموراد و
چەپك چەپکی گولاڵە و هەلاڵە و
بەیبون و شەوبۆی
دەستی چەند بلبلێکی سپی سپی دڵخوماراوی بەریئو
قورئانە TNT لێبەستراوەکەی پێغەمبەری ئاخیر زەمانم دیت.

لە سەحەری ڕەنگاوڕەنگی ڕەنگاڵەیی ئەو ڕۆژەدا
لێم دیاربوو هەموویان وەك یەك دەپڕووکان و
ڕووەو بەهەشتی مێژوو لە ڕێدابوون.

وا گوێم لێیە..
لەو ڕێگا کریستاڵاویەی ئەزەلەدا دیالۆگیانە
وا گوێم لێیە..
لێرەوە
لە بناری زەردهەڵاتوو
لە زناری خەزان و
لەسەر دوندی غەوارەیی و
لەناو پێلێ و لافاو و
لەناو تووڕەیی لەهی برینەکانەوە.. گوێم لێیە

وا گوێم لێیە..
لێرەوە
لە ئامێزی جەنگەڵێ ئەبەنووس و
لە بێرێتەیی مەنفا و گۆشەگیری و زاکیرەیەکی کوژراو
لە کەناری پڕ لە زەڵەوزەنای
ئۆقیانۆسی غەریبیەوە.. گوێم لێیە..

گوێم لێیە..
گوێم لە حیلەی کەحێلێکە
لەناو ڕەنگدا بە نامورادی گەوزاوە.

گوێم لێیە..
گوێم لە فیغانی ڕۆحی دایکێکە لە کاتی پڕووکان
گوێم لە سەردولکەی لێوەکانی منارەیەکە لە کاتی وەفا و
گوێم لە ناڵە ناڵی قەڵاتێکی ڕوو لە ئاسمان و
سەروسیما خۆڵاوی و دۆشداماوە بۆ منداڵەکانی.

وا گوێم لێیە..
قەڵاتیکی ڕوو لە ئاسمان و دوژمن خەسێن
پیر و نەمر
عومر درێژ
درێژ بە قەد نێوانی خوێن و زیبا
درێژ بە قەد نێوانی پشکوتن و وەرین
درێژ بە قەد نێوانی ئەوین و ڕك
درێژ بە قەد نێوانی گزنگ و غروب
درێژ درێژ بە قەد نێوانی مەرگ و ژیان
بە خۆی و جگەرەی لالێویەوە
وەك و برووسك و سەفاو

گەوارەو درەوشانەوە و
سەدای دەنگی بەختەوەریی دەحیلێنێ و
بە منالّەکانی دەڵێ:

دەشێ قەڵاکەمان تێکبشکێنرێ
بەڵام هەرگیزاو هەرگیز نابەزێنرێ.

وا گوێم لێیە..
لە دوورەوە
منارەیەکی کەسك
بە قەدەر زناری قەڵا لە بەهاران کەسك
زەمزەمەیەکی غەمگین و
دڵۆپە فرمێسکی سوور و
حەیرانێکی ڕەشەسمەری بالاّزراڤ
بۆ سەرە ڕفێنراوەکەی سەڵاحەدین دەچڕێ.

وا گوێم لێیە..
لە دوورەوە گوێم لێیە
منارەیەکی موتەدەین
بە مەزهەبی ئاینی ئازادیی
تەفسیری نۆتەکانی نەوای بەرخودان دەنووسێتەوە.

وا گوێم لێیە..
کوچەی دڵمەست و
کۆلأنە تاریپۆشەکانی قەیسەری و باتە
بە زمانی کەو
شیعرێ بە گوێچکەی کەڕی مێژوودا دەقاسپێنن.

ئەی مێژوو
پێیانبڵێ
بەو (سەگە موفەخەخە) پۆستکراوانەی
عەدەن و قودس و مەککە و ئەولاتریش بڵێ
هەروا بە سانایی دەخوازن
چرای ئومێد و
خۆری ژیانی
ئەو هەولێری عەشق و سەفایە ڕوو لە کزی کەن؟

وا گوێم لێیە..
گوێم لە سیمفۆنیای بەهەشت و
گوێم لە چریکە چریکی چۆلەکەی ژانی
نێو منداڵدانی کەرنەڤاڵێکی ڕەنگاڵەیی
کەڤاڵەکانی عەشقە.

وا گوێم لێیە..
گوێم لە ترپە ترپی دڵی خاکێکە لە کاتی تیرۆر.
پێم دەڵێ:
بۆنی خاك و خۆڵی دوای نمە نمەی بارانی
بەهارانم بکە.

وا گوێم لێیە...
ئەزمەڕ و سەرچنار بە قورگی خوێنینەوە
بۆ سەری ڕفێنراوی پۆلێ ئەستێرەی سەوز و
مەتین و گارەش بە دەمامکێکی پڕ لە وەفاوە
بۆ باڵی بڕاوی گرووپێ نەورەسی زەرد و
سەفینیش بە دەنگێکی نوساوەوە
بۆ ئالآییێکی شەکاوەی چوار ڕەنگەوە
سروود و حەیران و لاوکی سەربڵندیی دەچڕن.

هەموویان بە یەکەوە
هیوادارم لە جیاتی فاتیحە
لە سەر گۆڕی ئەستێرە و نەورەس
سروودێ بۆ ئومێد و درەوشانەوە بخوێنن.

واگوێم لێیه..
سلێمانی/ سەفاگەی عەتر و سەما و نالی
بادینان/ کایەکانی وەفا
هەردووکیان
بە یەك دەنگ
بە یەك ڕەنگ
بە یەك ڕۆح
سروود و لاوك
بۆ گلێنە سەوزەکانی هەولێر دەخوێنن.

ئەی پایتەختی زەمین و ئاسمان
ئەی قەروێلە غەمگینەکەی سەفا و خۆر
دڵتەنگ مەبە
مەتۆرێ
تۆ ڕەحمێکی بۆ سەوز بوونەوەی
هەزارەها ئەستێرەی سەرمەست و
هەزارەها گوڵ و یاقوت و دوڕ و
هەزارەها نەورەس و بازی نیڤار.

له رۆژی له دایكبوونی 1 ی فێبرایەره وه
یان له سەحرێكی سووورباوی
خەفتباری ئەو ڕۆژەوە
سەدان كەڤاڵی ڕەنگاوڕەنگی ڕەنگاڵەیی تێكئاڵاوم دیت
له هەموو تابلۆكان گەورەتر
ئەو تابلۆیه بوو
كه خوا بۆ خۆی نەخشاندبووی
بۆ ڕێز لێنان
له قەڵەمی گەوره و
فڵچەی گەوره و
ڕەنگی عەجایب و
چوارچێوه گەورەكەی تابلۆی خوادا

هەولێر
كەڤاڵی جەژنی قوربانی
له سەر كۆشی پەیكەرەكەی ـ ابن المستوفی ـ دانا
من له دوورەوە
له ناو تابلۆكانی جەژنی قوربانی خوادا
كه لەسەر كۆشی
ـ ابن المستوفی ـ دانرابوو
ئەو تابلۆیانەم دیت

لێم دیار بوو
سەری فڕیوی ئیسماعیل و
قاچی پەڕیووی ئیبراهیم و
زمانی شکاوی تاوسیٚ مەلەك و
دارِمانی کەڤرەکانی سەور و
جەستەی کەرتکراوی زەکەریا و
شمشێری زوێڵ و زوێڵ بووی عەلی و
دەستی لەت لەتبووی کۆتر و
پەنجە وەریوەکانی شیعر و
شانی شەقار شەقار بووی گۆرانی و
باسکی پڕووکاوی ئاواز و
عەبای خەڵوزینی ئاسمان و
فرمێسکی خوێنینی خوا و
چوار پەلی سەگێکی موفەخەخ و
مرواری و مەرجان و ئەڵماسی
چاوەکانی هەولێرم لێدباربوو.

**لێم دیار بوو..**

**(الا تقاتلون الدین نکتوا ایمانهم)**

**لە گەڵ چەند سروودێکی دڵ پڕ لە تیری ئاڤێستا و**

**چەند مۆرفیمێکی کوژراوی نێو تەورات و**

**چەند لاپەڕەیەکی ئیغتیسابکراوی مەسحەفی ڕەش و**

**چەند دڵۆپە بزمار و**

**چەند تنۆکە فرمێسکی ئاسنین و**

**چەند کلوە ژان و برینی نێو ئینجیل و**

**باسکی زامداری هەولێرم لێدیار بوو**

**لێم دیار بوو**

**هەموویان تێکئاڵابوون**

**هەموویان وەك کرۆك و خاك تێکئاڵابوون**

**هەموویان وەك برین و خوێن**

**هەموویان وەك نیوە شەو و ئەستێرە تێکئاڵابوون**

**ئەوە چ تێکئاڵانێك بوو لەو زەمەندی عەشق و ژیانە ؟**

**لێم دیاربوو**

**هەموویان وەك ڕنینەوەی پرچی باران و خۆڵ**

**لە کاتی ئاوزینگدا تێکئاڵابوون**

ئیدی منیش لێرەوە

لە دەرسە تراژیدیەکانی

نێو تابلۆی جەژنی قوربانی خواوە

کە بۆ شانازی

لەسەر کۆشی ـ ابن المستوفی ـ دانرابوو

زۆر بە سانایی فێربووم

ئێستە ئێمە

ڕەش و سپی

هەمووومان تەنها سەرێکی تاقانەین بۆ بڕین

ئێستە ئێمە هەمووومان

مۆر و شین

تەنها گیانێکی تاقانەین بۆ وەرین.

لێم دیاربوو

پرچی فرمێسکین و خوێنین و ئەشکدۆستی

کۆلیژی پزیشکی و

پرچی وەریوی دایکی زەردەشت و

پەنجەی وەریو و

قەڵەمی وەریو و

دڵی وەریوی زەردەشت و

شیعرێکی تیرۆرکراوی مەهدی خۆشناوم لێ دیاربوو.

**لێم دیاربوو**

**ڕووباری خوێن ببوو**

**به کەرنەڤاڵی کەڤاڵە تراژیدییەکانی سوریال و**

**پەنجە و مەندیل و باسك و**

**عەبای خزمە نزیکەکانی خواش بە پڕۆتۆکۆڵی یەکبوون.**

**ئای ئەوە چ تێکڤژڤژانێکی ئاڵۆسکاوی**

**زریاناوی عەبەسدۆستە**

**لەو هەرێمە میواندۆستە؟**

**له ناو کەرنەڤاڵی تابلۆکەی خوادا**

**له ناو کەڤاڵی جەژنی قورباندا**

**له ناو ئەو تابلۆ گەورەیەی کە هەولێر بۆ شانازی**

**له سەر ڕانەکانی ـ ابن المستوفی ـ دانا بوو**

**چاوم لێبوو**

**جەژنی قوربان و**

**کەشیلەی حاجییێکی ئەیلول پەرست و**

**پیرەمێردێکی مۆدێرنی سۆسیال دیموکرات و**

**مەندیلی مەلایێکی حیزبی و**

**ئەتاکێت و خرخاڵی پێیە رووت و خرپنەکانی**

**(باتە) تێکئالاٌبوون.**

چاوم لێبوو

عەنکبووت و

سەبەتەیێ هێلکە و

کۆترێکی قەتیسماوی هەڵکورماو و

ڕیباتی ڕەشی بیلالی حەبەشی و

غەڵبە غەڵبی ناو سەور و

چاکەتی ئەبو سفیان و

پانتۆڕی ئەبو جەهل و

شەبقەکەی خالیدی کوڕی وەلید و

عەبا سووتاوەکەی مەلا عبداللە و

کەللە سەری پارچە پارچە بووی سەڵاحەدین تێکئاڵابوون.

وا لێم دیارە

پێڵاوی دڕاوی پینەکراوی بەختەوەریی و

تەسبیحی سەرمەدی بەرائەتم لێ دیارە.

**چی ماوە لێم دیار نەبێ**

**ئا.. فریشتەی سەر شانی چەپت و**

**فریشتەی سەر شانی ڕاستیشم لێ دیارە.**

**وا لێم دیارە**

**بە هەردووکیان**

**تەفسیری ئایەتەکانی خێر و شەڕیان پێ ناکرێ.**

**چاوم لێیە**

**چاوم لە تەوافی حاجیان**

**چاوم لە دیمۆستڕاتسیۆنی حاجیان و**

**چاوم لە سورەتی فاتیحە و**

**لە جەژنی قوربان و**

**لە**

**لبيك اللهم لبيك**

**لبيك اللهم لا شريك لك لبيك**

**ان الحمد والنعمه لك**

**والملك**

**لا شريك لك**

**و**

**چاوم لە خیشار خیشاربوونی ڕۆح و**

**مێژوویێکی وەستیاو و**

زاكیرەیەكی بە مەرگ مەحكومكراو و خەفەتبارە
هەموویان وەك باران و بەهار تێكئالاۆن
هەموویان وەك خاكی كوردان و پیرۆزیی تێكئالاۆن.

ئاخ و ئاخ و ئاخ
چاوم لێیە
هەولێر
شانی دەخاتە ژێر
دارەبازەی تراژیدیا و
بۆ ژیان پێدەكەنێ.

ئاخ و ئاخ و ئاخ
بۆ ئەو بستە خاكی بوێرییە
بۆ داستانەكانی
دەستی پیرۆزی
ئەو مەملەكەتی بوێرییە
بۆ خوانی پڕ لە دوڕی
ئەو واری خانەدانییە.

**هەولێر**

**لەو ڕۆژەدا**

**یان باشتر**

**لە سەحەری سووورباوی**

**جەژنی میلادی ئەو جەژنەدا**

**لە ڕۆژی لە دایکبوونەوەی ئیسماعیل و**

**لە ڕۆژی پەشیمانبوونەوەی ئیبراهیم**

**لە تیژکردنەوەی حەربەکەیدا و**

**لە ڕۆژی بەزەیی پێهاتنەوەی خوادا**

**سەگێکی موفەخەخی پۆستکراوی**

**دوورگە دۆگماکانی عەرەبم دیت**

**لە عەرعەرەوە تا لای تۆ حەپەیانبوو**

**قۆڵ و باسکی هەڵکراو**

**تەوێڵ شورا و بە خوێن و**

**پێ بسمیلکراو بە ئیسلام و**

**غوسلکراو بە ئاوی جەننەتی وەهم**

**ڕەنگ سیس و پیس و خەسیس و ڕەش**

**وەك نامورادی**

**مەرگدۆست و کینەدۆست و زوڵدۆست.**

هەولێر هۆ ولاتەکەی ئێستەتیك و ژیاندۆست
لەو ڕۆژەدا
یان باشتر لە سەحەری سووورباوی
جەژنی میلادی ئەو جەژنەدا
سەگێکم دیت
یان چەند سەگێکم دیت موفەخەخ
بە tnt عەبا ڕەشەکانی قوڕەیش سواخدراو
بە کەوسەری وەهمی بەهەشتی وەهم تێراوکراو
بە پێدزکێ و بە دزی خواکانی بەشەرییەت
بە ئاشکراو و بە ئاگاداری خواکانیانەوە
بە پاسەپۆڕتێکی مزەوەرەوە
بە پاسەپۆرت و ڤیزەیەکی ڕەسمییەوە
سنووری زێڕینی خاکتیان بەزاند
کە هاتنە ژووریێ لە جیاتی
زمزم و زەمزەمە و کەوسەر و
ئایەتێکی باشی خوا
تراژیاداتان پێوو

لە جیاتی عەتر ژەهر و
لە جیاتی ژیان مەرگتان پێبوو.

**لەو ڕۆژەوە**

**لە ڕۆژی مەراسیمی لە دایکبوونی 1 ی فێبرایەر**

**قەلاّت بە پشدێنی سووتاو و چاوی خوێنینەوە**

**منارە بە جەمەدانی پڕووکاو و دڵی گەرمینەوە**

**سەفین بە چاوی حەپەساو و سینگی بەفرینەوە**

**باتەش بە بەلەکی ئەڵماساوی ڕووت و پێی بەبرینەوە**

**گوتاری هاوبەشی خۆیان دەخوێندەوە**

**ئەی ئەستێرەی ڕژاو و**

**باڵی بڕاو و**

**سەری وەریو و**

**جەرگی دەرەزبردووی تەزیوو:**

**دڵنیابن**

**خواکەی ئێمە دەست لەسەرچۆك چاوەڕێی**

**چۆکی بەهێزتانە**

**دڵنیابن**

**خواکەی ئێمە دەست لەسەر دڵ**

**خواکەی ئێمە دەست لەسەر ڕۆح**

**چاوەڕێی ڕۆحی پاکیزەتانە**

**هەولێر**

**ئەی مەملەکەتی زەماوەندی زەمەند و**

**کایە سحراوییەکانی چرۆ**

**وەکو گۆڕین**

**بەپێی خواسەوە**

**بەسەر شووشە و بزمارەکانی زەمەندا**

**تێپەڕە و بڕۆ**

**ئەی دیوانی دڵسافی مۆرفیم و ڤیان**

**ئەی دواترەمین شیعری میواندۆست و ژیان**

**ئەی تۆفانی توڕە و یاخی سەرزەمینی زوڵم**

**ئەی فیردەوسی هێور**

**ئەی بێستانی ئیلهام و خوێنی دڵم.**

**لە بیرت نەچێ**

**تۆ لە درامای جەنگی**

**مردنی سەماو زیبادا بەرخودانی**

**تۆ لە زناری گرنج گرنجی زەمەن و**

**لە هەڵزنان و**

**لە گێرسانەوە لە حەلحەلە و ترۆپکدا سەرهەڵدانی**

**تۆ لە خەزاندا چرۆ و**

**تۆ لە ناوبریندا هەتوان و**

**تۆ لە لالێدا گوتار و**

**لە ناو مەرگدا ژیان و**

**لە ناو ژیانیشدا پێکێکی بۆ سەما..**

**هەولێر**

**هەولێر**

**تۆ لە ناو سەماشدا**

**خودایێکی ڕەنگاوڕەنگی ڕەنگاڵەی بۆ سەفا.**

**هەولێر**

**هەولێر**

**ئەی وڵاتی دایك**

**ئەی دایکی وڵات.**

# دەستپێکی

# دەستپێکێکی نوێ

2008

## دەستپێکی دەستپێکێکی نوێ

بۆ ئەوەی ژیانێکی نوێ دەستپێبکەم

دەبێ لەدەستپێکەوە دەستپێبکەم..

بۆ ئەوەی دەستپێکی ژیانێکی نوێ دەستپێبکەم

دەبێ لە پێناوی (رازیکردن) خۆشەویستی نەکەم.

نابێ لەپێناوی رازیکردن خۆشەویستی بکەم.

بۆ ئەوەی دەستپێکی دەستپێکێکی نوێ نوێ دەستپێبکەم

دەبێ تەنیا لە پێناو خۆشەویستی خۆشەویستی بکەم.

# بچووکەکە

بچووکەکە بریا هێندە گەورە نەبووام
تا بتتوانیایە جێگای
دڵی گەورەی من
لەنێو دڵە بچووکەکەتدا بکەیتەوە.

گەورەکەی من ئەی بچووکەکە
بۆچی شوێنێکی بچووك نادەیتە
دڵی گەورەی من
لەنێو دڵە بچووکەکەی خۆتدا؟

## رووبارەکانیش
## لەو سەرزەمینەدا پیاسە دەکەن

من دەڕۆم
باڵندەکانیش بۆ خۆیان وەکو جاران
لەو ئاسمانەدا مەلە دەکەن.

من دەڕۆم
رووبارەکانیش بۆ خۆیان وەکو جاران
لەو سەرزەمینەدا پیاسە دەکەن.

من دەڕۆم
کە رۆیشتم
تەنیا خۆم لەگەڵ خۆمدا دەبەم.
با باڵندەکانیش بۆ خۆیان وەکو جاران
لەو ئاسمانەدا مەلە بکەن
با رووبارەکانیش بۆ خۆیان وەکو جاران
لەو سەرزەمینەدا پیاسە بکەن.

## وەسیەت

- بۆچی 7 ملیار مەیمون بە حەماسەتەوە ریزیان گرتووە؟

+ گۆڕ بەشدەکرێ کوڕم.

- دایە؟

+ بەڵێ دایە..

ئەگەر نۆرەی من هات

لە جیاتی خۆڵ

ژن و شیعر و عەرەقم پێدادە.

# شيعر نا.. لێوەکانم

لە رۆژنامەیەکدا
شیعرێکی منت پێ جوان بوو.

من بە ژنێك
هەموو شیعرەکانی خۆمم بۆ ناردی.

شیعرەکانت خوێندەوە
شیعرەکانت خستە سەر مەمکەکانت

کە لە خەو هەستای
من شاعیرەکەم
لێت نزیکم.. نزیك نزیك
شیعر نا
بۆچی لێوەکانم ناخەیتە سەر مەمکەکانت؟

# کۆکی و ناکۆکی

پێدەچێ کۆکی ناخۆشتربێ لە ناکۆکی

یان ناکۆکی خۆشتربێ لە کۆکی

گەرنا بۆچی هەموو دنیا کۆکە لەسەر ناکۆکی؟

# 77 ساڵ

7ساڵە، تەنیا 7جار خیانەتم لە ژنەکەم کردووە.
بەڵام 7ساڵ بەر لەوەی ژن بێنم
بە 7 ساڵ خیانەتم لە 77 ژن کردبوو.
بۆیە ئێستا لە 7 سعاتدا
7ملیۆن جار گومان دەکەم
ئاخۆ لە ماوەی 77 ساڵدا
ژنەکەم تەنیا جارێ خیانەتم لێدەکا!؟

# شاعیری ڕەش

شاعیرێکی سپی لەنێوانی دوو ژووری ڕەشدا ئێرە و ئەوێ دەکا.
شاعیرێکی سپی لەنێو دوو ژووری ڕەشدا دانیشتووە.
شاعیرێکی سپی لەسەر دوو ئاوێنەی ڕەش
بە ڕەشی دەنووسێ: ڕەش ڕەش.

لەنێو دوو ژووری ڕەشدا
لەسەر دوو ئاوێنەی ڕەشدا
بەبەغاییێکی ڕەش بە قەڵەمێکی ڕەش
پۆرترێتی شاعیرێکی ڕەش دروست دەکا، ڕەش ڕەش.

## سەفەری مەیمونەکان

لە ئۆقیانۆسێکی قووڵێی دیاری ئەزەلیدا
ملیۆنەها مرۆڤ لە نێو کەشتی زەمەندا
ڕووەو خالێکی زانراو لە ڕێدان.

لە ئۆقیانۆسێکی قووڵێی دیاری ئەزەلیدا
ملیۆنەها مەیمون لە نێو کەشتی زەمەندا
نایانەوێ بزانن
بەرەو کوێ لە سەفەردان!

# لە ئاسمان مەڕوانە

ڕوو لە ئاسمان هەڵمەکشێ.
بۆ هەمیشەیی لە ئاسمان مەڕوانە
چونکە خوا لەناو خاکدایە.

من لەسەر خاکدا وەستاوم
بۆچی نایەی لێرە لەسەر خاک
لە ژێرم ڕاکشێی؟

# یەکتر بڕین

من ئەو ڕێگایە دەبڕم، یا ئەو ڕێگایە من؟

جا کوانێ کێشە!؟

گرنگ ئەوەیە بزانم

کە من و ئەو ڕێگایە

هەردووکمان زۆر بە خێرایی یەکتر دەبڕین.

# ڤێرتە شتراسە 144

دراوسێکەم لە قامیشێك دەچوو
کە ڕەشەبا فڕێیدابێتە ئۆقیانۆسەوە.

دراوسێکەم تابووتێکی قژ درێژی ئەڵمان بوو
ئێواران خۆی بە کێشانی حەشیش و
لێدانی تەپڵ و
سەمای سەر و ڕۆح
سەرخۆش دەکرد.
من و تۆیش بە بۆنی حەشیش و
دەنگی تەپڵ و هانکە هانکی بەر لە ئۆرگازموز.

دراوسێکەم ڕەشەبا بردی
تۆ گۆڕ
منیش تۆفان
ئێواران ئیدی کەسمان لێرە نین.

# ژن

بۆچی رۆژانە
هەزاران هەزار جار
مبرەد بە نینۆکە سەوزەکانت دانەهێنم
کە بشزانم هەموو پێغەمبەرە رەنگاوڕەنگەکان
لەنێو رەحمی سپی تۆوە هاتوون؟

ژن، ئەی لە هەموو پێغەمبەرەکان گەورەتر.

# لاشەکەم لێگەڕێن

**لە ژێر ئەو ئاسمانە بەرینەدا**

**هەموو شتەکان لەسەر یەکتری دەژین.**

**کە مردم لاشەکەم**

**لەسەر ئەو شەقامە لێگەڕێن**

**با بە تەنیا سەگەکان لەسەریدا بژین.**

# زمانی مەیمون

دەچمەوە دارستان.
هەموو وەرزەکان بە زمانی وەرز و
هەموو درەختەکانیش بە زمانی درەخت دەدوێن.

دەچمەوە دارستان.
هەموو باڵندەکان بە زمانی باڵندە و
هەموو – با – کانیش بە زمانی – با – دەدوێن.
هەر کەسەو بە زمانی خۆی دەدوێ لەو دارستانە
تەنیا مرۆڤ نەبێ
من نازانم بۆچی مرۆڤەکان
هێندەیان حەز لە زمانی مەیمونە؟

## وەسیەتنامەی دیلێك

مامزێکی ئاووس لەو کۆلانە رووتە بە رووتی پیاسە دەکا.
شێرێکی عاشق فرمێسکی سۆرتاریکی بۆ هەڵدەوەرێنێ.
شێرێکی بریندار لە پەنایێکدا
لە مامزێکی ئاوس دەڕوانێ و وەسییەت دەنووسێ:

- کە مردم لەسەر گۆڕەکەم بنووسن:
(ئەو شێرەی تا مرد، دیلی مامزێك بوو).

# مەڕۆ ئەویٚ

لە گەرماوەکە گلۆپ و مەڕمەڕ لێت دەڕوانن
مەڕۆ ئەویٚ.
لێرە سەر بۆ مانگ بەرزکەوە و
بە تریفە خۆت بشۆ
با نەك من تەنیا
بەڵکو هەموو ئەستێرەکانیش
ئەستێرەیێ ببینن کە بە تریفە خۆی دەشوا.

# هەمیشە دوو شت لەگەڵمن

من ناتوانم بە تەنیایی لاپەڕکان هەڵدەمەوە
هەمیشە دوو شت لەگەڵمن
جارێکیان تۆ کە هەرگیز لەگەڵم نیت
جارێکیشیان شیعر
کە من هەرگیز لەگەڵی نیم.

## تۆ کێیت..؟

با تۆ ناو بنێین جوانیی.
تۆیش ناوی من بنێ،
بەڕەڵلاَیێکی ژێر دەستی جوانیی.
یان ناوم بنێ عاشقێکی تێهەڵدراوی نێو جوانیی.
یان ناوم بنێ.....
چوزانم
حەز دەکەی ناوم بنێ سێبەری جوانیی.

دەی بۆچی دڵت بە گەرمی بۆ
بەڕەڵلاَیێکی ژێر دەستی جوانیی و
عاشقێکی تێهەڵدراوی نێو جوانیی و
سێبەری جوانیی لێنادا..؟

تۆ کێیت خودا..؟

# دڵنیابوون له دڵنیایی

بەنێو دڵنیایدا بەرەو دڵنیایی تێدەپەڕیت.
بە دڵنیاییەوە لەناو دڵنیاییدا رادەکشێیت.
منیش بەنێو دڵنیایدا، بەرەو گومان هەنگاو دەنێم.

تۆ بە دڵنیاییەوە لەناو دڵنیاییدا راکشاویت.
منیش بە دڵنیاییەوە دەڵێم:
هەرگیز دڵنیابوون لە دڵنیایی بوونی نییە.
بە دڵنیاییەوە راکشان لەناو دڵنیایدا بوونی نییە.

# له ته‌نیشت نادی

پیاوێ به سۆزەوه هاواردەکا ( تۆ گەورەی ئاسمان )..

( تۆ گەورەی ئاسمان )..

( تۆ گەورەی ئاسمان )..

من ڕادەمینێم و دەپرسم: تۆ گەورەی یا ئاسمان؟

# زەنوبیا

**گوتم: ئەی تەدموری پیر، کوان شانازییەکانی تۆ؟**

**بە بزەیەکەوە گوتی: زەنوبیا.**

**من زۆر پێکەنیم.**

**چونکە کە لە زبڵدانی دڵی خۆمم ڕوانی**

**پڕبوو لە زەنوبیا!**

## له پرسەکەمدا

له پرسەکەمدا
لەگەڵ ئاوازی مەستانە و
دەنگی پڕ لە سۆزی خوێنەرێك
کە سوورەتەکانی یوسف و ڕەحمان دەخوێنێ
قەینا دۆشدامینێن..
بڕۆنەوە ناو یادگە و بیرەوەرییەکانی خۆتان
بەڵام هەرگیز مەپرسن و مەڵێن:
_بۆچی مرد؟ هێشتا زوو بوو.
_مردن گۆرانییێکی حەزینە دەبێ هەموومان گوێی لێبگرین.
_دوێنێ بە مۆبایل لەگەڵی دوام، بەڵام پێی نەگوتم کە ئەوڕۆ دەمرێ!
_بەر لەوەی بمرێ بە تەنیا لە سەربان پیاسەی دەکرد، چونکە پێشبینی ڕژانی ئەستێرەیەکی دەکرد.
_دوای عەزابێکی کەم لە دۆزەخەوە دەیگوازنەوە بەهەشت.
_دەبێ ئەو شەوە مەلائیکەت چی بەسەر بێنن ؟
_کوڕێکی باش بوو، ڕۆمانیشی دەنووسی.
_پیاوێکی خراپ بوو، شەڕی بە شیعر دەفرۆشت.
_خانەدان بوو، بەڵام کحول کووشتی .

_هیچ نەبوو، بەڵام پیاو ناچارە بچێتە پرسەی سەگیش.
_ئەوەی من دەیزانم هیچ،
خوا بزانێ چەند شتی قۆڕتری کردیە.

لە پرسەکەمدا
لەگەڵ ئاوازی مەستانە و دەنگی پڕ لە سۆزی خوێنەرێك
کە سوورەتەکانی یوسف و ڕەحمان دەخوێنێ
قەینا دۆشدامینێن و
بڕۆنەوە ناو یادگە و بیرەوەرییەکانی خۆتان و
سەبارەت بە منیش تەنیا شتێکتان بێتەوە یاد و بڵێن:

ماشەڵڵا یادی بەخێر، چەند مەراقی ژن بوو!!؟

# درۆکردن لە پێناوی شیعر

شەوێك sms یێکی ئاسایی ئاوام
بە فۆنتی پێکەنین نووسی:
(مەرگەساتی پیاوەکان لێرەوەیە،
کە دەتوانن لەیەك کاتدا فرمێسك بۆ دوو ژن هەڵوەرێنن).

لە سەرەتادا نەمزانی، سەرەتا ئەو نامەیە بۆ کوێ بنێرم!
یەکەمینجار بۆ یەکەمین خۆشەویستی خۆمم نارد
کە دوای 120 ساڵ لە چاوەڕوانیی
بۆ یەکەمین جار بە پلان
لە پێش مارکێتێکی میکیاجفرۆشی دۆزیمەوە.
دووەمینجار بۆ دووەمین خۆشەویستی خۆمم نارد
کە دوای 12 ساڵ لە چاوەڕوانیی
12 هەزار خەونی شینی بچووکم لێی کووشت و
لێگەڕام ببێتە ژنی بەرد.
سێیەمین جار بۆ سێیەمین
خۆشەویستی خۆمم نارد
کە تەنیا لە زەرووڕەتدا خۆشمدەویست.

چوارەمین جار بۆ چوارەمین
خۆشەویستی خۆمم نارد
کە بێ ئەوەی یەکتریش ببینین
بۆ یەکتری دەگریاین.
پێنجەمین جار بۆ پێنجەمین
خۆشەویستی خۆمم نارد
کە تەنیا دوور بە دووری و بە ناوبانگ
یەکترمان خۆشدەویست.
شەشەمین جار بۆ کچێکی فشەکەرم نارد
کە بە فشە یەکترمان خۆشدەویست.
حەفتەمین جار بۆ خۆمم نارد:
مەرگەساتی پیاوەکان لێرەوەیە
کە دەتوانن لەیەك کاتدا فرمێسك بۆ دوو ژن هەڵوەرێنن
کە خوێندمەوە، تا ئاستی ئێشانی زگ پێکەنیم و
بە خۆمم گوت:
مەرگەساتی پیاوەکان لێرەوەیە،
کە هەموو ژنەکانیان وەکو یەك خۆشبوێ !
بیرمکردەوە و گوتم :
بەڵام نا من هەموو ئەو درۆیانەم لەگەڵ ژندا
تەنیا لە پێناوی شتێکە
کە پێی دەڵێن: درۆکردن لەگەڵ ژن لەپێناو شیعردا.

# خیانەت

هەرگیز باوەڕی بە کووشتن نییە
تەنیا جارێ نەبێ.
کاتێ خۆشەویستەکەی خیانەتی لێدەکا..
ئەو کاتەش ئەو نا
بەڵکو خۆی، خۆی دەکوژێ.

مرۆڤێکی ئاواش هەیە لەو دنیایە.

## سێرک و خۆشەویستی

مەیمونێکی جوان
پرتەقاڵەکانی نێو لەپی هەڵدەدانە ئاسمان و
دەیگرتنەوە
هەڵیدەدانە ئاسمان و
دەیگرتنەوە
هەڵیدەدانە ئاسمان و
دەیگرتنەوە
کە لە سێرک تەواو بوو.. زانی
زانی ئەوانە پرتەقاڵ نەبوون پیاو بوون!
لەگەڵ ئەوەشدا.. پێکەنی.

# بەهەشت

کەنار دەریا و ئەسپ و
دارستان و رووباری زۆرمان هەیە.
باڵندە و شاخ و باخ و تاڤگە و سەما و سێومان هەیە.
خۆر و مانگ و مامز و ئۆقیانۆس و کەشتیمان هەیە.
لێرە لە تەنیشت بیابانی نێرگز، کوخی شەرابمان هەیە.
لێرە لە تەنیشت دارستانی شیعر و شەراب
بە ملیۆنەها حۆریمان هەیە.

بۆچی بەهەشتێ لێرە نەخولقێنین؟

## پێیە سپییەکان
## لەنێو جووتێ پێڵاوی سووردا

چیدی ئەو پەنجە سپییە تەنکانە
بەو لێوە سوورە پڕانەت مەکرۆژە.
چیدی ئەو دەستە سوورە قوربانییە
لەنێو تاڵ تاڵی ئەو پرچە جەللادە
بێڕەنگ و هەزارڕەنگە مەئاڵێنە.
لە مێژە کار دەکەم تا کار بکەم..
لە مێژە دەکۆشم تا تێبکۆشم..
لە مێژە بیردەکەمەوە تا بیربکەمەوە..
لە مێژە دەزانم کە دەزانم تۆ جوانی
جوان.. جوان.. جوانتر لە جوانیی.
بەڵام پێیە سپییەکانت
لەنێو ئەو جووتە پێڵاوە سوورەدا
لە هەموو جوانییەکان جوانترن..
سەیر نەبێ لات
من عاشقی پێیە سپییەکانتم
لەنێو ئەو جووتە پێڵاوە سوورەدا.

## نیشتیمانی بێ نیشتیمان

قەرەجیش وەك ـ با ـ  بێ نیشتمانە
ـ با ـ ش وەك من بێ نیشتمانە
نیشتمانیش وەك نیشتمان بێ نیشتمانە
کەوابێ من و با و قەرەج و نیشتمان
هەر هەمووومان بێ نیشتمانین
زۆر هەوڵدەدەم تا هەوڵبدەم
بیر لە لەبیرکردنی نیشتمان بکەمەوە
زۆر ناخایەنێ
لەبیرکردنی نیشتمان لەبیردەکەم.
نیشتمان چییە؟
ئۆه خودا.

## زمان و زەمەن

زەمەن و زمان، گوێ بە حەق نادەن، چارەنووس دەگۆڕن.
گوێ بە حەق نادەن زمان و زەمەن، دەتوانن ژیان بگۆڕن.
لە زماندا، تەنیا دوو رستە و
لە زەمەنیشدا تەنیا نۆ چرکەم پێویستە.

ڕێگا دەدەی بە نۆ چرکە، دوو رستە بڵێم
تا بە هۆیەوە
ژیان و چارەنووسی هەردووکمان بگۆڕم؟

# ئێستا ئێمە لە ئێستاداین

هەمووومان دەزانین
لەوەتەی ژیان هەیە تا ئێستا، شتێ هەیە زاڵە
پێی دەڵێن: مەرگ.
لە ئێستاوە تا ژیان بمێنێ
شتێ بوونی دەبێ و زاڵە، پێی دەڵێن: مەرگ.

ئێستا ئێمە لە ئێستاداین
بۆچی ستیانەکەت هەڵنادەی
تا لەناو ئێستادا دژی دوێنێ و سبەینێ بژین؟
بۆچی لەسەر خاکدا بە رووت و قووتی راناکشێیت
تا لەناو ئێستادا، دژی مەرگ بژین؟

## له دوای دۆڕان، تەنیا دۆڕان هەیە

تەماشاکە لە دوای هەموو بردنەوەیەك، دۆڕانێك هەیە و
لە دوای هەموو دۆڕانێکیش
دۆڕانێکیدی هەیە.

کەوابێ لە دوای هەموو بردنەوەکان، دۆڕانێك هەیە و
لە دوای هەموو دۆڕانەکانیشدا،
تەنیا و تەنیا دۆڕان هەیە.

## لەنێوانی ئاسمان و بیاباندا

باشتربوو لەنێوانی ئاسمان و دەریادا تۆم بناسیایە
باشتربوو لەنێوانی ئاسمان و خاك و
لەنێوانی ئاسمان و بیاباندا تۆم بناسیایە
چونکە تۆ بە تەنیا شیعری.

شیعری من هەمیشە نە بۆ ئاسمانە و
نە بۆ خاك
شیعری من تەنیا بۆ تۆیە.

ئۆه تۆ ئەی ژیان، لە ژێر ئەو ئاسمانە شینەدا.

# بۆنی درەوشانەوە

دیوارەکانی ئەو بیابانەی بە روودا بکەنەوە
ئەو حەز دەکا بۆنی لم بکا.

پەنجەرەکانی ئەو ئاسمانەی بە روودا بکەنەوە
ئەو حەز دەکا بۆنی درەوشانەوە بکا.

دەرگاکانی ئەو دەریایەی بە روودا بکەنەوە
ئەو  حەز دەکا بۆنی قووڵایی بکا.

هەموو دەروازە و
پەنجەرەکانی مەرگی بۆ بکەنەوە
ئەو هێشتا هەر حەز دەکا
بۆنی بیابان و بۆنی درەوشانەوە و
بۆنی قووڵایی بکا.

# دنیای من

دنیای من چۆتە بیابان،
لەوێ کتێبی ژیان دەخوێنێتەوە.
دنیای من لەناو گرێکی سڕدا راکشاوە،
لەوێ خەون بە ژیانەوە دەبینێ.
دنیای من لەنێو هەرەمێکی ئەفسانەییدا مۆمیاکراوە،
لەوێ لەسەر ژیان راکشاوە.

دنیای من
رۆژێ دێ لە بیابان دەگەڕێیتەوە.
رۆژێ دێ لە بازنەی گڕدا رادەکەیت و
رۆژێ دێ زیندوو دەبیتەوە.

دنیای من

# مرۆڤ  شەڕی تەنیوە

لەوێ بیابانێ هەیە مرۆڤی لە باوەشگرتووە
ئەوێ رۆژهەڵاتە.
لەوێ زەمینێك هەیە تۆفانی مەتریالە
ئەوێ رۆژئاوایە.
لەوێ زەمینێك هەیە لە شەختە و
لەوێ زەمینێك هەیە، ئاگر خاوەنییەتی
ئەوێ باکوور و باشوورە.

شەڕ هەر شەڕە
لافاوی مرۆڤ شەڕی تەنیوە نەك جوگرافیا
لافاوی شەڕ مرۆڤی تەنیوە نەك جوگرافیا
تۆ ئەی مرۆڤ
ئەو چەکە قورسەت بۆ کەی هەڵگرتووە؟
خۆشەویستیی.

# جگە لە ژیان

ژیانێك هەیە لە شەترنج دەچێ
مرۆڤەكانی ناوی، مەلیكی كش لێكراون.
ژیانێك هەیە لە شەترەنج دەچێ
مرۆڤەكانی ناوی مەلیكی ماتن.
ژیانێك هەیە لە شەترەنج نا
بەڵكو لە قومار دەچێ
مرۆڤ و مەیمونەكان بە تێكڕایی تێیدا دۆڕاون
ژیانێك هەیە لە هیچ ناچێ جگە لە ژیان.
ژیانێك هەیە لە هیچ ناچێ جگە لە مەرگ.

# دەتناسمەوە

دوو سەد ساڵیتریش بێ دەتناسمەوە.
بە لێوەکانت نا.
بە مەمکەکانت نا.
بە بەژن و باڵا و قژی خاوت نا.
دوو سەد ساڵیتریش بێ دەتناسمەوە.
کە لە نێو گۆڕدا
ئێسقانتم لەنێو گڵ دەرهێنا
بە ددانەکانت
بە ددانە بچووکە سپییەکانت دەتناسمەوە.
دوو سەد ساڵیتریش بێ هەر دەتناسمەوە.
بە ددانە بچووکە سپییەکانت دەتناسمەوە.

## من مردوویێکم خۆشدەوێت

زیندوو لەناو داخراندا بۆ هەمیشەیی مردووە.

کرانەوە لەناو ژیانی داخراودا بۆ هەمیشەیی مردووە.

تۆ لەناو داخراندا راکشاویت.

تۆ مردوویت.

با هەموو دنیا بە ئاشکرا بزانێ:

من بە نهێنی مردوویێکم خۆشدەوێت.

مردوو بە تەنیا مردووە، ناتوانێ نەمرێ

مردوو بۆ هەمیشەیی مردووە، ناتوانێ چیدی نەمرێ.

تۆ مردوویت

با هەموو دنیا بە ئاشکرا بزانێ:

من بە نهێنی مردوویێکم خۆشدەوێت.

من ژنێکی داخراوی

نێو داخستنەکانی

پیاوێکی داخراوم خۆشدەوێ.

من چاوەڕێی کرانەوەی داخراوێکم

کە هەرگیز ناکرێتەوە.

چونکە مردوو بۆ هەمیشەیی بەتەنیا مردووە.

تۆ مردوویت

بە گوێرەی هەموو رێساکانی

عەرد و ئاسمان تۆ مردوویت

بەڵام قەینا

با هەموو دنیا بە ئاشکرا بزانێ:

من بە نهێنی و شێتانە مردوویێکم خۆشدەوێت.

# جەستەی رووناکی تۆ

لەسەر ئاوی ئۆقیانۆسدا ژنێك خاچێکی بەسەر شانیەوەیە، دەیەوێ رۆشنایی و درەوشانەوەی خوا بدزێ.. گەنجێك هەوڵدەدا ژنێك بدزێ کە لەسەر ئاوی ئۆقیانۆسدا خاچێکی بەسەر شانییەوەیە.

منم ئەو دزە، لە پشت پەنجەرەکەوە رادەوەستم، دادەنیشم، قاسە و رۆشنایی و درەوشانەوەی دڵی خوا نادزم، لە پشت پەنجەرەکە راوەدەستم، دادەنیشم، تەنیا و تەنیا قیاسی رانەکان و پێکەنینی هەردوو لیمۆی باخەڵت دەدزم.. من تەنیا و تەنیا گەمەی نێوانی پەنجەکان و گۆپکەی مەمکەکانت دەدزم.

من دزم.

بەڵام دزێکی ئاشکرا.. بە ئاشکرا لەودیو پەنجەرە تاریکەکە، درەوشانەوەی رۆحی خوا نا، بەڵکو هی جەستەی رووناکی تۆ دەدزم.

## عاشقەکان

لەناو ئەو فەرهەنگەی کە وشەکانی
گوێ لە دەنگی کەوتنە خوارەوەی فرمێسکی شین دەگرن
عاشقەکان هەمیشە عاشقی رووناکین.

لەوێ عاشقەکان هەمیشە یەکسانن
لەوێ ژنەکان بە پۆشاکێکی تەنکەوە مەلە دەکەن.
لەوێ پیاوەکان بە رووتی لەنێو ئاگردا سەما دەکەن.
لەوێ پیاوەکان و ژنەکان
جارێ بە پۆشاکێکی تەنکەوە مەلە دەکەن.
جارێکیش بە پێخواسییەوە
لەسەر شووشە و لەناو ئاگردا سەما دەکەن.
لەناو ئەو فەرهەنگەی کە وشەکانی

گوێ لە دەنگی کەوتنە خوارەوەی فرمێسکی شین دەگرن
عاشقەکان بۆ هەمیشەیی
تەنیا گوێ لە پێکەنینە سپییەکانی عەشق دەگرن.

# بێدەنگییێکی نزمیش هاوارێکی بەرزی هەیە

لە ناو هەڵچووندا دەتەوێ هەڵنەچی.

لەناو دەنگێکی بەرز، دەخوازی بە نزمییێکی بەرز بدوێی.

لەوە زیاتر هەوڵمەدە..

چونکە

بێدەنگییێکی نزمیش هاوارێکی بەرزی هەیە.

بێڕەنگییێکی بێڕەنگیش، ڕەنگێکی زەقی هەیە.

ئاماژەیەکی بێئاماژەش، ئاماژەی خۆی هەیە.

لەوە زیاتر هەوڵمەدە..

لەناو هەڵچووندا هەڵچوو.

لەناو دەنگێکی بەرز بە بەرزییێکی بەرز بدوێ.

بە بێڕەنگییێکی بێڕەنگیش، ڕەنگێکی زەق بدە.

چونکە بێدەنگییێکی نزمیش هاوارێکی بەرزی هەیە.

## پیاوێکی چەند سورياليیە ژن!؟
## ژنێکی چەند سورياليیە پیاو!؟

بۆ ئێریش فرید

چاوانی کەڕ
گوێچکەی لاڵ
زمانی کوێر

دڵی کوێر
دەستی لاڵ
مەمکی کەڕ

زگی کەڕ
ڕۆحی کوێر
سەری لاڵ

پیاوێکی چەند سورياليیە ژن!؟
ژنێکی چەند سورياليیە پیاو!؟

# شەپۆل و عاشق

شەپۆلی دەریا
هەڵدەستا و دەنیشتەوە
هەڵدەستا و دەنیشتەوە
دیسان و دیسان و دیسان
دەنیشتەوەو هەڵدەستایەوە
هەڵدەستا و دەنیشتەوە
کە شاعیرێك لەو هەستان و نیشتنەوەی ڕوانی
تێگەیشت
شەپۆل دەیەوێ لاسایی عاشق بکاتەوە !

# ڤینۆس و شپارن بورگ

ئاسمانی (مای) مانگێکی درەوشاوە نیشانی عاشقان دەدا.

مانگێکی درەوشاوە نیشانی عاشقان دەدا، ئاسمانی (مای).

ژنێك گوتی: مانگ چەند جوانە خۆشەویستەکەم؟

دەستم درێژ درێژ کرد و گوتم:

ئەوەیان ڤینۆسە، بۆ ئەوێت دەبەم رۆحی من..

خۆشەویستەکەم بە پێکەنینەوە گوتی:

تۆ ناتوانی تەنانەت پیاسەیەکی (شپارن بورگ)م پێبکەیت

جا ناو مانگ و سەر ڤینۆس!

تێگەیشتم دەیوست بڵێ: لە شاعیران درۆزنتر نییە.

## هەمیشە زمانێك ماوە بۆ زمانی شیعر

هێشتا دەرفەتێك ماوە بۆ دەرفەت.
هێشتا رێككەوتێك ماوە بۆ پێشوازیكردن لە رێككەوت.
هێشتا چارەنووسێك ماوە بۆ گۆڕینی چارەنووس.
هێشتا دەم و لێوێك ماوە بۆ ماچ.
هێشتا زمانێك ماوە بۆ زمانی شیعر.

هێشتا دەرفەت ماوە بۆ ژنێك
بە دزیی مێردەكەی گۆرانی بۆ دراوسێكەیان بڵێ.
هێشتا رێكەوتێ ماوە بۆ پیاوێك
چرقەی نیوەڕۆ بە پێدزكێ بچێتە ماڵی ژنێك.
هێشتا چارەنووسێك ماوە
كە ئاگر لە هەموو چارەنووسێ بەردا.
مەترسە لە ژیان لەو كاتەی كە لە مەرگ دەترسێ.
مەترسە لە مەرگ لەو كاتەی كە لە ژیان دەترسێ.
هەمیشە دەم و لێوێك ماوە بۆ ماچ.
هەمیشە زمانێك ماوە بۆ زمانی شیعر.

# ناتوانم هەڵبژێرم
# هەڵمدەبژێرن.

هەڵمدەبژارد..

نەیاندەتوانی هەڵمبژێرن.

هەر یەکێکم هەڵبژاردبووایە، شانازیی دەکرد.

ناتوانم هەڵبژێرم..

هەڵمدەبژێرن.

هەر یەکێك  هەڵمبژێرێ، شانازیی دەکەم.

بۆ هەمیشەیی تێپەڕینی تەمەن

دەتوانێ پاڵەوانەکان بێدەسەڵات بکا.

# بێکێشەیش کێشەیە

ئەدرێسی (کێشە)ی ونکردوە.

هێندەی بیر دەکاتەوە نایەتەوە بیری.

هێندەی دەگەڕێ نایدۆزێتەوە.

بە بێزاری و تووڕییەوە بە خۆی دەڵێ:

بۆ عاشق و

بۆ شاعیر

بێکێشەیش کێشەیەکی گەورەیە ها..

# رۆژە تاریکەکان

پەنجەی ماسییەکان لەناو ـ با ـ ی زەمەندا هەڵوەرین.
بەردە پیرەکان لە ژێر دڵۆپی ئاودا کون کون و سواو دەبینرێن.
رەنگە رۆژە تاریکەکان بەڕێوە بن.

چاوە رەشەکانی تۆیش بەنێو تەمێکی خەستدا گوزەر دەکەن.
نیگا زەردەکانی تۆیش بەنێو تەمێکی خەستڕدا گوزەر دەکەن.
رەنگە رۆژە تاریکەکان بەڕێوە بن.

ماسییەکان هەڵدەوە نێو ئۆقیانۆس و
شەڕێ بە دڵۆپی تووڕەی ئاو بفرۆشە و
ستیانە رەشەکەت بە پەنجە سپیەکانت بکەوەو راکشێ
رەنگە هەرگیز رۆژە تاریکەکان بەڕێوە نەبن.

# گومان نەکردن لە گومان

گومانم دیت هەڵچووبوو،
دەتگوت شەپۆلە، هار و وێڵ،
گومانی هەبوو لە گومان.
گومانم دیت هۆن هۆن
فرمێسکە درشتەکانی هەڵدەوەراند و
گومانی هەبوو لە حەقیقەت.
حەقیقەتم دیت قاقا پێدەکەنی و
گومانی هەبوو لە گومان.
حەقیقەتم دیت دەگریا و
گومانی هەبوو لە حەقیقەت.
تۆم دیت گومانت هەبوو لە گومان و
گومانت هەبوو لە حەقیقەت
من هاتم.. گومانم هەبوو لە گومان و
گومانم نەبوو لەحەقیقەت و
داوای ماچێکی شیرینم لێکردی
ئیدی تۆ گومانت نەما لە گومان و
گومانت نەما لە حەقیقەت

**من تێربووم و بە دزییەوە بە گومانم گوت:**

**گومان بکە لە گومان و**

**گومان بکە لە حەقیقەت.**

**من تێربووم و بە دزییەوە بە حەقیقەتم گوت:**

**گومانت نەبێ لە گومان و**

**گومانت هەبێ لە حەقیقەت.**

**تۆ بە تووڕەییەوە هاوارت کرد و گوتت:**

**گومان ناکەم لە گومان و**

**گومان دەکەم لە حەقیقەت و**

**بە گومانیش دەڵێم: گومانی هەبێ لە ژیان و**

**حەقیقەتیش با گومانی نەبێ لە مەرگ**

**چونکە ژیان گومانە و مەرگیش حەقیقەت.**

## خوێنیترێ

لەگەڵ ـ با ـ لە کەناری رووباری کحولدا
پۆشاکە رووتەکانمان
بە شەرابی رووتیی دەشۆرین و پێدەکەنین.
ئێمەی پیاوانی ئیرۆتیك،
دەرهاوێشتەی شوێنزەمەنێکین ناوی جەنگە.
پەنجە و لێوەکانمان شمشێرن
کوێرانە خوێن دەڕێژین.. بەڵام خوێنی ترێ.
بە خوێنی ترێ مەمکە رووتەکانی
ئیرۆس سووررەنگ دەکەین.
بە خوێنی ترێ مەمکە
بە زۆر موحەجەبەکراوەکانی حەوا سەرخۆش دەکەین.
بە خوێنی ترێ مەمکە خائینەکانی رەها شەهید دەکەین.
ئێمەی پیاوانی ئیرۆتیك کوێرانە
بەسەر مەمکە رەنگاوڕەنگەکاندا خوێن دەڕێژین
بەڵام
خوێنی ترێ.

## چاوە بڕۆنزییەکان

چاوە بڕۆنزییەکان ئێرەیی
بەو تاوەرانە نابەن کە لەسەر ـ با ـ دا هەڵچوێنراون.
چاوە بڕۆنزییەکان ئێرەیی بەو ـ با ـ یانە نابەن
کەماڵیان لەناو تەلاری شووشە دایە.
چاوە بڕۆنزییەکان ئێرەیی بەو بەردانە نابەن
کە زانان لە شکاندنی شووشەکان.
چاوە بڕۆنزییەکان ئێرەیی
بەو پەنجە شووشەییانە دەبەن
کە لە دەستی بەرددان.
چاوە بڕۆنزییەکان ئێرەیی
بەو مەمکە شووشەییانە دەبەن
کە لەناو تەلاری شووشەییدان.
چاوە بڕۆنزییەکان ئێرەیی
بە ژنە تاوسییەکانی ناو ئەو تەلارانە دەبەن
کە لەسەر با و لەسەر ئۆقیانۆس و
لەسەر بیابان دا هەڵچوێنران.

چاوە بڕۆنزییەکان خوویان بە ئێرەییەوە گرتووە،

بۆیە بۆ هەمیشەیی ئێرەیی دەبەن.

ئێرەیی دەبەن

بەو پەنجە شووشەییانەی

کە بەرد دەیانشکێنن .

ئێرەیی دەبەن

بەو مەمکە شووشەییانەی

کە لەناو تەلاری ـ با ـ دان.

ئێرەیی دەبەن

بە ژنە تاوسییەکانی ناو ئەو تەلارانەی

کە لەسەر با و

لەسەر ئۆقیانۆس و

لەسەر بیابان دا هەڵچوێنران.

## کۆڵانێکی کراوەی تەسک
## لەناو داخرانێکی فراواندا

من شەوێکی بەربادی سپی سپیم.
بە کۆڵانە ڕووناکەکانی تاریکییدا گوزەر دەکەم.
ڕۆژێکی بەربادی ڕەش ڕەشم من.
بە کۆڵانە تاریکەکانی ڕووناکییدا گوزەر دەکەم.

بەنێو هەتاوی تاریک و
ڕەشییەتییێکی سپیدا گوزەر دەکەم من.
ئێرە کۆڵانێکی کراوەی تەسکە
لەناو داخرانێکی فراواندا.
ئێرە کۆڵانێکی فراوانی داخراوە
لەناو کرانەوەیەکی فراوانی داخراودا.
ئێرە کۆڵانێکی ڕووناکە لەنێو گەڕەکێکی تاریکدا.
ئێرە گەڕەکێکی تاریکە لەنێو شارێکی تاریکدا.
ئێرە شارێکی ڕووناکە لەنێو وڵاتێکی تاریکدا.
ئێرە وڵاتێکی تاریکە لەنێو کیشوەرێکی تاریکدا.
ئێرە ئەستێرەیەکی تاریکە.. تاریک تاریک.
تاریک بە قەد ڕووناکی خۆر تاریک.

**تاريك بە قەد رووناكی رۆحی خودا تاريك..**

**منيش شەوێكی بەربادی سپی سپيم.**

**منيش رۆژێكی بەربادی رەش رەشم.**

**بەرباد بەقەد سەرخۆشيی و بەربادیی و كحول.**

**بەرباد بەقەد ئاوابوون.**

**بەرباد بەقەد راكشان لە باوەشی خاك.**

**من بە كۆڵانە رووناكەكانی تاريكييدا گوزەر دەكەم.**

**من بە كۆڵانە تاريكەكانی رووناكييدا گوزەر دەكەم.**

## ئێوە من و منیش ئێوە بەجێدێڵم

ئەو کوکوختیانەی لە باوەشی خواوە
پەڕینە باوەشی من، بەجێتان دێڵم.
ئەو ژنانەی لە باوەشی من
گەڕانەوە باوەشی خوا،
بەجێتان هێشتم.
ئەو گەڵا سەوزانەی
بە سەوزی بۆ من وەرین
بەجێتان دێڵم.
ئەو کیشوەرانەی پێشوازییان
لە ماڵئاوایی کرد
بەجێتان هێشتم.
ئەو ژنانەی خیانەتیان
لە مێردەکانیان کرد
بەجێتان دێڵم.
ئەو بەفرە رەشانەی
دواتر سپیەتیان دۆزییەوە..
بەجێتان هێشتم.

ئەو خەونە _با_ییانەی

بەدوای جێگیربوونی خەوندا گەڕان..

بەجێتان دێڵم.

ئەو قەرەجانەی تاهەتایی قەرجن و

باوەڕیان بە باوەڕ نییە..

بەجێتان هێشتم.

ئێوە نا بەلاّم من ئێوە بەجێدێڵم

ئەی ئەو گولاّنەی لە باوەشی خواوە پەڕینە باوەشی من

ئەی ئەو گەلاّ سەوزانەی بە سەوزی بۆ من وەرین

ئەی ئەو ژنانەی خیانەتتان لە مێردەکانتان کرد

ئەی ئەو خەونە _با_ییانەی

بەدوای جێگیربوونی خەوندا گەڕان

ئێوە نا بەلاّم من ئێوە بەجێدێڵم.

**من نا بەڵام ئێوە منتان بەجێهێشت**

**ئێوە ئەی ئەو ژنانەی لە باوەشی من**

**گەڕانەوە باوەشی خوا**

**ئێوە ئەی ئەو کیشوەرانەی**

**پێشوازیتان لە ماڵئاوایی کرد**

**ئێوە ئەی ئەو بەفرە رەشانەی**

**دواتر سپیەتیتان دۆزییەوە..**

**ئێوە ئەی ئەو قەرەجانەی تاهەتایی قەرجن و**

**باوەڕتان بە باوەڕ نییە..**

**من نا بەڵام ئێوە منتان بەجێهێشت.**

**لاتان سەیرنەبێ**

**ئێوە من و**

**منیش ئێوە بەجێدێڵم.**

## ئۆقیانۆسی ئاگر

تۆ بەسەر موویێکی زەرددا
پیاسە دەکەیت و ژێرەوەشت ئۆقیانۆسێکە لە ئاگر..
ژێرەوەت بیابانێکە لە ئاگر و
تۆیش بەسەر موویێکی سپی سپیدا پیاسە دەکەی
ئێمە پیاوی دەم پووش و پەڵاشی
ـ با ـ ی بیابانی خوداین، خودا
بە لمی سەوز و سووری بیابانی خودا
عاری عاری خۆمان دووش دەکەین.
عاری عاری بە لمی زەرد و سپی بیابانی خودا
رۆحمان مەساج دەکەین خودا.

ژێرەوەت دەریای ئاگرەو
تۆیش تەنیا بەسەر موودا پیاسە دەکەیت..
تەنیا موویێکی سوور
ئێمە پیاوی نێو دڵۆپە شینەکانی
باران و ئاوی خوداین، خودا
لەنێو قووڵایی بیابانی بەرد و
شمشێر و شووشەدا بە سەرخۆشی مەلە دەکەین.

**لەنێو قووڵایی دارستانی رمان و موجازەفە**
**بە رەنگی گەڵاکانی خودا**
**خۆمان سەرخۆش دەکەین، خودا.**

**ژێرەوەت دۆزەخە،**
**دۆزەخێکی بێستیان و رووت**
**تۆیش تەنیا بەسەر**
**موویێکی کەسکدا پیاسە دەکەی**
**ئێمە پیاوی دەم هەناسەکانی**
**تۆفانی عیشق و زریانی وشەی خوداین، خودا**
**بێئەوەی پیاسە بکەین**
**بەنێو خوێنی هەموو گەردووندا پیاسە دەکەین..**
**بێئەوەی پیاسە بکەین،**
**بەنێو رۆحی خوادا پیاسە دەکەین خودا.**

# درەنگە بەنێو خۆت و ـ با ـ دا تێمەپەڕە

بۆچی بەو نیوەشەوە بەنێو ـ با ـ و
بیابان و خۆت و شەودا تێدەپەڕی؟
بۆ هێندە قووڵ دەڕوانی؟ لە کوێ دەڕوانی؟
بۆچی بەو نیوەشەوە بەنێو تەم و ـ با ـ و
ئۆقیانۆس و خۆت و شەودا تێدەپەڕی؟
کێ بەو درەنگە بەنێو ـ با ـ و ئۆقیانۆس و
خۆیی و شەو و تەمدا تێپەڕیوە؟
ئاگادارم کە ئاگاداری..
لە کوێی ئەو گەردوونەدا ئەستێرەیێ لەدایکبێ و
لە کوێی ئەو دارستانەدا درەختێ بە شنانەوەی گەلاکانی
تابلۆیێ بنەخشێنێ و
لە کوێی ئەو ئۆقیانۆسەدا دولفینێ سێرك بكا
ئەوێ نیشانەی عەشقی نێوانمانە..
ئەوێ هێمای عەشقی نێوانمانە..
ئەی بۆچی بەو نیوە شەوە
بەنێو ـ با ـ و بیابان و خۆت و شەودا تێدەپەڕی؟
کێ بەو درەنگە بەنێو ـ با ـ و ئۆقیانۆس و
خۆیی و شەو و تەمدا تێپەڕیوە؟

بۆ هێندە قووڵ دەڕوانی؟ لە کوێ دەڕوانی؟
هێندە قووڵ مەڕوانە،
خۆ جوانەکانیش دەمرن خودا
هێندە قووڵ مەڕوانە،
خۆ جوانەکانیش عەزابیان خۆشدەوێ خودا
هێندە قووڵ مەڕوانە،
خۆ ئێمەیش بتڵێکی بەتاڵین لە بەختەوەریی،
زەمینێکی پڕین لە بەتاڵیی
هەتاوی پڕین لە تاریکیی
هێندە قووڵ مەڕوانە و
بە هاوار هاواری رۆحت تابلۆی تابووت مەکێشە
بەو نیوە شەوە بەنێو ـ با ـ و
بیابان و خۆت و شەودا تێمەپەڕە
لە کوێی ئەو گەردوونەدا ئەستێرەیێ لەدایکبێ و
لە کوێی ئەو دارستانەدا
درەختێ بە شنانەوەی گەڵاکانی تابلۆیێ بنەخشێنێ و
لە کوێی ئەو ئۆقیانۆسەدا دولفینێ سێرك بکا
ئەوێ نیشانەی عەشقی نێوانمانە..
ئەوێ هێمای عەشقی نێوانمانە..

# پێشوازیکردن لەماڵئاوایی

دەزانم کە تۆ دەزانی کاتی پێشوازی هاتووە
پێشوازیکردن لە لم و دەریا
کاتێ لە بیابان و ئاو توورەن.
پێشوازیکردن لە گەڵا و ـ با ـ
کاتێ پێشوازی لە وەرین دەکەن.
پێشوازیکردن لە گەڕەك و شەقامەکان
کە شارەکان بەجێدێڵن.
پێشوازیکردن لە شار و وڵاتەکان
کە کیشوەرەکان بەجێدێڵن.
پێشوازیکردن لە کیشوەرەکان
کە ئەو ئەستێرەیە بەجێدێڵن.
پێشوازیکردن لە ئەستێرەکان
کە گەردوون بەجێدێڵن.
پێشوازیکردن لە دابڕان،
کاتێ فریشتەکان فێری دابڕان دەکا.
پێشوازیکردن لە ماڵئاوایی،
کاتێ حۆرییەکان فێری ماڵئاوایی دەکا.

پێشوازیکردن لە خۆم،

کاتێ بە نامورادی من فێری ماڵئاوایی دەکا..

پێشوازیکردن لە خۆم

کە گەڕەك و شەقامەکان و

کە دەریا و بیابانەکان و

کە با و گەڵاکان و

کە فریشتە و حۆرییەکان و

کە شار و وڵات و کیشوەرەکان و

کە هەموو ژیان و مردنەکان

لەنێو ئەو شیعرەدا بەجێدێڵم.

دەزانم کە تۆ دەزانی کاتی پێشوازی هاتووە

پێشوازیکردن لە ماڵئاوایی

تەنیا ماڵئاوایی.

ماڵئاوایی.

## بیۆگرافیای من

_1_

خۆشەویستیی و جیابوونەوە و

(جیابوونەوە لە جیابوونەوە) و خۆشەویستیی.

گەڕان بە دوای دۆزینەوە و

(جیابوونەوە لە دۆزینەوە) و گەیشتن بە خۆشەویستیی.

دۆزینەوەو خۆشەویستیی و جیابوونەوە و

جیابوونەوەو دۆزینەوە و خۆشەویستیی و

جیابوونەوە و جیابوونەوە و جیابوونەوە و...........هتد

_2_

گەشت و جێگیربوون و(جێگیربوون لەناو جێگیربووندا) و

جێگیربوون لە دەرەوەی گەشتدا.

جێگیربوون و گەشتێکی نوێ لەناو جێگیربووندا.

گەشتێك و گەشتەکان و جێگیربوون و

جێگیربوون و جێگیربوون و جێگیربوون و...............هتد

_3_

نووستن و له خەوهەستان و

(هەستان لەناو نووستن) و نووستن لەناو هەستاندا

له خەوهەستان و راکشان و

نووستن و له خەوهەڵنەستان و

نووستن و نووستن و نووستن و نووستن و............هتد

_4_

هەڵاتن و ئاوابوون و ئاوابوون

له دەرەوەی درەوشانەوەدا.

ئاوابوون و هەڵاتن و

(راکردن له راکردن) و له ئاوابوون.

راکردن بەرەو هەڵاتن و

هەڵاتن دژ به راکردن و ئاوابوون و

ئاوابوون و ئاوابوون و ئاوابوون و .................هتد

## _5_

ژیان و مردن و (مردن لەناو ژیان) و ژیانەوە و مردن.

مردن لەناو ژیان و ژیان لەناو مردن و

ژیانەوە و مردن و

مردن و مردن و مردن و مردن و مردن و............هتد

## _6_

به کورتی:

- له دایکبوون.

- نووسینی چەند کتێبێك سەبارەت بە ژیانی خۆم.

- مردن.

مردن و مردن و مردن و مردن و مردن و..........هتد

# ڕێگا

ڕێگاکە دوور دوورەو
کۆتاییەکەش تا بڵێی نزیك نزیك.
لەو ڕێگایەدا ژن و شەراب و شیعر هەیە.
لەو ڕێگایەدا باخچە و باران و پەلکەزێڕینە هەیە.
لەو ڕێگایەدا بیابان و خاچ و خوێن هەیە.
لەو ڕێگایەدا فرمێسك و بزەو قاقا و فیغان هەیە.
لەو ڕێگایەدا خەون و خاك و خوا هەیە.
لەو ڕێگایەدا بیابان و ئۆقیانۆسی زۆر هەیە.
لەو ڕێگایەدا شەیتان هەیە.
لەو ڕێگایەدا ژیان هەیە.
لەو ڕێگایەدا مردن هەیە.
لەو ڕێگایەدا غارە غارێکی بێوچان هەیە لەپێناوی ژیان
کەچی ڕێگاکە دوور دوورەو
کۆتاییەکەش تا بڵێی نزیك نزیك.

# شیعر لە رۆژەکانی (بەرلینە پلاتچ)

## شیعر لە رۆژی یەکشەممەدا

لەو رۆژەدا خومارە شیعر.
لەناو ترسدا رۆنیشتووە و لە ترس دەترسێ.
شیعر لە رۆژی یەکشەممەدا تەنیا و تەنیا: ترسە لە ترس.

## شیعر لە رۆژی دووشەممەدا

لەو  رۆژەدا دەست و پەنجەکانی قڵیشاوە شیعر.
لەدەسپێکدا، کۆتاییێکی خۆڵەمێشی لێ لەدایکدەبێ.
شیعر دەست و پەنجەکانی قڵیشاوە و لەو رۆژەدا
تەنیا و تەنیا: ئاوابوونە لەناو هەلآتن.

## شیعر لە رۆژی سێشەممەدا

شیعر ئەو خۆرەیە
کە لەژێر هەورێکی پاکدا دەردەکەوێ و ئاوادەبێ.
کە لەژێر هەورێکی پاکدا ئاوادەبێ و دەردەکەوێ.
لەو  رۆژەدا شیعر تەنیا و تەنیا:
خۆرێکە
ئاوادەبێ و دەردەکەوێ.
دەردەکەوێ و ئاوادەبێ.

## شیعر لە رۆژی چوارشەممەدا

لمی رەش و
شەقامی رەش و
دارستانی رەش و
دەریای رەش و
بەفری رەش و
هەتاوی رەش
لەو رۆژەدا شیعر رەنگی هەیە
رەنگێکی رەش رەش.

## شیعر لە رۆژی پێنجشەممەدا

لەبەرچوونی مردن و

لەدایکبوونی لەدایکبوونە..

شیعر لەو  رۆژەدا

تەنیا و تەنیا: لەدایکبوونی لەدایکبوونە..

## شیعر لە رۆژی هەینیدا

قوماردەکا و دەخواتەوە و

گازینۆکان بەسەر دەکاتەوە و

دەچێتە ئامێزی سۆزانییێکی سەرخۆش..

شیعر لەو  رۆژەدا تەنیا و تەنیا:

شاعیرێکە بەدوای کۆکردنەوەی شیعرییەتدا دەگەڕێ.

## شیعر لە رۆژی شەممەدا

پێیەکانی،
یا سەفەرن یان بۆن و رەنگی سەفەریان هەڵێناوە.
تامی هەمان تامی سەفەرە.
دەڕوا و دەڕوا و هەر دەڕوا
بۆ ئەوەی شیعرێك لەنێو شیعرییەتی
مەمکەکانی ساندرا بدۆزێتەوە و
لەسەر پشتی مەیمونێکی جوانی ئەسمەر بنووسێ:
شیعر لە رۆژی شەممەدا تەنیا و تەنیا: ئیرۆتیکە.

# من یەکەمین بەرد رادەوەشێنم

من یەکەمین بەرد رادەوەشێنم.. دەزانم ئەو ورچە رەشەت لە سیبریا و ئەو بەرازە سپییەت لە ئەفریقیاوە هێناوە..دەزانم ئەو کەنغەرە بێقاچەت لە ئوستralیا و ئەو بەبەغایە لاڵەت لە کالیفۆرنیا و ئەو مارە کورت و قەڵەوەشت لە هیندستانەوە هێناوە..

دەزانم ئاخر من دەزانم تۆ بەلەمێکی بچووکی مەستی، زەمینت بارکردووە..

ورچی رەش و بەرازی سپی و کەنغەری بێقاچ و بەبەغای لاڵت لەسەر شانەکانت هەلگرتووە..

- (کێ بێ گوناهە با یەکەمین بەرد راوەشێنێ)

- من یەکەمین بەرد رادەوەشێنم.

بۆ ئەوەی گوناهی هەموو کیشوەرەکان

لەسەر شانەکانت بسڕمەوە

من یەکەمین بەرد رادەوەشێنم

بۆ ئەوەی هەموو گوناهەکان بە تەنیا تاکە گوناهێك بسڕمەوە.

## ئاوابوون و هەمیشە ئاوابوون

(ئاگر)

هەنگاوەکانی ئاگر بە هێوری تەمەن تەی دەکا

تەمەن هەڵدەزنێ و

سەرەتای دابەزین و سووتان دەستپێدەکا.

(ئاو)

ئاو تەمەن تەی دەکا،

تەمەن گلەیی دەکا

ئاو دەبێتە لافاو،

لە لافاودا خنکان دەسپێدەکا.

(هەوا)

هەوا تەمەن فێری فڕین دەکا

فڕین لە فڕیندا هەڵدەوەرێ و

کەوتنە خوارەوە دەستپێدەکا.

(خاك)

خاك باوەشی بۆ تەمەن ئاوەڵا دەکا

لێرەوە سەرەتای هەموو کۆتاییەکان دەستپێدەکا.

## هیچ شتێ موڵکی من نییە..
## من موڵکی هیچ شتێك نیم..

هیچ شتێ موڵکی من نییە
نە ئەو خۆرە شینەی
کە بە تیشکە شینەکانی
کەڤاڵی ئاوابوون دەنەخشێنێ.
نە ئەو ماسیە سوورەی
جارێ بەدەم سەماوە
گۆرانییێکی سووری ئینگلیزی بۆ چڕیم.
نە ئەو بارەی کە چاوەڕوانمانبوو
جارێ تێیدا شیعری سەرمەستی
بۆ هەڵاتنی خۆر بهۆنینەوە.
نە ئەو شەقامە ئاوییانەی
کە کۆتاییان بیابان بوو.
نە ئەو پەنجەرە شینانەی
کە لەوێوە لە دەریامان دەڕوانی.
نە ئەو کوکوختیە سپیەی
کە بەڵێنی بەخشینی سەرینێکی سپی
بە پەڕەمووچەکانی پێدابووم.

نە ئەو کوخەی کە جارێ
بە دزی ژن و دەزگیرانە ئایندەییەکان
تێیدا بۆ ئایندە گریاین.
نە ئەو کتێبەی کە لە حەفتەیەکدا
بۆ خاتری ماچێکی ئەزەلی نووسیمان.
نە ئەو پشیلە چاو ڕەشەی
سەرمی خستە سەر مەمکەکانیی و
گوتی: بنوو،
بەڵام نووستنێکی ئەبەدی.
نە ئەو منداڵە یەك ساڵیەی
کە هاواریکرد: تەمەن وەکو ـ با ـ وایە و
ئێمەیش وەکو گەڵا.
نە ئەو ژنەی کە من لەگەڵ تۆدا
لە پێناوی ئێستەتیك و شیعر
خیانەتم لێیدەکرد.
نە ئەو دیوانەی کە وشەکانی
لە هەتاو و ئاو و ئاگر و هەوا بوون.
نە ئەو کچەی کە بۆم دەگریا و
ئێستا لە ئامێزی پیاوێکی ترە.
نە ئەو ژیانەیش کە ئێستا
بۆ خاتری تێپەڕین بزە دەکا .

من موڵکی هیچ شتێك نیم ..
نه ئەو ژیانەی کە ئێستا
بۆ خاتری تێپەڕین بزە دەکا.
نه ئەو کچەی کە بۆم دەگریا و
ئێستا لە ئامێزی پیاوێکی ترە.
نه ئەو دیوانەی کە وشەکانی
لە هەتاو و ئاو و ئاگر و هەوا بوون.
نه ئەو ژنەی کە من لەگەڵ تۆدا
لە پێناوی ئێستەتیك و شیعر
خیانەتم لێیدەکرد.
نه ئەو منداڵە یەك ساڵییەی
کە هاواریکرد: تەمەن وەکو ـ با ـ وایە و
ئێمەیش وەکو گەڵاً.
نه ئەو پشیلە چاو ڕەشەی
سەرمی خستە سەر مەکەکانیی و
گوتی: بنوو،
بەڵام نووستنێکی ئەبەدی.
نه ئەو کتێبەی کە لە حەفتەیەکدا
بۆ خاتری ماچێکی ئەزەلی نووسیمان.
نه ئەو کوخەی کە جارێ
بە دزی ژن و دەزگیرانە ئایندەییەکان

تێیدا بۆ ئاینده گریاین.
نه ئەو کوکوختیه سپیەی که
بەڵێنی بەخشینی سەرینێکی سپی
به پەڕەمووچەکانی پێدابووم.
نه ئەو پەنجەره شینانەی
که لەوێوه له دەریامان دەڕوانی.
نه ئەو شەقامه ئاوییانەی
که کۆتاییان بیابان بوو.
نه ئەو باڕەی که چاەڕوانمانبوو
جارێ تێیدا شیعری سەرمەستی
بۆ هەڵاتنی خۆر بهۆنینەوه.
نه ئەو ماسییه سوورەی جارێ
بەدەم سەماوه گۆرانییێکی سووری
ئینگلیزی بۆ چڕیم.
نه ئەو خۆره شینەی
که به تیشکه شینەکانی
کەڤاڵی ئاوابوون دەنەخشێنێ.

**هیچ شتێ موڵکی من نییه**

**من موڵکی هیچ شتێك نیم.**

## ئەوكاتانەی دێتەوە یادیان..

## ئەوكاتانەی دێنەوە یادم..

ناتوانن لە یادم بكەن
ئەو كاتانەی دێتەوە یادیان
كە من دەیان ساڵ ئەوانم
لە ژێر تاڤی باران و
لە ژێر بارانی بەرددا هەڵلەرزاند..
كە من سەدان ساڵ ئەوانم
لەنێو باخچە ڕەشەكاندا ڕاكشاند..
كە من هەزاران ساڵ
ئەوانم لەسەر شەختە سوورەكانی
بێزاریدا هەڵخلیسكاند..
كە من یەك ملیۆن ساڵ ئەوانم
لە ئامێزی پڕ لە فەنتازیای خۆمدا هەڵوەراند..
كە من دەیان ساڵ لەبەر دەروازەی بانهۆف و پاركەكاندا
لە چاوەڕوانییدا ڕۆحی خۆمم دەخەساند..
كە من سەدان ساڵ بە گریانەوە
گوڵە شینەكانم دەقرتاند..

کە من هەزاران ساڵ
هێڵی نێوانی خۆم و ژیانم دەپچڕاند..
کە من یەك ملیۆن ساڵ
هەر بە تەنیا تەمەنناکانی مەرگم دەدواند..

ناتوانم لە یاد بکەم
ئەو کاتانەی دێنەوە یادم
کە ئێوە یەك ملیۆن ساڵ
هەر بە تەنیا تەمەنناکانی مەرگتان دەدواند..
کە ئێوە هەزاران ساڵ
هێڵی نێوانی خۆتان و ژیانتان دەپچڕاند..
کە ئێوە سەدان ساڵ بە گریانەوە
گوڵە شینەکانتان دەقرتاند..
کە ئێوە دەیان ساڵ
لەبەر دەروازەی بانهۆف و پارکەکاندا
لە چاوەڕوانییدا ڕۆحی خۆتان دەخەساند..
کە ئێوە یەك ملیۆن ساڵ
منتان لە ئامێزی پڕ لە فەنتازیاکانی
خۆتاندا هەڵوەراند..
کە ئێوە هەزاران ساڵ
منتان لەسەر شەختە سوورەکانی

بێزاریدا هەڵخلیسکاند..

کە ئێوە سەدان ساڵ منتان

لە نێو باخچە ڕەشەکاندا ڕاکشاند..

کە ئێوە دەیان ساڵ منتان

لە ژێر تاڤی باران و

لە ژێر بارانی بەرددا هەڵلەرزاند..

ناتوانن لە یادم بکەن

ئەوکاتانەی دێتەوە یادیان.

ناتوانم لە یادیان بکەم

ئەو کاتانەی دێنەوە یادم.

## بۆ تاوێ من موڵکی کۆمەڵە شتێکم و
## کۆمەڵە شتێکیش موڵکی منن..

من موڵکی کۆمەڵە شتێکم.. بە نمونە:
من موڵکی لێوە ڕەنگاڵەییەکانی
مەریەمێکی ڕەنگاوڕەنگم
کە پێیەکانم ماچ دەکا.
من موڵکی مەجدەلیەم کە بە قژی خاوی
پێیەکانم وشك دەکاتەوە.
من موڵکی ئەو کاروانە شینەم
کە وەك ـ با ـ ییێکی شین وایە و
لە بیرێکی خۆڵەمێشیشدا دەرمدێنیٚ.
من موڵکی ئەو کەشتییە سپیەم
کە وەك دایکێکی سپی وایە و
لە ئۆقیانۆسێکی ڕەشیشدا دەمپەڕێنێتەوە.
من موڵکی گرووپیٚ پەڕەسێلکەی پرتەقاڵیم
کە ئاگرێکی شین فێنك دەکەنەوە.
من موڵکی پیاوێکی سپی پۆشم
کە لە چاڵێکی سوورپۆشدا
لە ژێر بەردباراندا دەرمدێنیٚ.

**من موڵکی ئەو پەیژەیە شینەم**
**کە ناهێڵێ بە مەریەمێکی ڕەنگاوڕەنگ بگەم.**
**من موڵکی ژنێکی  شینی کەسکم**
**کە ئەویش موڵکی پیاوێکی پرتەقاڵیی تاریکە.**
**من موڵکی پەپوولەیەکی دۆگمام**
**کە زوو وەك پێکەنین وابوو**
**ئێستایش وەك فرمێسك.**
**من موڵکی کۆترێکی کەناڵی (نورساتی مەسیحیم)**
**کە جارێ لە کڵێسەی گەورە لای مەتران**
**بەدزییەوە وێنەی مەمکەکانیم لێی دزی .**
**من موڵکی پێکێ ئۆزۆی ژمارە( 7)م**
**کە ئێواران لە (نووسەران)**
**بەیەکەوە یەکتر دەخۆینەوە.**
**من موڵکی خۆمم کە پێمدەڵێ:**
**قەینا بۆ تاوێ موڵکی هەموو شتێکی شتبە.**

**کۆمەڵە شتێکیش موڵکی منن.. بە نمونە:**
**کاتێ دەڕۆم، لە زەوییە ڕەشەکەی بەرپێم دەڕوانم،**
**نەبادا پێ لە مێروولەیەکی سپی بنێم**
**شانازی دەکەم کە ئەو وێنەیە موڵکی منە.**

کاتێ دەمەوێ بەرەو ئاسمان بڕۆم،
زوو دێتەوە یادم کە خودا لەناو مندایە
دەگەڕێمەوە..
شانازی دەکەم کە ئەو وێنەیە موڵکی منە.

کاتێ دەست بە قژی خاوی مەجدەلیە دادەهێنم و
لە چاڵێکی سۆرتاریکدا دەریدەهێنم
شانازی دەکەم کە ئەو وێنەیە موڵکی منە.

کاتێ ژنێکی پرتەقاڵی
لە باوەشی پیاوێکی سۆرتاریکدا ڕاکشاوە و
بیری لێوە کەسکەکانی من دەکاتەوە
شانازی دەکەم کە ئەو وێنەیە موڵکی منە.

کاتێ سڤێتلانای سۆزانی
لە ژێر ئەسپێکی ڕەشی ئەفریقی
وەڵامی تەلەفۆنەکەم دەداتەوە و دەڵێ: خۆشمدەوێی
شانازی دەکەم کە ئەو وێنەیە موڵکی منە.

**کاتێ شیعرێکی خۆم عاری عاری دەکەم و**

**لێدەگەڕێم ئێوە لە مەمکەکانی بڕوانن**

**شانازی دەکەم کە ئەو وێنەیە موڵکی منە.**

**کاتێ خۆم لە نێو شیعرێکی عاریدا،**

**عاری عاری دەکەم و بە بێدەنگیەوە هاواردەکەم:**

**لێم بڕوانن.**

**شانازی دەکەم کە ئەو وێنەیە موڵکی منە.**

**من موڵکی خۆمم کە پێمدەڵێ: قەینا بۆ تاوێ**

**هەموو شتێکی شت موڵکی تۆیە.**

**من موڵکی کۆمەڵە شتێکم**

**کۆمەڵە شتێکیش موڵکی منن**

**بەڵام بۆ تاوێ.**

## گەڕانەوە بەرەو دۆزەخ

لەوبەر ئۆقیانۆسێکی شیندا
تۆ بە هاوارێکی نەوی بانگت کردم
لەوبەر ئۆقیانۆسێکی شیندا
گوێم لە هانکە هانك و زەمزەمەی هەناسەکانت بوو
لەوبەر ئۆقیانۆسێکی شیندا تۆ گوتت:
دەتوانین لەسەر ئاوی ئۆقیانۆسدا
پیاسە بکەین و نووقمیش نەبین
دەتوانین لەسەر رەنگی مانگی
نێو ئۆقیانۆسدا خەون ببینین
دەتوانین لەسەر شەپۆلە هێورەکانی
ئۆقیانۆسدا خەونەکانمان ڕووتکەینەوە
دەتوانین لە نێو ـ با ـ ی سەر ئۆقیانۆسدا
خۆمان لەناو خەونە شینەکاندا ڕووتکەینەوە
من گوتم: عەشق ئاگرە
بەلآم ، قەینا بۆ خاتری تۆ دێمەوە دۆزەخ.

تۆ لەوبەر کەناری ئۆقیانۆسدا

بە زمانی رۆح دەدوایت و

منیش دەنگی ئاگری وشەکانم دەبیست.

من لەمبەر کەناری ئۆقیانۆسدا

فرمێسکە سوورەکانم هەڵدەوراند

تۆیش دەنگی کەوتنی دڵۆپەکانت دەبیست.

من لەمبەر بە زمانی دڵ دەدوام و

تۆیش لەوبەری ئۆقیانۆسدا باوەشێ نوور بوویت.

دەهاتی..

وەك ـ با ـ ئۆقیانۆست دەبڕی و

پرچی بەرەڵات دەنایە باوەشم

برسیەتیت بە وشە دەشکا،

نەك گۆشتی برژاوی تاووس و مامز و ماسی

تێنوویەتیت بە وشە دەشکا، نەك ئاوی باران

غەریبیکردنت بە من دەشکا،

نەك ئەو بەرازە خۆڕسکەی لای تاریکی هاتبوو

من گوتم: ئەی خودا عەشق ئاگرە

بەڵام قەینا، بۆ خاتری تۆ دێمەوە دۆزەخ.

ئێمە لەو ئۆقیانۆسەدا ڕێگامان دەستپێکرد،
پیاسەمان کرد و پێیەکانیشمان تەڕ نەبوو.
لەسەر رەنگی مانگی نێو ئۆقیانۆسدا خەونمان بینی
لەسەر شەپۆلە هێورەکانی
ئۆقیانۆسدا خەونەکانمان ڕووتکردەوە
لە نێو ـ با ـ ی سەر ئۆقیانۆسدا
خۆمان لەناو خەونە شینەکاندا ڕووتکردەوە
برسییەتیمان بە وشە دەشکاند،
نەك گۆشتی برژاوی تاووس و مامز و ماسی
تێنوویەتیمان بە وشە دەشکاند، نەك ئاوی باران
تۆ غەریبیکردنت بە من دەشکاند،
نەك ئەو بەرازە خۆڕسکەی لای تاریکی هاتبوو
من گوتم: ئای خودای گەورە، عەشق ئاگرە
بەلاّم قەینا، بۆ خاتری تۆ دێمەوە دۆزەخ.

ئێمە لە ناوەڕاستی شەقامەکەی نێو ئۆقیانۆسدا
لە یەکدیمان ڕوانی
تۆ بەکزی لای دەستی چەوتت گرت و
منیش بەلای دەستی ڕاستدا تێپەڕیم
ئێمە لە ناوەڕاستی شەقامەکەی نێو ئۆقیانۆسدا
لەیەکدیمان ڕوانی

**تۆ بەکزی لای دەستی راستت گرت و**

**منیش بەلای دەستی چەوتدا تێپەڕیم**

**لەوێوە لێکدابڕاین**

**چونکە تۆیش وەك من درۆت دەکرد.**

**چونکە منیش وەکو تۆ درۆم دەکرد .**

**من گوتم: ئای ئەی ڕۆحی گەردوون،**

**من دەمزانی عەشق ئاگرە**

**بەلاّم قەینا، بۆ خاتری درۆیە جوانەکان**

**دەگەڕێمەوە دۆزەخ.**

# جوانیی

کە جوانیی  دەتۆرێ،
دەتوانێ بچێتە کەنار دەریای مردوو و هاوار بکا
دەتوانێ لە تەنیشت ئۆرشەلیم بوەستێ و فەرمان بکا
یاخود دەتوانێ بە هێوریەوە بڵێ:
بڕۆ بەدوای سۆراخی
ئەو دڵۆپە فرمێسکانەدا بگەڕێ
کە هەڵتداونەتە نێو ئۆقیانۆس.

جوانیی ساحیرە و
زمانێکی درێژی ڕەنگاوڕەنگی هەیە
دەتوانێ فەرمانێکی لووس دەرکا و بڵێ:
لە کەناری ئۆقیانۆسدا بوەستە و
بانگی ئەو فرمێسکانەت بکە کە لە پێناوی
لەیادچوونەوە هەڵتداونەتە نێو ئۆقیانۆس ..

جوانیی خوداوەندە،

لەگەڵ عاشقاندا گرێبەستی هەیە

دەتوانێ بۆ هەمیشەیی

فەرمانی ڕەنگاوڕەنگ دەر بکا

دەتوانێ بڵێ:

بڕۆ ڕێگامدای

ئەو دڵۆپە فرمێسکانەت

لە ئاوی ئۆقیانۆس جیابکەوە

بۆ ئەوەی جارێکیتر

بۆ هەمیشەیی لە جیابوونەوە جیا ببیتەوە .

# عەرد چاوی نییە

من لێرەم لە ئاسمان.
لێرە لەنێو پیاسە تاڵ و رەشەکانی ئاسمان
لە شیرینی و سپییەتی عەرد دەڕوانم.

من لێرەم لەناو پەلکەزێڕینە.
لێرە لەنێو پیاسە رەساسییەکانی پەلکەزێڕینە
لە رەنگاڵەیی و رەنگە ڕەنگاوڕەنگەکانی عەرد دەڕوانم.

من لێرەم لەناو ئەستێرەکان.
لێرە لەنێو شینی ئەستێرە ڕەشپۆشەکان
لە گۆرانییەکانی دەریاچەیەکی سپی
باوەشی عەرد دەڕوانم.

من لێرەم لە تاقی تاقی ئاسمانەوە.
لێرە لەناو خەونەکانی خودا
لە حیکمەتەکانی ئەستێرەیەکی نارنجی دەڕوانم.

من لێرەم لە تاقی تاقی ئاسمانەوە
تۆ لێم دەڕوانیت و ناشم بینی..
چونکە عەرد چاوی نییە.
تۆ لێم دەڕوانیت و ناشم بینیت..
چونکە عەرد دڵی نییە.
تۆ لێم دەڕوانیت و ناشم بینیت..
چونکە عەرد هەست و ڕۆحی نییە.
تۆ لێم دەڕوانیت و ناشم بینیت..
نەك لەبەرەوەی چونکە عەرد چاوی نییە.
تۆ لێم دەڕوانیت و ناشم بینیت..
نەك لەبەرەوەی چونکە عەرد دڵی نییە.
تۆ لێم دەڕوانیت و ناشم بینیت..
نەك لەبەرەوەی چونکە
عەرد هەست و ڕۆحی نییە.
تۆ لێم دەڕوانیت و ناشم بینیت..
تەنیا لە ترسی ئەو ورچە رەشەی
کە بەیانیان دەستە تووکن و تورتەکانی
لەسەر مەمکەکانتدا ماچ دەکەیت و
وا دەزانی ئەوانە دەستی منن
نەك هی ورچێکی رەش.

**ئاشکرایە لەو ماچە پەشیمانیت**

**بەلاّم هێشتایش کە لە ئاسمان دەڕوانیت، نامبینی**

**هێشتایش کە لە ئاسمان لێم دەڕوانیت، نامبینی**

**نەك لەبەرەوەی چونکە عەرد چاوی نییە**

**نەك لەبەرەوەی چونکە عەرد دڵی نییە.**

**نەك لەبەرەوەی چونکە عەرد هەست و ڕۆحی نییە.**

**تەنیا لە ترسی ئەو ورچە رەشەی**

**کە بەیانیان پەنجە کورتەکانی**

**لەسەر مەمکەکانتدا ماچ دەکەیت و**

**وا دەزانی ئەوانە دەستی منن، نەك هی ورچێکی رەش.**

# دزی نەکردن لە خوا

یەکێ لە خاسییەتەکانی من ئەوەیە:
تۆ لە خۆت و
ئەوان لە خۆیان و
ئێوە لە خۆتان بدزم.

بەڵام هەرگیز
من ئەو خاچسازە لە خاچدراوە دزە نیم
ئێوە و
ئەوان و
تۆ
لە خوا بدزم.

بەڵام من هەرگیز
ئەو خاچسازە دزە لە خاچدراوە نیم
خوا لە
ئێوە و
ئەوان و
تۆ
بدزم.

# دەبێ بڕۆم

پرچت بەسەر سینەمدا پەخشان بکەیت و
پرچیشت بەسەر سینەما پەخشان نەکەیت
بە ماچە سپیەکانت دڵم بشۆریت و
بە ماچە سپیەکانیشت دڵم نەشۆری
بە فرمێسکە کەسکەکانت عومرم ئاودەیت و
بە فرمێسکە کەسکەکانیشت ئاوی نەدەیت
لە قاقادەیت و بگریت و
لە قاقا نەدەیت و نەشگرییێیت
هەر چییەك بکەیت و هەر چییەکیش نەکەیت،
ئاخر دڵم، من لە ڕێگای ـ با ـ وە،
پەیمانم بە خوا داوە
هەر دەبێ بچمەوە باوەشی ئەو.

پرچت بکەیتە بخوور و
لە باسکتی لوول بدەیت
پرچت نەکەیتە بخوور و
لە باسکیشت لووڵی نەدەیت
شەرم نەکەیت و بەسەر سینەما ڕابکشێیت و
هاواری هاتنەوەم بکەیت
شەرم بکەیت و بەسەر سینەمدا ڕانەکشێیت و
هاواری هاتنەوەشم نەکەیت
بڕیار بدەیت لەگەڵم بێیت و پێشڕانەگەیت
بڕیار نەدەیت بێیت و پێشڕابگەیت
هەر چییەك بکەیت و هەر چییەکیش نەکەیت
ئاخر دڵم،
من لە ڕێگای ـ با ـ وە
پەیمانم بە خوا داوە
هەر دەبێ بچمەوە باوەشی ئەو.

# له کەنارەکانی بیابانی بێ مەبەستیدا

دەکرێ بڵێین: بێجیاوازی هەموو مەبەستێك
له پێناوی بێ مەبەستیی له دایکدەبێ و
بێجیاوازیش هەموو ئاکامێك له پێناوی بێ ئاکامیی.
مەبەست له بنەڕەتدا لەسەر خاکی بێمەبەستیی رواوه و
درەختێکه، گەڵا دەکا و هەوڵدەدا
له پێناوی ئەوەی هەوڵبدا
به سنوورەکانی بێ مەبەستیی بگا.
ئاکام له بنەڕەتدا لەسەر خاکی بێ ئاکامی رواوه و
درەختێکه، گەڵا دەکا و هەوڵدەدا
له پێناوی ئەوەی هەوڵبدا
به سنوورەکانی بێ ئاکامیی بگا.
بۆیه ئاساییه که بڵێین:
بێجیاوازی هەموو مەبەستێك
له پێناوی بێ مەبەستی له دایکدەبێ و
بێجیاوازیش هەموو ئاکامێك له پێناوی بێ ئاکامی.

## وێنەی باوکێك لەسەر لەوحی رۆح

ئەوەیان تەنیا وێنەی دەموچاوی
درەوشاوەی باوکی تۆ نییە
کە بەسەر لەوحی رۆح و
بەسەر پەنجەرەی سینەتەوە هەڵتواسیووە.
ئەوەیان تەنیا وێنەی گەشاوەی
دەموچاوی باوکی تۆ نییە
کە لەنێو برینەکانتەوە
وەك ئاگر داگیرساوە و دەدرەوشێتەوە.
ئەو وێنە شینەی سەر دیوارە شینەکانی ئاسمان
تەنیا وێنەی دەموچاوی پڕ لە ئیشراقی باوکی تۆ نییە
کە بێحیساب دەگەشێتەوە.

پێش ئەوەی من ئەو وێنەیە ببینم
کە بەسەر لەوحی رۆحتەوە هەڵتواسیوە.
پێش ئەوەی من ئەو وێنەیە ببینم
کە لەنێو برینەکانت دەدرەوشێتەوە.
پێش ئەوەی من ئەو وێنە شینە ببینم
کە لەسەر دیوارە شینەکانی ئاسمان دەگەشێتەوە.

**گەنجێکی بێ گۆرەوی گوتی: ئەی دز**
**هەرگیز ئەو وێنە شینە،**
**بە تەنیا وێنەی دەموچاوی شینی باوکی تۆ نییە.**
**ئەو وێنە شینەی سەر لەوحی رۆح و**
**سەر پەنجەرەی سینەت**
**ئەو وێنە شینەی سەر دیوارە شینەکانی ئاسمان**
**ئەو وێنە شینەی کە لە سەرزەمیندا پێدەکەنێ**
**ئەو وێنە شینەی کە لە سەرەوە قاقا پێدەکەنێ**
**وێنەی باوکی منیشە.**

**ئەو باوکە شینەی کە لە سەرەوە لە عەرد دەڕوانێ**
**ئەو باوکە سپییەی کە لە عەردەوە**
**لە ئاسمان دەڕوانێ باوکی منیشە.**

**بۆیە ئەوەیان تەنیا وێنەی باوکی تۆ نییە**
**کە بە لەوحی رۆحتەوە هەڵتواسیووە.**
**ئەوەیان تەنیا وێنەی باوکی تۆ نییە**
**کە لەنێو برینەکانتەوە دەدرەوشێتەوە.**
**ئەو وێنە شینەی سەر دیوارە شینەکانی ئاسمان ت**
**ەنیا وێنەی باوکی تۆ نییە**
**کە بێحیساب دەگەشێتەوە.**

## گەردوونییەتی شوێن

به ئاماژەی پەنجەکانم گەردوون دەبینم..
تێیدەگەم و تێشیناگەم
به ئاماژەی پەنجەکانم له زەمەن دەڕوانم..
دەیبینم و ناشیبینم
هەموو گەردون لەسەر
کۆشی مندا رۆنیشتووه و سووکیشه.
هەموو زەمەن لەناو لەپەکانی  مندا
پیاسه دەکا و پێشناکەنم.
ئایا ئەوه سەردەمی گەردونییەتی جێیه یا خەون؟
ئایا ئەوه سەردەمی جیهانیبوونی زەمەنه یا وەهم؟

من به ئاماژەی پەنجەکانم
گەردوون دەبینم، تێشیناگەم
هەموو گەردوون لەسەر
کۆشی مندا رۆنیشتووه، سووکیشه
ئایا ئەوه سەردەمی گەردوونییەتی جێیه یا خەون؟

من بە ئاماژەی پەنجەکانم

زەمەن دەبینم

کەچی هێشتا دڵم تەنگە

هەموو زەمەن

لەناو لەپەکانی مندا رۆنیشتووە

کەچی پێشناکەنم

ئایا ئەوە سەردەمی

جیهانیبوونی زەمەنە یا وەهم؟

## پەنجەرەیەك

## لە ئاپارتمانەکەی (هێر شمید)"

هەندێجار لە پەنجەرەی
ئاپارتمانەکەی (هێر شمید)ەوە دەمڕوانی
دارستان یەکپارچە باڵیدەگرت و بە رووتی دەفڕی
کەس کەس نەیدەزانی بەرەو کوێ
بە رووتی هەڵدەفڕێ دارستان.
هەندێجار لە پەنجەرەکەوە دەمڕوانی
درەختێك بە شەرمەوە دەیدواندم
من نەبێ کەس نەیدەزانی چی دەویست
ئەو درەختەی کە بە شەرمەوە دەیدواندم.
هەندێجار لە پەنجەرەکەوە دەمڕوانی
دارستان بەرووتی سەمای دەکردو
هیچ درەختێکیش نەیدەدواندم.
جگە لە ئێوە تەنانەت منیش نەمدەزانی
بۆچی دارستان بەرووتی سەمای دەکرد و
هیچ درەختێکیش نەیدەدواندم.

هەندێجار لە پەنجەرەکەوە دەمڕوانی و
لەبەر خۆمەوە دەمگوت:
خۆزگە ژیانیش
بە قەد ئەو پێکەی بەردەمم بە وەفابووایە.
من نەبێ کەس نەیدەزانی
بۆچی پێویست بوو
ژیانیش
بە قەد ئەو پێکەی بەردەمم بە وەفابووایە.
هەندێجار لە پەنجەرەکەوە لە خۆمم دەڕوانی
پێم سەیربوو هەموو ژیانی خۆمم
لەو پەنجەرەیەدا بەڕێکردبوو
بێگومان جگە لە ئێوە،
تەنانەت منیش نەمدەزانی
بۆچی هەموو ژیانی خۆمم
لەو پەنجەرەیەدا بەڕێکردبوو.

## ئەوان میهرەبانترن

بە بێدەنگیی سەرینی باوەڕن و
پەپوولەکانی باوەڕن، پڕ دەکا لە ئیشراق و میهر.
کەس نازانێ لەنێو تاریکی کامە خیابان و
لە ژێر ترووسکانەوەی گڵۆپی کامە گۆڕەپان و
لە پەنای کامە خێوەتی سێرك
خوێنی دڵی خۆی بە ئاسمان و زەمیندا پەخشان دەکا!
بۆ ئەوەی ژێر سەرینی باوەڕن و
پەپوولەکانی باوەڕن پڕ بکا لە ئیشراق و میهر.

ئەوان میهرەبانترن
هەموومان دەزانین ئەوان
بە وشە و بە هەڵوەراندنی
لێزمە لێزمەی خوێنی دڵیان
بە فرۆشتنی هەمیشەیی مەمکەکانیان
بە فرۆشتنی هەمیشەیی پەنجە باریکەکانیان
بە فرۆشتنی هەمیشەیی رەنگی لێوەکانیان
بەشێ لە تێنوویەتی نیشتمان کەمتر دەکەن
بۆیە دەبێ هەموومان بزانین کە ئەوان میهرەبانترن.

ئەوان باوەش لە باوەشی بارینی بۆنی خوێن دەکەن
باوەش لە باوەشی بارینی تامی زهایمەر و
باوەش لە باوەشی بارینی رەنگی هیستریا دەکەن.
ئەوان باوەش لە باوەشی نیشتمان و
باوەش لە باوەشی بارینی
مەرگێکی ناکۆتای بێحیساب دەکەن.
بۆیە دەبێ هەموومان بزانین کە ئەوان میهرەبانترن.

بە بێدەنگیی سەرینی باوەژن و
پەپوولەکانی باوەژن پڕ دەکا لە ئیشراق و میهر.
کەس نازانێ لە ژێر گڵۆپی کامە گۆڕەپان و
لە پەنای کامە خێوەتی سێرك و
لەنێو تاریکی کامە خیابان
خوێنی دڵی خۆی پەخشان دەکا
بۆ ئەوەی ژێر سەرینی باوەژن و
پەپوولەکانی باوەژن پڕ بکا لە ئیشراق و میهر.
بۆیە دەبێ هەموومان بزانین
کە سۆزانییەکان بۆ هەمیشەیی میهرەبانترن.

## ئەورووپای شین

ڕەنگە هەندێجار وا بیر بکەمەوە
ئەورووپا ژنێکی خانەدانی مەمك پرتەقاڵییە
ئەورووپا تاووسێکی مەست و
خەونێکی شینی سەرەڕۆیە
هەموو بەیانیەك
بە پێستی ناسکی مەمکەکانی
بە بۆنی نیگاکانی
داتدەپۆشێ و دڵیشی
لە ژێر کاژەڵەت جێدێڵێ و دەڕوا
ئەورووپا ئومێدێکی ماڕۆنییە و
هەموو سەحەرێك
دوای بڕینی ئۆقیانۆس
خۆیی و هەندێ رووناکی رۆحی ترێ دەگەڕێتەوە و
بە زمانی تریفە و بە دیالێکتی ئیشراق پێتدەڵێ:
سپێدە باش گیان، بۆ ئەو بەیانییەش
تیشکی خۆرم بۆ هێناوی فەرموو خۆت تێرکە
بۆ ئەو بەیانیەش تیشکی خۆرم بۆ هێناوی.

ڕەنگە هەندێجار وا بیر بکەمەوە
ئەوروپا سۆزانییێکی شەریف و
موحەجەبە و خانەدانە
هی هەمووانە و هی کەسیش نییە
- با - یێکی عاقڵ و دڵڕەقە
دەرسی پەشیمان نەبوونەوەت پێدەدا
کتێبێکی نامۆیە و هاوار دەکا:
لەو شەقامەدا پیاسە بکە و پێبکەنە
چونکە گریان بۆ رابردوو
تەنیا گریانە بۆ رابردوو.

هەندێجار وا بیر دەکەمەوە
ئەوروپا خانمێکی خانەدانی چاو سەوزە
مەمکەکانی خۆی دەخاتە نێو لەپەکانت و
دەڵێ: ها فەرموو ئەوە ژیانە
واز لە ئایندە بێنە و
تابلۆی ئێستاتی لەسەر بکووتە.
گەردەنی سپی دینێ و دەڵێ:
ها وێنەی ناوەوەی خۆتی لێبکێشە.

گەردەنی سپی دینێ و دەڵێ: ها حەز دەکەی وێنەی
ـ با ـ یەکی تەمبەڵی لەسەر بکووتە
کە هەمیشە خەوی دێ.
حەز دەکەی وێنەی بەردێکی لەسەر بکووتە
کە راوەستانی بۆ نییە و
خەو ناچێتە چاوانییەوە.
بە ئارەزووی خۆت دەتوانی
هەموو وێنەیەك لەسەر گەردەنم بکێشی.

هەمووماندەزانین ئەوروپا ژنێکی شاعیرە
تار و پیانۆ و ڤیۆلۆنیش دەژەنێ
کچێکی چاو کەسکی بالأبەرز و ساحیرە
دەتوانێ بتکاتە شێتێ
کە تاجی گەردوونێکی سەربەخۆ بخەیتە سەر
ئەوروپا ژنێکی خانەدانە و
هەموو شتێکت پێدەبەخشێ.
کە میوانی دەبی لەسەر سفرەکەی ئەو
حۆری و پیاوی عاری دەبینی سەمادەکەن
تاك دەبینی ئەو هیچ کەس نابینی
سەیرە ئەو خوانە
کە لێیدەڕوانی تەنیا و تەنیا

بزە و پێکەنینی باڵندەکان دەبینی..
تەنیا و تەنیا فڕینی بێسنووری
دارستان و بیابان و ئۆقیانۆس دەبینی
- بەرەو کوێ ؟
- کەس نازانێ!

هەندێجار وا بیر دەکەمەوە ئەوروپا
شێتخانەیەکە خوا تایبەت بۆ شاعیرانی داناوە
جەستەیەکە تا شاعیران
بە وشەی ئاویی لەسەری بنووسن
کەچی من پێدزکێم کرد و
ئێستا لەودیو سنوورەکانی ئەو شێتخانەیەم
وا دیارە من شاعیر نیم.
ئێستا بە تەواوی دیارە کە من شاعیر نیم.

## هەر تۆ نیت

هەر تۆ نیت ئەی گۆشەساز، ئەی گۆشەگیر،
منیش وەك تۆ بەر لەوەی خۆم
بە دووش و تاڤی منداڵیی شۆریبێ
لافاو و لێشاوی پیریی لێیداوم.
بەر لەوەی بۆنی هەتاوی جەستە و
بۆنی خوێنی عەشقم کردبێ
لە تامی ساغەری مەرگ تێگەیشتووم.
منیش وەك تۆ بێ گۆڕەوی
بەنێو دارستانی بەرددا رامکردووە.
هەر تۆ نیت ئەی گۆشەساز، ئەی گۆشەگیر،
منیش وەك تۆ بەر لەوەی منداڵیم
لە باوەشما راهەژاندبێ
لەگەڵ پیریی زۆرجار لە ئامێزی یەکتری راکشاوین.
هەر تۆ نیت ئەی گۆشەساز، ئەی گۆشەگیر،
منیش وەك تۆ رەنگە دوای مردنم لەدایکبم.

یان کێ ناڵێ فشە دەکەم؟

# عەشق خودایە

جارێ لەگەڵ تابلۆدا بە نێو ڕەنگی عەشقدا تێپەڕیوی؟
لەگەڵ گوڵدا بە نێو عەتری عەشقدا تێپەڕیوی؟
لەگەڵ تامدا بە نێو چێژی عەشقدا تێپەڕیوی؟
عەشقت دیوە؟ ماچت کردووە؟
لەسەر سینگی بە ڕووتی ڕاکشاوی؟

گەر (ئا) بێ وەڵامت..

ئەوە تۆ لەگەڵ تابلۆدا بە نێو ڕەنگی خوادا تێپەڕیوی.
لەگەڵ گوڵدا بە نێو عەتری خوادا تێپەڕیوی.
لەگەڵ تامدا بە نێو چێژی خوادا تێپەڕیوی.
خوداوەندت بینیوە، ماچت کردووە
لە ئامێزی ڕاکشاوی
چونکە عەشق خودایە و
خوداش عەشق.

## هاولاّتیبوونی زمان

هەمیشە بە چاوێلکەی ـ با ـ
لە هاولاّتیبوونی زمان دەڕوانم.
بە چاوێلکەی ئەو حالّەتانەیش کە ـ با ـ
گەمە لەگەڵ گەلاّکانی دارپرتەقاڵێك دەکا
لە خۆشەویستی و
لە ژیان و
لە مردن دەڕوانم.
کە تێربووم ئینجا
بە چاوێلکەی مردن و ژیان و
خۆشەویستی لە خۆم دەڕوانم
بۆ هەمیشەیش بە چاوێلکەی
رۆحی خۆم لە تۆ دەڕوانم
ئۆه ڕۆحی گەردوون، خودای من.

## دووکەڵی گوناح و
## گوناحەکانی دووکەڵ

بۆنی چڕی دووکەڵێکی رەش
لە دارستانی چڕی سەرم
وەك تەمی سووری سەر دەریا
روو لە باوەشی رۆحی جیهان باڵدەگرێ.

بۆنی چڕی دووکەڵێکی رەش
وەکو شەپۆل هەنگاوی نا و
رۆحی پیرۆزی داگیرکرد.

بۆنی چڕی دووکەڵێکی رەش
ماڵە ئاوییەکانی گەڕەکێکی ئاویی داگیرکرد.

بۆنی چڕی دووکەڵێکی رەش
تەواوی ئاسمانی رەش و
زەمینی رەشی داگیرکرد.

دووکەڵ.. دووکەڵ.. دووکەڵی چڕ
بۆنی چڕی دووکەڵێکی چڕ
پێکەنینە سپییەکانی رۆحی گەردوونی وێران کرد.

بۆنی چڕی دووکەڵێکی چڕ
لە رۆژی لەدایکبوونی رۆحی پیرۆز
پێکەنینە شینەکانی رۆحی گەردوونی وێران کرد.

ئۆه خودا، ئەوە بۆنی گوناحە یا بۆنی دووکەڵ؟

لە دارستانی چڕی سەرم
وەك تەمی سووری سەر دەریا
روو لە باوەشی رۆحی جیهان باڵدەگرێ گوناح.

بە بۆنێکی چڕ و رەش هەنگاوی ناو
رۆحی پیرۆزی داگیرکرد گوناح.
بە بۆنێکی چڕ و رەش
ماڵە ئاوییەکانی گەڕەکێکی ئاویی داگیرکرد گوناح.
بە بۆنێکی چڕ و رەش
تەواوی ئاسمانی رەش و زەمینی رەشی داگیرکرد گوناح.
گوناح.. گوناح.. گوناحی چڕ

به بۆنی چڕی دووکەڵێکی چڕ
پێکەنینە سپییەکانی
رۆحی گەردوونی وێران کرد گوناح.
بە بۆنی چڕی دووکەڵێکی چڕ
لە رۆژی لەدایکبوونی رۆحی پیرۆز
پێکەنینە شینەکانی
رۆحی گەردوونی وێران کرد گوناح.
ئۆه خودا، ئەوە بۆنی دوکەڵە یا بۆنی گوناح..؟

پەپوولەکانیش لەناو گوناحەکانی دووکەڵ و
دووکەڵەکانی گوناحدا ئاوزینگ دەدەن.
پەپوولەکانیش لەناو دوکەڵەکانی گوناح و
گوناحەکانی دووکەڵدا دەخنکێن.
فریشتەیێ بە وەریوی لە بەهار دەڕوانێ
کە لەنێو زستانی دووکەڵدا هەڵدەوەرێ.
فریشتەیێ لەناو هاواری خۆی دانیشتووە و
لە هاوار دەڕوانێ کە لەناو هاواردا هەڵدەوەرێ.
فریشتەیێ هەوڵدەدا خەون ببینێ
بۆ ئەوەی لەناو خەوندا هەوڵبدا خەون ببینێ.
منیش دەنگی گوناح و پێکەنینی دووکەڵم گوێ لێیە.
منیش پێکەنینی دووکەڵ و رەنگی گوناحم گوێ لێیە.

جا چی ماوە من گوێم لێنەبێ؟

گوێم لێیە ژنێك لەناو گریان دانیشتووە و ك

تێبی سپی دەخوێنێتەوەو لێم دەڕوانێ:

﴿ كاتێ لە دەروازەی شار نزیك بۆوە،

تەرمێكی بینی بەسەر شانەوە،

ئەویش كوڕی تاقانەی بێوەژنێك بوو،

خەڵكێكی زۆری لەگەڵ دابوو،

كاتێ خوداوەند ژنەكەی بینی..

بەزەیی پیا هاتەوە، پێی ووت:(مەگری) ..

ئینجا هاتە پێشەوە و دەستی لە دارمەیتەكەدا،

هەلگــرانی تەرمەكە راوەستان،

خوداوەند وتی: (ئەی كوڕی گەنج بە تۆ دەڵێم: هەستە).

مردووەكە راست بۆوە و دەستی كرد بە قسە كردن.﴾

من دەستم لە دارەبازەكەدا و

دارستانی سەرمم لەنێو

ئاگرەكانی گوناحدا دەربازكرد.

من دەستم لە دارەبازەكەدا و

گەڵاكانی درەختی بەهارم

لە زستانی دووكەڵ سەندەوە.

**من دەستم لە دارەبازەکەدا و**

**پەپوولەکانم لەناو دووکەڵەکانی**

**گوناح و گوناحەکانی دوکەڵ دەربازکرد.**

**ئۆهـ رۆحی گەردوون سوپاس بۆ تۆ**

**ئێستا من دوور لە گوناحەکانی دووکەڵ و**

**بەبێ دووکەڵەکانی گوناح**

**ئێستا من بەبێ دووکەڵی گوناحەکان و**

**دوور لە گوناحەکانی دووکەڵ**

**لەسەر کورسی سامالْدا بە بێدەنگی رۆنیشتوومە و**

**ئەو شیعرە بە منداڵیی بۆ داهاتوو دەخوێنمەوە.**

**ئەو شیعرە بە گەنجی بۆ ئێستا دەخوێنمەوە.**

**ئەو شیعرە بە پیری بۆ رابردوو دەخوێنمەوە.**

## جگە لەو شیعرە چی دەبینی؟

بۆچی تاجێ لە هەتاو ناخەیتە سەرت و
لە ئاوێنەیەك تەماشای پەنجەکانت ناکەیت؟
ئەوانەی دەیبنی خۆ پەنجە نین.. هەورن..
لە جیاتی دڵۆپی وردی باران،
حەرفی درشت و ساحیر دادەبارێنن.
ئەوانەی دەیبنی خۆ پەنجە نین.. ئاگرن..
لە جیاتی مەتریال، رۆحی جیهان و
جیهانی خوا دەسوتێنن.
بۆچی تاجێ لە هەتاو ناخەیتە سەرت و
لە ئاوێنەیەك تەماشای پەنجەکانت ناکەیت؟

لەو ئاوێنەیە لە خۆت بڕوانە.. بزانە چی دەبینی؟
ئەوەی بەسەرتەوەیە خۆ تاریکایی شەو نییە..
تاجێکی رەشە دەدرەوشێتەوە.
ئەوەی بەسەرتەوەیە خۆ تەنیا پێکێکی رەش نییە ..
تاجێکی زەردە و دەڕۆشنێتەوە.

سورەتێکە، باسی خوشکی سوڵتان و
شازادەی نێو ئەفسانەکانت بۆ دەکا.
ترامێکی ئێکسپرێسە، باسی وێستگەکانی
رووتبوونەوەت بۆ دەکا.
لەو ئاوێنەیە لە خۆت بڕوانە.. .بزانە چی دەبینی؟
ئەوەی بەسەرتەوەیە خۆ تاریکایی شەو نییە
تاجێکی رەشە دەدرەوشێتەوە
لە خۆت بڕوانە ئەوەی دەیبنی
خۆ سەرت نییە رابردووی بارکردبێ
کەشتییێکە.. ئێستا و ئێستایش
هەزارەها حۆری مۆن و عاری هەڵگرتووە.
ترامێکە.. ئێستا و ئێستایش
هەزارەها شازادەی برینداری بارکردووە.
لە ئاوێنەی رابردوو لە خۆت بڕوانە، بزانە چی دەبینی؟
ئۆه خودا بزانە لەو ئاوێنەیەدا چی دەبینی؟

له بەرامبەر ئاوێنەیەکی مەلەکی بووەستە و
له رۆحت بڕوانە.. چی دەبینی؟
ئەوەی دەیبنی خۆ تەنیا رۆحێکی سەرمەست نییە..
بازیشە/ بەلاّم بازێکی قەلەق
له جیاتی پرۆڤەی پیاسەکانی سەر بیابان
له سەنتەرە رەنگاوڕەنگەکاندا،
ماری رەنگاوڕەنگ راو دەکا.
ئەوەی دەیبینی خۆ رۆحێکی بەردین نییە..
هەنگە/ بەلاّم هەنگێکی جیا
له شەڕی پێوەدانا مردن نایگرێ.
له بەرامبەر ئاوێنەیەکی مەلەکی بووەستە و
له رۆحت بڕوانە.. چی دەبینی؟

له بەرامبەر من بوەستەو باش باش لێم بڕوانە..
بزانە چی دەبینی..؟
ئۆه خودا بزانە لەو ئاوێنەیەدا چی دەبینی
جگە له شیعر؟

# ماڵی من

نە من بە هەتاوی ئێرە خۆم دەشۆم  و
نە ئێرەیش بە حەرفەکانی من.
بۆ هەمیشەیی ئێرە بەشێك
یان گۆشەیەك نییە لە ماڵی من.
گۆشەیەك یان بەشێك نییە لە شانازییەکانی من.
بەشێك نییە و گۆشەیەکیش نییە
لە پێکەنینە سپییەکانی من.
ئاخر بە ئارەزووی من نییە!

لەوانەیە ماڵی من
لە تەنیشت ماڵی تەم بێ و
لە تەمیش نەبێ.

ماڵی من لەوانەیە
لە بەفربێ و
لە تەنیشت ماڵی بەفریش نەبێ.

لەوانەیە من بەشێك بم
لە مەودای نێوانی باخچە و بیابان و
نێوانی بیابان و باران.

لەوانەیە تۆ بەختەوەر بیت
کە ئەدرێسی من لەوێندەرە.
پێدەچێ منیش دڵخۆشبم
کاتێ کە لە زەمین ناڕوانم..
چونکە بۆ هەمیشەیی ئێرە بەشێك
یان گۆشەیەك نییە لە ماڵی من.
گۆشەیەك یان بەشێك نییە
لە شانازیەکانی من.
ئاخر بە ئارەزووی من نییە!

بۆ هەمیشەیی ئێرە بەشێك نییە لە ماڵی من.
بەشێك نییە لە من.
لە شانازییەکانی من.
ئاخر بە ئارەزووی من نییە !

ڕەنگە هەمیشە بۆ من ئاسمانێك هەبێ لێی بڕوانم
بۆ هەمیشەیی ئەستێرەیەك هەبێ تێیدا هەڵاژییێم
فنجانێك هەبێ زەمینی تیا بخوێنمەوە
بەردێکی شین هەبێ لەگەڵی بدوێم
ئاخر بە ئارەزووی من نییە!

ئەو پارچە زەمینە بەرتەسکە ماڵی من نییە
هەمیشە بۆ من ماڵێك هەیە
لە نێوانی بیابان و زەمەند
لە نێوانی فنجان و خوێندنەوە و
لە نێوانی بەردێکی شین و ئارەزوو
بۆ هەمیشەیی ئێرە بەشێك
یان گۆشەیەك نییە لە ماڵی من.
گۆشەیەك یان بەشێك نییە
لە شانازیەکانی من.
نا، نەخێر.. بە ئارەزووی من نییە!

ڕەنگە ئەوێ زەمینی شانازیەکانی من بێ .
ڕەنگە ماڵی من بکەوێتە نێوانی ڕۆژ و شەو .
نێوانی دەریا و بیابان.
نێوانی سنوورەکانی شەیتان و خودا ..
نێوانی بەفر و سوتان و تەزین و ئاگر
نێوانی ماڵی وشە و ماڵی دەنگەکان .
نێوانی ماڵی ڕەسم و ماڵی ڕەنگەکان .
ڕەنگە ماڵی من لەوێ بێ نەك لای ماڵی
ئەو بەردانەی کە دەتوانن
وەك ـ با ـ غاربدەن و گۆرانیش بلێن.

ماڵی من لەوانەیە لە تەنیشت
ماڵی تەم بێ و لە تەمیش نەبێ
ماڵی من لەوانەیە لە بەفربێ و
لە تەنیشت ماڵی بەفریش نەبێ
لەوانەشە گۆرانییێکی کورت کورت بێ
کە کەس نازانێ کەی دەگوترێ؟
من گوتم.. بە ئارەزووی من نییە!

کەس نازانێ بۆچیماڵی من
لە ماڵی کەسانیدی ناچێ!
ماڵی من ڕەنگە ماڵێك بێ
جیا لەو ماڵانەی ئێوە تێیدا
وێنەی دەنگی قاقا دەکێشن و
پێدەکەنن و ناتوانن
تێیدا ئاوازی هاتنە خوارەوەی
فرمێسك بژەنن.
ماڵی من ڕەنگە ماڵێك بێ
جیا لەو ماڵانەی ئێوە تێیدا
تابلۆی دەنگی مردن دەکێشن و ناتوانن
ئاوازی شنانەوەی گەڵاکانی ژیان بژەنن.
من گوتم: ئاخر خۆ بە ئارەزووی من نییە!

نە من ئێرەم و نە ئێرەیش من
بۆ هەمیشەیی ئێرە بەشێك
یان گۆشەیەك نییە لە ماڵی من.
گۆشەیەك یان بەشێك نییە
لە شانازییەکانی من.
بەشێك نییە و گۆشەیەکیش نییە لە من.
من گوتم: ئاخر بە ئارەزووی من نییە!

## پەیمانی سپی

پێدەچێ زستانێکی تووڕە هەڵیکردبێ
لەناو بیابان و لەناو دارستان
برادەران بیرتان نەچێ
ئێمە پەیمانمان داوە
بە زستان و بە بیابان و بە دارستان
ئێمە پەیمانی سپیمان داوە
بە یەکەوە سەفەر بکەین
بیرتان نەچێ سەفەر پەیمانی سپیداوە
لەگەڵ ئێمە سەفەر بکا.

برادەران بیرتان نەچێ
ئێمە پەیمانی سپیمان داوە
بە بیابان و بە دارستان و بە زستان
هەر یەکەو خاچی خۆی لە کۆڵ بکا
ئەوەشتان بیر نەچێ کە مەرگێکی بە پەیمان،
پەیمانی سپی داوە
بەبێ جیاوازی هەمووومان لە کۆڵ بکا ..

برادەران بیرتان نەچێ
ئێمە پەیمانی سپیمان داوە
بە یەکەوە سەفەر بکەین
بیرتان نەچێ
سەفەر پەیمانی سپیداوە
لەگەڵ ئێمە سەفەر بکا.

## شیعر تەنافی نێوانی

## ـ با ـ و ـ با ـ یە

ئەی شیعر تەنیا تۆم هەیە
بمبەیتە لای ئەو دڵۆپانەی
کە دادەبارن و خاکیش تەڕ ناکەن.

تەنیا تۆم هەیە
بمبەیتە لای ئەو دەستە نایابانەی ـ با ـ
کە خەونەکانی ـ با ـ دەدورن.

تەنیا تۆم هەیە
بمدەیتە باران لەو کاتەی
کە دەستگیرانی بیابانە.

تەنیا تۆم هەیە
بمدەیتە ـ ئاو ـ لەو کاتەی
کە بە زۆر بۆتە ژنی لم.
تەنیا تۆم هەیە بمکەیت بە هی ئەو
تەنیا تۆم هەیە کە بیکەیت بە هی من.

ئەی شیعر
تۆ نەبی سەر نابێتە
پەروانەییێك و
بە دەوری ـ با ـ دا نامخولێنێتەوە.
تۆ نەبی چاو نابێتە ـ با ـ و
گۆرانی بۆ وەرینی بتەکان ناچڕێ.
تۆ نەبی من هەرگیز نابم بە هی ئەو.
ئەویش هەرگیزا و هەرگیز بە هی من.

**ئەی شیعر**

**کاتت هاتووە ببیت**

**بە تەنافی نێوانی ـ با ـ و ـ با ـ؟**

**بە تەنافی نێوانی بەرد و بەرد؟**

**بە تەنافی نێوانی ـ با ـ و بەرد؟**

**بە تەنافی نێوانی بەرد و ـ با ـ؟**

**بە تەنافی نێوانی بت و بت؟**

**بە تەنافی نێوانی**

**ـ با ـ یەکان و بەردەکان و بتەکان و**

**بە تەنافی نێوانی**

**من و خۆم و**

**بە تەنافی نێوانی**

**تۆ و خۆت و**

**بە تەنافی نێوانی من و تۆ و**

**بە تەنافی نێوانی تۆ و من؟**

## لێکچوون و جیاوازیەکان

ڕەنگە من ڕەنگم هەبێ، ڕەنگێکی ڕەش،
بۆیە پێویست نییە بە سپییەتی بڵێم:
تاکە خۆشەویستی شەو ڕۆژەو
تاکە عاشقی ڕۆژیش، شەو
ڕەنگە تۆ ڕەنگت هەبێ، ڕەنگێکی سپی،
بۆیە پێویست نییە بە ڕەشییەتی بڵێی:
شەو عاشقی سەرمەستی ڕۆژەو،
ڕۆژیش خۆشەویستی سەرمەستی شەو.

ئێستا دیارە
ئێمە بە قەد ڕەنگەکانی نێوانی شەو و ڕۆژ  و
ئێمە بە قەد ڕەنگەکانی نێوانی ڕۆژ و شەو لێکجیاین.

**بەڵام چونکە تۆ**

**دۆڕاوێکی بەڕەڵڵایت و**

**لە زەمەنەوە هاتووی .**

**بەڵام چونکە منیش**

**دۆڕاوێکی بەڕەڵڵام و**

**لە زەمەنەوە هاتووم .**

**ئێمە بەقەد کاتژمێرەکانی**

**ڕۆژ و شەو لەیەك دەچین**

**ئێمە بەقەد کاتژمێرەکانی**

**شەوەکان و ڕۆژەکان لەیەك دەچین.**

**کەوابێ ئێستا دیارە**

**ئێمە هێندەی جیاوازی نێوانی**

**ڕۆژ و شەوەکان لێکجاین و**

**هێندەی لێکچوونی کاتژمێرەکانی**

**شەو و ڕۆژەکانیش لەیەك دەچین.**

# ڕەنگە من بم و ڕەنگە منیش نەبم!

ئەوەی کە دەیبینی ڕەنگە من بم و
ڕەنگە منیش نەبم
کە لەگەڵ بەردە زۆرخۆرەکان
کۆنکان دەکا و کحول فڕدەکا و
سەرخۆش دەبێ و سەرخۆشیش نابێ !

ئەوەی کە دەیبینی ڕەنگە سێبەری من بێ و
ڕەنگە سێبەری منیش نەبێ
کاتێ بەدوامدا ڕادەکا و
بە دوامدا ڕاناکا و لەبەریشم ڕادەکا!

ئەوەی دەیبینی شاعیرێکی بچووك نییە
لەگەڵ بورکان هاتبێ و هاواربکا!
ئەوەی دەیبینی شاعیرێکی بچووکە
لەگەڵ بورکان هاتووەو هاوار دەکا!

**ئەوەی دەیبینی عاشقێکە و**
**عاشقێکیش نییە کە لەسەر**
**ڕێگا بەفرینەکانی نێو دەریا پیاسە دەکا!**
**ئەوەی کە دەیبینی تەنیا تاکە مرۆڤێکە**
**لەگەڵ مردن بە نێو ژیاندا ڕادەکا.**
**ئەوەی کە دەیبینی تەنیا تاکە مرۆڤێکە**
**لەگەڵ ژیاندا بەنێو مردندا ڕادەکا.**

**لێم بڕوانە**
**باش باش لێم بڕوانە**
**ئەوەی کە دەیبینی ڕەنگە من بم و**
**ڕەنگە منیش نەبم !**

# جێگۆڕکێی قوربانی و جەللاد

گەر من هەبم وەك دلۆپێ فرمێسکی
کۆن جەللاد و ئێستا قوربانی
گەر تۆ هەبیت وەك
ئێستا جەللاد و زوو قوربانی
دەبێ جیاوازی چیبێ
لە نێوانی جەللاد و قوربانی؟
چونکە ڕۆژێ من جەللادم و تۆیش قوربانی
چونکە ڕۆژێ تۆ جەللادیی و منیش قوربانی
ئۆه قوربانی من لە کۆندا و
جەللادی من لە ئێستادا
لە خودا بڕوانە و بزەیێ بۆ قوربانی خۆت بکە.

## بۆچی پێویستە؟

بۆچی پێویستە 113 ساڵ
بە دیار ئاسمانێکی مۆر دانیشم و
سێزدە ملیار دڵۆپە فرمێسکی شینت بۆ هەڵوەرێنم
کە بشزانم ئەو ڕێگایە قاچەکانم
بەرەو بەهەشت ڕاناماڵێ
کە بشزانم بەهەشت قاچە بێ قاچەکانی من
بەرەو دۆزەخ ڕادەماڵێ؟

بۆچی پێویستە لە کونی ڕەشی
دەرگاییێکی ڕەش و قفڵدراو
لە سەرزەمینێکی سپی سپی بڕوانم
کە بشزانم تۆ ڕەنگی مۆسیقای
نابینرێی
ناگیرێی و
ناشبیسترێی؟

بۆچی پێویستە لە ئاوێنەیەکی ڕووناك
لە خۆم بڕوانم و تۆ ببینم
کە بشزانم ئەوە وێنەی شێواوی
دڵێکی وێنەکێشی سەرلێشێواوە؟

بۆچی پێوستە بورکانی دڵ
لەنێو دوو چاوی حیزدا بتەقێنمەوە
کە بشزانم بورکانی دڵی تۆ
بۆ بورکانێکی دوورە وڵاتی پەناهەندە
هەمیشە لە تەقینەوە و تەقینەوە دایە؟

بۆچی پێویستە ئامێزی ژنێکی تر بە هی تۆ تێبگەم
کە بشزانم ئەوەیان لە خولانەوەیەکی ڕەش و
لە غاردانێکی ڕەش بەسەر
هێڵی بازنەیەکی ڕەشدا
زیاتر هیچ شتێکی تر نییە؟

یان بۆچی پێویستە خۆشمنەوێی
کە بشزانم خۆشم دەوێی؟
یان بۆچی پێویستە بۆ تۆ نەمرم
کە بشزانم بەو زووانە بۆ تۆ دەمرم؟

## هەر چییەك بین

هەر چییەك بین..
گەر تۆ وەهم بیت و منیش حەقیقەت
گەر شوێن حەقیقەت بێت و زەمەنیش وەهم
گەر من وەهم بم و تۆیش حەقیقەت
گەر زەمەن حەقیقەت بێ شوێنیش وەهم
هەر چییەك بین..

هەر چییەك بین..
با من وەهم بم و با تۆیش وەهم
با زەمەن وەهم بێت و شوێنیش وەهم
با تۆ حەقیقەت بیت و با منیش حەقیقەت
با شوێن حەقیقەت بێ و با زەمەنیش حەقیقەت
هەر چییەك بین و هەر چییەك نەبین
دەبێ تۆ منت خۆشبوێ و منیش تۆ.
چونکە تۆ منت خۆشدەوێ و منیش بە شانازییەوە تۆ.

## دارپرتەقاڵ و مانگ

لە ژێر دارپرتەقاڵێکی ڕەشدا
ڕەنگی باران و تیشکی خۆرم لەبەر خۆم کرد
ڕەنگی خۆمم لەبەر
تیشکی خۆر و ڕەنگی باران کرد
لە ژێر دارپرتەقاڵێکی ڕەشدا.

بە پرتەقاڵەکان خاچێکی ئاویم دروست کرد
ڕەنگی باران و تیشکی خۆرم پێی هەڵواسی.
تیشکی خۆر و ڕەنگی بارانم کردە خاچێکی ئاویی و
خۆمم پێی هەڵواسی.

لە ژێر دارپرتەقاڵێکی خۆڵەمێشیدا
گوتم: بڕۆن، با تەنیا بمێنمەوە لەگەڵ خوداوەند
لە ژێر دارپرتەقاڵێکی سپی سپیدا
سیحرم کرد، نوێژم کرد، پاڕامەوە
کەچی تۆ هێشتایش هەر وەکو مانگی
مانگێ تەنیا جارێ بە تەواوی دەردەکەوی!

## شاعیرەکان دەتوانن

## بێگومان شاعیرەکان ناتوانن

شاعیرەکان..
شاعیرە عاشقەکان دەتوانن
کەڤاڵی عەتری گوڵ بکێشن لە کاتی کەوتن..
دەتوانن کەڤاڵی ڕووخساری گۆرانی و
دەتوانن کەڤاڵی غاردانی ـ با ـ بکێشن.

شاعیرەکان..
شاعیرە عاشقەکان دەتوانن
ڕەسمی پێکەنینی باران بکێشن
بەر لە دروست بوونی باران.
دەتوانن ڕەسمی ڕەنگی باران بکێشن
کاتێ کە دەبێتە هەڵم.
دەشتوانن ڕەسمی هاواری دڵ بکێشن
کە لەسەر خاچی عەشق بە ڕووتی ڕاکشاوە.

شاعیرەکان ..
شاعیرە عاشقەکان ساحیرن
دەتوانن تابلۆی هەموو شتەکان بنەخشێنن
تابلۆی بلبلێکی لاڵ
کاتێ هەلأمەتی عەشقی گرتووەو وڕێنە دەکا
تابلۆی چاکێتێکی ڕەش و کابۆیێکی سپی بە ڕووتی
بەفرێکی ڕەش کە بتوانێ ئاگرێکی سپی بتوێنێتەوە
هەموومان دەزانین شاعیرە عاشقەکان ساحیرن
دەتوانن تابلۆی هەموو شتەکان بنەخشێنن.

شاعیرە عاشقەکان ساحیرن
دەتوانن بە بێ جیاوازیی
تابلۆی هەموو شتەکان بنەخشێنن
بەلأم هیچ یەکێکیان ناتوانێ وەك من
وێنەی ئازارەکانی من بکێشێ
لەو کاتانەی کە لەسەر خاچی عەشق
بە ڕووتی ڕاکشاوم و پێویستم پێتە!
بەلأم هیچ یەکێکیان ناتوانێ وەك تۆ
وێنەی ئازارەکانی تۆ بکێشێ
لەو کاتانەی کە لەسەر خاچی عەشق
بە ڕووتی ڕاکشاوی و پێویستیت پێمە!

# نازانێ ، بۆچی نازانێ

ئەو دەزانێ جوانیی لە ژێریدا ڕاکشاوە
بەڵام نازانێ، بۆچی نازانێ
کە بۆچی جوانیی لە ژێریدا ڕاکشاوە؟

ئەو دەزانێ کە شەوانە بۆ شیعر ناڵە دەکا
بەڵام نازانێ، بۆچی نازانێ
کە بۆچی شەوانە هێندە بۆ شیعر ناڵە دەکا؟

ئەو دەزانێ کە هەمیشە بۆ تۆ هاوار و فیغان دەکا
بەڵام نازانێ، بۆچی نازانێ
کە بۆچی هەمیشە بۆ تۆ هاوار و فیغان دەکا؟

## جەنگ

جەنگ و هەمیشە جەنگ و
هەمیشە لە قولاییەکانی جەنگا هێرش دەبا
جەنگ و هەمیشە جەنگ و
هەمیشە لە قولاییەکانی جەنگا خۆی حەشار دەدا.
جەنگ و هەمیشە جەنگ و هەمیشە لە جەنگا
جارێ دەکوژێ و جارێ دەکوژرێ و
جارێ لە دەست مردن ڕادەکا.

هەڵە تێنەگەن
جەنگی ئەو جیایە لە جەنگی
ئەو جەنگاوەرانەی کە لەگەڵ پیاوە جەنگاوەرەکاندا
حەددی مان و نەمان دەجەنگن.

**هەڵە تێنەگەن**

**جەنگی ئەو لەگەڵ ئەو ژنە جەنگاوەرانەدایە**

**کە باوەڕیان بە ئاینی ئیرۆتیك و**

**بە ئاینی موجازەفە و**

**سروودی سەرکێشییەکانی عەشق هێناوە**

**جەنگی ئەو لەگەڵ ئەو ژنە جەنگاوەرانەدایە**

**کە بە ڕۆشنایی و درەوشانەوەی**

**مەمکەکانیان دەجەنگن**

**جەنگی ئەو لەگەڵ ئەو ژنە جەنگاوەرانە دایە**

**کە چاوەکانیان پێکن و**

**فرمێسکەکانیشیان سەرخۆشین**

**کە سەرخۆشییان مەمکە و**

**مەمکەکانیشیان هێرۆین**

**جەنگی ئەو لەگەڵ ئەو ژنە جەنگاوەرانەدایە**

**کە بە دزی مێردە خۆشەویستەکانیان دەچنە نێو**

**جەنگێکی ناکۆتای بێحیساب**

**جەنگێکی ناکۆتای پڕ لە حیساب.**

هەڵە تێنەگەن
جەنگی ئەو جەنگێکە
لە جەنگی جەنگاوەرانیدی ناچێ
جەنگی ئەو جەنگی جەنگاوەرێکە دەیەوێ
تەخت و تاراجی مەملەکەتی ئیرۆتیک
بە زەبری ئێستەتیک
بۆخۆی قۆرخ بکا
جەنگی ئەو جەنگی جەنگاوەرێکە دەیەوێ
بێپرسی تاپۆ، جوگرافیای دڵی ژنە ئاوییەکان
تەڵبەند و بەناو بکا.

هەڵە تێنەگەن
ئەو خاکی ناوێ
بیری ناوێ
کێڵگەی گەنمەشامی و
دارستانی سێو و مۆز و خورما و قەیسی ناوێ
ئەو تاووسی دەوێ
پەنهانی ڕەنگەکانی ئیرۆتیکی پێبدا
ئاسکی دەوێ
نهێنیەکانی غارغارانێی ئیرۆتیکی پێبدا

**شەهێنی خائینی دەوێ**

**دەرسی چۆنیەتی فڕینی پێبدا**

**نەورەسی ڕووتی دەوێ**

**خۆی شێوەکانی سەمای سەر دەریای پێبدا**

**بلبلێکی چاو حیزی دەوێ**

**بە دزی مێردە عاشقەکەی**

**تەفسیری ئاوازە ڕەنگاوڕەنگەکانی خیانەتی پێبدا.**

**هەڵە تێنەگەن ..**

**جەنگی ئەو جەنگێکە**

**پڕە لە ئاگر و پڕە لە باران**

**جەنگی ئەو جەنگی ژیانە**

**کاتێ نایەوێ لەگەڵ مەرگ پیاسە بکا**

**جەنگی ئەو جەنگێکە لەگەڵ ژیان**

**کاتێ کە دەیەوێ لەگەڵ ترسدا**

**بە نێو سەفادا سەفەر بکا**

**جەنگی ئەو جیایە**

**لە جەنگی ئەو جەنگاوەرانەی**

**کە لەگەڵ پیاوە جەنگاوەرەکاندا**

**حەددی مان و نەمان دەجەنگن.**

جەنگی ئەو، جەنگی ئەو جەنگاوەرانە نییە
کە لەگەڵ پیاوە جەنگاوەرەکاندا
بۆ خاتری خوێنپرژێنکردنی خاك ئەنجامدەدرێ
جەنگی ئەو جەنگێکە
لەگەڵ ژیان لە پێناوی
دووبارە نەبوونەوەی ژیان
جەنگی ئەو جەنگێکە لەگەڵ زەمەن
لە پێناوی دووبارە نەبوونەوەی زەمەن
جەنگی ئەو جەنگێکە لەگەڵ مێژوو
جەنگێکە لەگەڵ ژیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەرگ
جەنگێکە لەگەڵ ژن
لە پێناوی ڕووبەڕووبوونەوەی ژن
جەنگێکە لەگەڵ ژن
لە پێناوی دووبارە نەبوونەوەی ژن.
جەنگێکە لەگەڵ ژن
لە پێناوی ریسواکردنی ژن
جەنگێکە لەگەڵ ژن
لە پێناوی پیرۆزکردنی ژن!

**جەنگ و هەمیشە جەنگ و**

**هەمیشە لە قوڵاییەکانی جەنگا**

**هێرش دەبا.**

**جەنگ و هەمیشە جەنگ و**

**هەمیشە لە قوڵاییەکانی جەنگا**

**خۆی حەشار دەدا.**

**جەنگ و هەمیشە جەنگ و**

**هەمیشە لە جەنگا**

**جارێ دەکوژێ و**

**جارێ دەکوژرێ و**

**جارێ لە دەست مردن ڕادەکا.**

## چونکە تۆ ..

چونکە تۆ هێشتا دەتوانی گوێت بۆ زەمزەمە و
هاتوهاواری ڕابردوو ڕادێریی و
لە دارستانی ئێستادا
قەیسی قاقا و
هەناری ماناکانی بوونی لێبخۆیتەوە و لێبخوێنیتەوە
چونکە تۆ هێشتا دەتوانی لەگەڵ مەراقدا
لە نێو چاوەڕوانیییێکی پڕ لە چاوەڕوانییدا و
لە نێو چاوەڕوانیییێکی پڕ لە ڕۆیشتندا و
لە نێو چاوەڕوانیییێکی پڕ لە گەڕانەوەدا
دانیشیت و جگەرە دوای جگەرە داگیرسێنی
چونکە تۆ هێشتا هەر شەوێکی هێمنی
ئەوان دەتوانن لەناوتدا ڕاکشێن و
بە زمانی بەبەغا حیکایەتی
نێوانی عەشق و نەمانی عەشقت بۆ بکەن ..
چونکە هێشتا ئەوان تۆیان
پێ ڕۆژێکی پرتەقاڵییە و
وا هەست دەکەن دەتوانن هەمیشە بۆنت بکەن

**چونکە تۆ ئەوانت پێ پردێکی ناکۆتایە**

**لە نێوانی شەوو ڕۆژدا**

**چونکە ئەوان تۆیان پێ ڕێگاییێکی ناکۆتایە**

**لە بێزارییەوە بەرەو گوناح**

**چونکە تۆ ئەوانت پێ چەپکێ**

**خەونی ئەزەلییە، دەگیرێن و ناشگیرێن**

**چونکە ئەوان تۆیان پێ سەرابە**

**دەتگرن و ناشتوانن بتگرن**

**چونکە ئەوان هەمیشە**

**لە ونبوون و دەرکەوتنەوەدان**

**چونکە تۆ هەمیشە لە دەرکەوتن و ونبوون و**

**لە نێوانی ونبوون و دەرکەوتنەوەیشدای**

**چونکە تۆ مرۆڤی و**

**چونکە ئەوانیش هێشتا مرۆڤ**

**هێشتا هەر ئەوانت خۆشدەوێ و**

**هێشتایش و بۆ هەمیشەیش**

**ئەوانیش تۆیان هەر خۆشدەوێ.**

## له پێناوی ژیاندا

یەکێك له نێو وەرینی دارستانی ڕووتی زەیتوندا
بە پۆشاکێکی ڕووتەوە ڕاکشاوە و
شیعر دژ بە وەرینی
دارستانی ڕووتی زەیتون دەنووسێ.

یەکێك لەگەڵ تاریکیی ئەودیو زەمەن
بە ڕووناکیی پیاسە دەکا و
شیعرێکی ڕووناك دژ
بە تاریکی ئەودیو زەمەن دەنووسێ.

یەکێك لەسەر کورسی ڕابردوو بە دانیشتنەوە
لە ئایندە دەڕوانێ کە بە پێوە وەستاوە
شیعرێ دژ بە ستایلی وەستان و
ڕاوەستانی ئایندە دەنووسێ.

**یەکێك لەگەڵ ژیاندا**

**لەناو ژیان**

**دژ بە مەرگ سەما دەکا و**

**شیعرێ بۆ ژیان دەنووسێ**

**یەکێك لەگەڵ مەرگدا**

**لەناو ژیان**

**دژ بە مەرگ سەما دەکا و**

**شیعرێ دژ بە مەرگ دەنووسێ**

**یەکێك لەگەڵ مەرگ و ژیان**

**لەناو ژیاندا**

**گەمە دەکا و**

**شیعرێ بۆ ژین**

**لە پێناوی ژیان و**

**شیعرێ لە پێناوی ژیان**

**دژ بە مەرگ دەنووسێ.**

## دۆڵی بێ ئاسمان و ئاسمانی بێ دۆڵ

لە دۆڵێکی ڕەشدا
کە چواردەوری بە چیای ڕەش گەمارۆدراوە
ئاسمانێکی نارنجی دیارە
دەستم درێژ درێژ دەکەم
تۆ پێتوایە ناتوانم
ئەستێرەیەکی پرتەقاڵیت بۆ بێنمە خوار

لە قووڵایی ئاسمانێکی ڕەشدا
دوا خاڵی ڕەشی دۆڵێکی ڕەش دیارە
دەستی سپیم درێژ درێژ دەکەم
تۆ پێتوایە ناتوانم
گرووپێ ئەستێرەت بۆ بکەمە
پەیژەیەکی سپی و بەرەو خۆمت بێنم

لەسەر سینگی پەلکەزێڕینە ڕۆنیشتووین و
بەدەم گوێگرتن لە گۆرانییێکی تورکی
لە ئاوابوونی خۆر دەڕوانین
تۆ پێتوایە ناتوانم رێ لە ئاوابوونی خۆر بگرم

تۆ لەناو باوەشێکی ڕەشدا بە ڕەشی ڕاکشاویت و
لەگەڵ خەیاڵدا جگەرە
بۆ لەدایکبوونەوەی
ئەستێرە پرتەقاڵییەکان دادەگیرسێنی
من پێموایە دەتوانم و ناشتوانم جارێکیدی
هەڵاتنی خۆر و زەخرەفەی ئەستێرەکانی
شەوێکی هاوینیت نیشانبدەم
چونکە من لە دۆڵێکی بێ ئاسمان و
تۆیش لە ئاسمانێکی بەناو بێ دۆڵی
چونکە تۆ لە دۆڵێکی بێ ئاسمان و
منیش بەناو لە دۆڵێکی بێ ئاسمانم.

# تێنوویەتی

گەرووم وشك وشك بوو لە تێنوویەتیدا
ئایا من بیابان بووم؟

باش بوو دوو ژنم دیت

هەندێ ئاوم لە گلێنەکانی یەکێکیان خواردەوە
کەچی هێشتا وشك وشك بوو
گەرووم لە تێنووتیەتیدا

بە زمانی گلێنە بە یەکێکیانم گوت:
تێنوومە، کوانێ ژمارەی مۆبایلەکەت؟
ئەو لێوەکانی بزواند
من تا ئێستایش تێنەگەیشتم
گوتی:
دوایێ
یا
گووی بخۆ

# وشە ئاوییەکانی خاچسازێ

له پەرەگرافێکی رۆمانی (دوا وەسوەسەی کریست )ی - کازانتزاکیس - دا، ئاوا نووسراوە:{ له ستوونی موسا هاتووە (( زینا مەکەن ))، بەلاّم من بە ئێوە دەڵێم: کە هەتا ئەگەر کەسێ نیگاییێکی شەهوەتئامێز بکاتە ژنێکەوە، ئەوە لە دڵی خۆیا زینای کردووە، نیگای ناپاك مرۆڤ بەرەو دۆزەخ دەبات}

وەرگێڕانی: کەریم دەشتی

- 1 -

ئەگەر بە قسە ئاوییەکانی
خاچسازێکی عاشق بێ
کە دواتر ئاگری عەشق لە دارستانی بەرد و
بیابانی درەخت و
دەریای حیرەت و
ئاسمانی سۆزان هەڵدەگیرسێنێ
ئەوا هەموومان عاری عاری
لەوێ یەکتری دەبینینەوە
لەوێ.. لە ئاگر
لەوێ.. لە دۆزەخ.

- 2 -

ئەگەر بە پەیڤە ئاوییەکانی

خاچسازێکی عاشق بێ

کە گڕی عەشقی لە زەمین و ئاسمان بەردا و

نیگای شەهوەتئامێزیش بە زینا حیساب دەکا

ئەوا من لەگەڵ زۆربەی ژنەکانی دنیادا زینام کردووە

بۆیە دەبێ لەوێ عاری عاری خۆم ببینمەوە

لەوێ.. لە ئاگر

لەوێ

لە

دۆزەخ.

- 3 -

ئەگەر بە قسە سپییەکانی موساش بێ

Musaaaaaa

پیاوی خودا

من هەمدیس دەبێ لەوێ

عاری عاری خۆم ببینمەوە

لەوێ.. لە ئاگر.

لەوێ.. لە دۆزەخ.

- 4 -

بەڵام چونكە من لێرە ئێوەم دۆزیەوە

لێرە لەنێو گەردونی عاری ئێرۆتیك

لێرە لە سەرزەمینی زەمەنی زمانی ئازاد

چونكە ئێمە لێرە یەكترمان دۆزیەوە

لێرە.. لە بەهەشتی زیندەگی

بۆیە هەرگیز ناچینە ئەوێ

ئەوێ، ئاگر..

ئەوێ

دۆزەخ.

## مرۆڤی بانسرووشت و جوانیی

لەگەڵ رۆحی گەردوون
ئەو بەیانییە لە جەنگدا نین
خۆ من و خودای خۆم
ئەو شەوە لە ئاشتیش دانین
ئێمە نە لە ئاشتی داین و نە لە جەنگیش
نازانم بۆچی ئێمە
نە لە ئاشتیداین و نە لە جەنگیش؟
بۆچی ئێمە لە مەودایێکداین
نە ئاشتیە و نە جەنگیش؟
دەبێ چی هەبێ لە نێوانی
نە ئاشتی و نە جەنگیش؟
کە نە لە ئاشتی داین و نە لە جەنگیشدا
دەبێ مەودایێ هەبێ
دەبێ هەناسەیێ هەبێ
دەبێ مەودایێ
دەبێ هەناسەیێ
بەلایەنی کەم بۆ جوانیی هەبێ
لەنێوانی نە ئاشتی و نەجەنگدا

دەبێ مەودایێ

دەبێ هەناسەیێ

بەلایەنی کەم بۆ جوانیی هەبێ

کە هەمووومان  لە ژێر پێیدا

لالێن و گۆرانیش دەڵێین

کەوابێ

دەبێ بۆ هەمیشەیی

مەودایێ بۆ جوانیی بمێنێتەوە.

مەودایێ تەنیا بۆ جوانیی

مرۆڤە مرۆڤەکان بمێنێتەوە.

هەناسەیێ بۆ جوانیی

ئاخ خودای وجود.. ئەی جوانیی..

دەبێ مەوداییێك بۆ حەسانەوەی تۆ بمێنێتەوە

دەبێ هەناسەیەك بۆ مەودای تۆ بمێنێتەوە.

# رووناکیی نێوانی دوو تاریکیی

گوتیان: تەنیا جارێ فیردەوس هەیە و
تەنیا جارێکیش دۆزەخ
ئەدرێسی دۆزەخ و ئەدرێسی فیردەوسیش
تەنیا لای زەمەن دەستدەکەوێ.

خۆ حەقمانە بپرسین: زەمەن؟

ئا ئەو زەمەنەی
کە دەکەوێتە نێوانی دوو تاریکیی
تاریکیی نێو زگی دایك و تاریکیی نێو گۆڕ

مادەم من بەسەر ملیۆنەها سپێرم
زاڵبووم و هاتمە نێو رووناکیییێکی
نێوانی دوو تاریکیی
دەبێ بەقەد ئازایی ئازابم و
بەهەشتێ لێرە بخولقێنم
چونکە دواترەمین دەرفەتە بۆ من ئەو زەمینە
چونکە زەمین دواترەمین دەرفەتە بۆ من.

# راخستنی بیرەوەرییەکان
# لە پێشەنگادا

لەو پێشەنگایەدا هەموو جۆرە تابلۆیێ دەبینم
بە نمونە: تابلۆی چاوی بیابان
کاتێ دوای سێزدە ساڵ هێشتا
دەریا بە رووتی دەبینێ و
ناشتوانێ تێنوویەتی بشکێنێ!
تابلۆی بەفرێکی هەڵلەرزیو
کە سێزدە ساڵە بۆ لای ئاگر دەچێ و
ناشتوانێ بتوێتەوە!
تابلۆی تەرزە،
کاتێ خاك بە فۆرمی خۆی قبوڵی ناکا!
تابلۆی خیانەت کە بە پۆشاکێکی سپی
دانیشتووەو گومانی هەیە
تابلۆی ترس کە لە نێو
رەحمی عومر هاتۆتە دەرێ
تابلۆی جوانیی کە خەریکە
بە ئاوی پیربوون دەستنوێژ هەڵدەگرێ

تابلۆی پیربوون کە بۆ لە دەستچوون،
فرمێسك هەڵدەوەرێنێ

لەو پێشەنگایەدا هەموو جۆرە تابلۆیێ دەبینم
تابلۆی تۆ
کاتێ کە لە دوورەوە
خۆت و جانتایێ بیرەوەری دێیت و
لە نوێوەوە ژیانم بۆ رادەخەیت
تابلۆی من کاتێ کە لە دوورەوە
خۆم و جانتایێ دێم و
لە نوێوە کۆمەڵێ بیرەوەرییت بۆ رادەخەم

## کوێرەکان دەتوانن ببین و ناشیانەوێ

**بۆ: قەرەنی جەمیل**

**کوێرەکان بێ ئەوەی پرسیاری بینین و**
**بێ ئەوەی پرسیاری حیساب و**
**بێئەوەی پرسیاری رۆحی گەردوون بکەن دەگەڕێنەوە**
**کوێرەکان دەگەڕێنەوە بێ ئەوەی پرسیاری برین و**
**بێ ئەوەی پرسیاری لافاویش بکەن**
**کوێرەکان هەست دەکەن ئەوان**
**زادەی رەحمی رۆحی جیهانن**
**ئەوان ئاشتین کاتێ عەشق ببینن**
**ئەوان عەشقن کاتێ جەنگ ببینن**
**کوێرەکان کە لە شەڕی تەنیاییدا دەگەڕێنەوە**
**وا هەست دەکەن**
**دەگەڕێنەوە نێو دڵی خوا**
**چونکە لایان وایە خاك لە دڵی خوا دایە**
**ئەوان چونکە نابینن،**
**نازانن کە خاك لە دڵی خوادا نییە**

نازانن خاك ماڵی لەناو ماڵی خوادا نییە
نازانن خاك كاتیٚ خاكە
كە گوڵ و پەپوولە و پەلكەزێڕینەو عەشقی لێبێ
كوێرەكان نایانەوێ بزانن
كە تەنیا مرۆڤە
ماڵی لە نێو ماڵی خوادایە نەك خاك.

كوێرەكان بێ ئەوەی پرسیاری بینین و
بێ ئەوەی پرسیاری حیساب و
بێئەوەی پرسیاری رۆحی گەردوون بكەن دەگەڕێنەوە
كوێرەكان بە حیسابی خۆیان
بەرەو رۆحی گەردوون دەگەڕێنەوە
كەچی دڕك و دووپشك و مێروولەی سپی دەبینن
تاریكیی دەبینن لە كریستاڵاویترین رێستوڕانتدا
بە چەقۆ و چەنگاڵ
كەوتۆتە گیانی رووناكییەوە
قەل دەبینن لە جیاتی تاووس
باس لە رەنگ دەكا
كوێرەكان لە ئەسڵدا كوێر نین
دەتوانن ببینن بەڵام لەبەر
خاتری خاك نایانەوێ ببینن

دەتوانن ببینن بەڵام لەبەر
خاتری هەتاو نایانەوێ ببینن
ئەوان دەبینن بەڵام لەبەر خاتری
دیباجەی کتێبی ژیان نایانەوێ ببینن
ئەوان دەبینن بەڵام لە رقی نەبینین نایانەوێ ببینن
ئەوان دەبینن و ناشیانەوێ ببینن
ئەو کوێرانە قەرجن و قەرەجیش نین
پێیەکیان لەناو زستاندایە و ئەویتریشیان لە هاوین
بە دنیادا سەفەری زۆریان کردووە
بە کوێری لە ئامێزی ژنە چاوتیژەکاندا
گۆرانی زۆریان گووتوە
خەونی رەنگاوڕەنگی زۆریان بینیوە
جارێ نیگاریان کێشاوە و
جارێ رێبەری موسافیرەکان بووینە لە دنیا
بە ساڵان لە ئامێزی پشیلە چاو کەسکەکاندا راکشاون
زۆرجار چاویان لە ـ با ـ نووقاندووە
بە کوێری لە نیوە شەوە تاریکەکاندا
کتێبی ئیرۆتیکیان خوێندۆتەوە
تەماشای فیلمی پۆرنۆیان کردووە و پێکەنیون
لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکاندا
بۆ وێنەکانی خۆیان راماون

**لە ترافیکی سۆر ڕۆیشتوون و**

**لە سەوزیش راوەستاون**

**ئەو کوێرانە هەموو شتێکیان بینیوە و**

**حەزیش ناکەن بیگێڕنەوە**

**هەموو شتێکیان بینیوە و**

**ناشیانەوێ لافی پێ لێدەن.**

**ئەوان تەنیا بەدوای**

**بۆنی خاکدا گەڕاونەتەوە**

**پێیان وایە خوا لەناو خاکدایە**

**ئەوان جاروبار بەدوای**

**یوسفەکانی ناو خاکدا گەڕاونەتەوە**

**پێیان وایە ژیان لەناو**

**مرۆڤە خاکیەکاندایە نەك لەناو خاك**

**ئەوان کراسی سپی خوێنینیان**

**بۆن کردووە بۆیە کوێربوون**

**چاوەڕوانی زۆریان کردووە**

**بۆیە دلۆپی خوێنینیان هەڵوەراندوە**

**ئەوان بە دوای چاکبوونەوەی چاودا هاتوونەتەوە**

**پێیان وایە بۆنی خاك چاکیان دەکاتەوە**

کوێرەکان بڕیاریان داوە بگەڕێنەوە
بێگومان ناشگەڕێنەوە
نا لەبەر ئەوەی خاك تەنیا بیابانە
نا لەبەر ئەوەی خاك تەنیا بیرێکی بێ بنە و
بە گەڵای خیانەت داپۆشراوە
کوێرەکان مرۆڤی دنیادیتەن
هەموو شتێکیان بینیوە
دەتوانن ڤایرۆس ببینن و ناشیانەوێ
کوێرەکان مرۆڤی گەمژەن و
لە هەمانکاتیشدا عاقڵن
بە دنیادا دەگەڕێن و هەموو شتێ دەبینن
بەڵام جگە لە خاك نایانەوێ هیچ شتێکیتر ببینن.

## راكردن له دەست راكردن

به جووتێ پێڵاوی رووت لەسەر شەختە رادەكەم
هەموو هەوڵێكم بۆ ئەوەیە
له دەست خۆدەربازكردن خۆم دەربازكەم.
من هەموو شتێ دەكەم بۆ ئەوەی
تەنیا له دەست خۆدەربازكردن خۆم دەربازكەم.

كحول و نیكۆتین تێكەڵ به خوێنم دەكەم و
وەك مردوو بەقەد تەمەنی نووستن دەنووم
هەموو هەوڵێكم بۆ ئەوەیە له دەست راكردن رابكەم
من هەموو شتێ دەكەم تەنیا بۆ ئەوەی
رابكەم له دەست راكردن.

دەچمە نێو ئەو كتێبانەی كه به هێرۆگلۆفی نووسراون
له هەموو شوێنێكدا به دوای خۆمدا دەگەڕێم
هەموو هەوڵێكم بۆ ئەوەیە
له دەست خۆ ونكردن خۆم ون بكەم
من هەموو شتێ دەكەم تەنیا بۆ ئەوەی
خۆم ون بكەم له دەست خۆ ونكردن.

**من هەموو شتێ دەکەم بۆ ئەوەی**
**تەنیا لە دەست خۆدەربازکردن خۆم دەربازکەم**
**تەنیا بۆ ئەوەی رابکەم لە دەست راکردن**
**تەنیا بۆ ئەوەی خۆم ون بکەم لە دەست خۆ ونکردن.**

**لەنێو دەریا و ئۆقیانۆسەکاندا بە پۆشاکەوە مەلە دەکەم**
**بە رووتی لە ژێر بەفرو بە نێو زریان و کڕێوەدا رادەکەم**
**بە جووتێ پێلاوی رووتیش لەسەر شەختە سەما دەکەم**
**هەموو هەوڵێکم بۆ ئەوەیە**
**لە دەست خۆدەربازکردن خۆم دەربازکەم.**
**من هەموو شتێ دەکەم بۆ ئەوەی**
**تەنیا لە دەست خۆدەربازکردن خۆم دەربازکەم.**

**کاتێکی درێژە بەدەم نووستنەوە**
**وەکو چۆلەکەیەکی ترساو لە تەرزە دەجریوێنم**
**کحول و نیکۆتین تێکەلاو بە خوێنم دەکەم و**
**وەکو مردوو بەقەد تەمەنی نووستن دەنووم**
**هەموو هەوڵێکم بۆ ئەوەیە لە دەست راکردن رابکەم**
**من هەموو شتێ دەکەم تەنیا بۆ ئەوەی**
**رابکەم لە دەست راکردن.**

# ئاژەڵێکی هەشتاساڵیی

ئاژەڵێکی هەشتا ساڵیی رووەکێکی هەژدە ساڵیی هێناوە
بە پێخواسی لە باخچەی مزگەوتێك راکشاوە
بە گۆرییەکانی چاوەکانی داخستووە
تا بەری تیشکی خۆر بگرێ.

ئاژەڵێکی هەشتا ساڵیی رووەکێکی هەژدە ساڵیی هێناوە
بە پێخواسی لە باخچەی مزگەوتێك راکشاوە
بە گۆرییەکانی چاوەکانی داخستووە و
بیر لە هەر پێنج منداڵەکەی دەکاتەوە:
- بۆچی هیچیان لەو ناچن؟

ئاژەڵێکی هەشتا ساڵیی رووەکێکی هەژدە ساڵیی هێناوە
بە پێخواسی لە باخچەی مزگەوتێك راکشاوە
بە گۆرییەکانی چاوەکانی داخستووەو بیر دەکاتەوە:
- ئەگەر پیرەمێردی هەشتا ساڵە کچێکی هەژدە ساڵی بێنێ و
دراوسێی گەنجی هەبێ، ئەوا هەرگیز دەرفەتی ئەوەی نابێ
منداڵەکانی لە خۆی بچن.

## ڕووناکیی و حەقیقەت

حەقیقەت ئەستێریەکی تاریکە و
ماڵی لە نێو ماڵی شەو دایە
مادەم مرۆڤیش ئەمانەتێکی کورتە
دەدرێ و دەسەنرێتەوە
پێویسە دەروازەیەك بە ڕووی
ڕووناکییدا ئاوەڵا بکەین.

ئاوەڵاکردنی دەروازەیەك بە ڕووی ڕووناکییدا
ئاوازێکی بێدەنگە کەس نایبیستێ، خۆت نەبی
ئەویش وەك حەقیقەت ئەستێرەیەکی تاریکە و
ماڵیشی لەناو ماڵی شەو دایە.

حەقیقەت و ڕووناکیی ناوەکین و ڕەگیان هەیە
بۆ ئەوەی بیاندۆزیتەوە
بە پایسکلێ پیاسەیەکی نێو تەنیایی بکە
لە ناوەڕاستی سەنتەرێکی قەرەباڵغدا
یا لە ئاوەدانییێکی تەنیادا
یا لەناو قەرەباڵغیەکی چۆڵدا دەیاندۆزیتەوە.

**حەقیقەت و رووناکیی ناوەکین و رەگیان هەیە**

**بۆ ئەوەی بیاندۆزیتەوە**

**تەنیا لە تەنیایی بپرسە**

**چونکە**

**تەنیایی ئەدرێسی ماڵی رووناکیی لایە**

**تەنیایی ئەدرێسی ماڵی حەقیقەتی لایە**

**چونکە**

**تەنیایی رووناکییە و**

**تەنیا تەنیاییشە حەقیقەت.**

## ماڵی تاهەتایی ئێمە لە زەمینە

خوێن رووبارێکە،
شێوەیەکی بازنەیی هەیە و
عەقڵ رێبەریەتی نەك سۆز
تۆ و خوداوەندە بچووکەکانی زەمین
لێك جیادەکاتەوە
پیاوە ئەفسانەیەکەی ناوە تۆ
پێیوایە زیاتر باوەڕی بە ئاسمانە
چونکە ژیانی تاهەتایی لە ئاسمانە
چونکە ماڵی تاهەتایی لە ئاسمانە.

خوێن رووبارێکە،
شێوەیەکی بازنەیی هەیەو
سۆز رێبەریەتی نەك عەقڵ
سۆزیش ئەو نوێژەیە
تۆ و خوداوەندە بچووکەکانی زەمین بەیەکەوە گرێدەدا.
من زیاتر باوەڕم بە زەمینە
چونکە ژیانی تا هەتایی ئێمە لە زەمینە.
چونکە ماڵی تاهەتایی ئێمە لە زەمینە.

**من بیر دەکەمەوە**

**کەواتە زەمین و ئاسمان هەن**

**کە تۆیش بیر دەکەیتەوە**

**کەواتە دەبێ بزانی**

**کە زەمین و ئاسمان**

**تەنیا لە پێناوی خۆشەویستیدا هەن.**

**کە زەمین هەبێ و ئاسمان نەبێ**

**کە ئاسمان هەبێ و زەمینیش وەهم**

**یان کە زەمین و ئاسمانیش هەبن**

**هێشتا هەر خوێن رووبارێکە**

**سۆز رێبەریەتی نەك عەقڵ.**

**هێشتا هەر عەقڵ دینەمۆییێکە**

**سۆز رێبەریەتی نەك عەقڵ.**

**چونکە سۆز هەم ئاسمانە و هەم عەردیش.**

# کتێبی شێوازەکان

## بەرامبەر دەروازەی دنیا

### ڕۆژی ژمارە -7-

دەستم لە کار هەڵگرتبوو.. ڕۆژی پشوومبوو .. نزیکەی زۆربەی شتەکانم لە شوێنی خۆیان دانابوو.. بۆیە ویستم لە سەرەتاوە لە چۆنییەتی تێپەڕینی ڕۆژەکانەوە بدوێم.

### ڕۆژی یەکەم

شتێکی سەیر هاتە لام، هەزارەها پێناسەی بۆ دەکرا و هیچ پێناسەیێکیشی بۆ نەدەکرا، نە شێتبوو نە عاقڵیش، بە چرپەوە گوتی: من بەرەو پیربوون دەچم، کەچی وا تازە لەناو تۆدا منداڵێك قاقا دەکا، کەوابێ بەوە مەحکومی دەبێ جل و بەرگێکی ڕووتم لەبەرکەی.

من نەمدەزانی دەبێ چیبکەم؟

پۆشاکێکی ڕووت ڕووتم هێناو لەبەرمکرد.. من وامکرد.

## ڕۆژی دووەم

ـ ئاو ـ ی لێڵ هاژەی هات و هەڵچوو.. کەس گوێی پێنەدا.. کە هاتە لایمن بە گلەییەوە گوتی: من لە سەرەتادا ڕووباربووم.. بەڵام لەبەر لێڵی بوومەتە گۆم، ئێستا داخوازم ببمەوە ڕووبارێکی ڕۆشەن تا نەرسیس قووڵایم ببینێ.. هاواریکرد: من تێنوومە و پێویستم بە نوورە.. من دەمزانی ئەوە شیعرە لە بەرگی ئاو قسە دەکا.. بۆیە هێنام و کردمەوە ڕووبارێکی ڕۆشەن، تا هەموو کەسێ سەماکانی ژێرەوەی ببینێ.. من بەوە مەحکوم بووم دەبوایە وابکەم.. من وامکرد.

## ڕۆژی سێیەم

کچێکی پێخواسم دیت بەسەر دڕکدا غاری دەدا.. کە منی دیت داوای کڕینی جووتێ پێڵاوی لێکردم.. من نەمدەزانی ئەو جووتە پێڵاوە لە کوێ دەست دەکەوێ!
دواتر سەفەرێکی درێژم بەنێو بەهرە و مەعریفە و ئەزموون و ڕۆح کرد و ئەو داواکاریەم دەست کەوت و جووتێ پێڵاوی نوێم بەو کچەی کە بەنێو دڕکدا غاری دەدا پێشکەش کرد.. من دەمزانی ئەوەیان شیعربوو لە فۆرمی کچێکدا داوام لێدەکا من مەحکوم بووم بۆیە بە خۆشحاڵیەوە وامکرد.

## ڕۆژی چوارەم

برادەرێك گوتی: بتەکان بشکێنە.
مـن لـە سـاڵنامەی شـیعرم ڕوانـی، سـاڵی شـیعر بـەرەو کۆتـایی چـووبوو.. لـە سـاڵنامەی عەشـقم ڕوانـی سـاڵی عەشـق بـەرەو کۆتایی چووبوو، کەچی کە نووستم لام سەیربوو، وا تازە ساڵی شیعرو عەشق لای من دەست پێدەکا.. خـەونم دیـت مـن بـووم بتەکانم دەشکاند.. لەناو گریـان ڕاخسـتم کەچـی نەدەسووتام.. سپێدە کە لە خەو ڕابووم خەونێکی ئێستەتیکیم دیتبوو.. مـن مەحکوم بووم بە شتێك، هەر بۆیە وامکرد.

## ڕۆژی پێنجەم

عاشـقی کچـێك بـووم.. هەڵسـوکەوتی وەك مەریـەم وابـوو.. دوژمنـەکان قـەهرین.. دوامکـەوتن.. خـۆم لـەنێو دارگـوێزێکی تـازە ڕواو حەشـاردا.. ویسـتیان دوو لـەتم کـەن.. هـاوارم کـرد هاوار هاوار.....
خوا هات و گوتی: لێگەڕێ بـا لـەنێو ئـەو درەختـەدا دوو لـەتت بکەن.. من وامکرد.. بەڵام بەیانی کۆرپەیەکی نـوێ لـە مـن لـە دایکببوو.. من بێ پەشیمانبوونەوە وامکرد.

## ڕۆژی شەشەم

پێکـەنینێکی نـوێم لای ئیـدریس بـۆ شـیعر بـە کردنـدا.. لـە ئەڵمانیا دڵێکی نوێم بۆ شیعر لە سۆزانیخانەیەکدا دۆزییـەوە.. لە نێوانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا نەفەسێکم بە عەشق کـڕی تـا تێیـدا نوێـژێکی جیـای شـیعری ئافەریـدە بکـەم.. بێئـەوەی لـە کەس بڕوانم بە عیشق و بوێریەوە، من وامکرد..

**تێبینی**

ئێستا ئێرە دنیای تۆیە، تۆ لە هەموو گەمـەکانی ئـەو دنیایـەدا ئازادی.. لە هەموو بڕیاردانێـك ئـازادی.. منـیش کەسـێکم وەك تۆ.. لێرە بە دواوە  تەنیا کارێك کە من هـەمبێ تەماشـکردن و چێژوەرگرتنە.. تەنیا کارێك کە من هەمبێ جیاکردنەوەی ئەو کتێبەیە لە خۆم.. ئێستا ئەوەیان کتێبی تۆیە، دنیای تۆیە.

# گەڕان

لەناو نەگەڕاندا بەدوای گەڕاندا دەگەڕێم.
لەناو گەڕاندا دەمەوێ نەگەڕان بدۆزمەوە و
لەناو ونبووندا داخوازم دۆزینەوە بدۆزمەوە و
لەناو دۆزینەوەدا بەدوای ونبووندا دەگەڕێم.
لەناو گەڕان و ونبوون و نەگەڕان و دۆزینەوەدا
تەنیا بەدوای تۆدا دەگەڕێم
ناکرێ تۆیش بێیت لە ناوە مندا
بە دوای خۆتدا بگەڕێیت؟

## له نێوانی نهێنی و ئاشکرادا

من به ئاشکرا تۆم خۆشدەوێ و
تۆیش به نهێنی من.
تۆ ناتوانی به ئاشکرا منت خۆشبوێ و
منیش به نهێنی تۆ.

دەبێ چارمان چیبێ؟

دەبێ چارمان چیبێ
جگه له داتاشینی وشەیێك
له نێوانی نهێنی و ئاشکرادا
جگه له دۆزینەوەی مەودایێك
له نێوانی ئاشکراو نهێنیدا؟

# ترس

زۆر دەترسم نەمرم و ببینم
تۆ لە ڕۆحی ساردی یەکێکیتر
بۆ  دڵی گەرمی من بگری.

زۆر دەترسم بمرم و نەبینم
تۆ لەناو عاتیفەی ساردی یەکێکیتر
بۆ باوەشی گەرمی من نەگری.

زۆر زۆر دەترسم
نەمرم و ببینم
تۆ لە دووری خۆمدا ببینم.
زۆر زۆر دەترسم
بمرم و نەبینم
تۆ لە نزیکی خۆمدا ببینم.

## گەمەی پەنجەکان

ئەو پەنجانەت دەپەرستم
کە چەند ڕۆژ جارێ
ستیانە ڕەشەکەتی پێدەکەیتەوە و
لە ڕۆژێکیشدا چەند جارێ
ستیانە سپیەکەتی پێدادەخەی.

ئەو پەنجانەم بپەرستە
کە چەند ڕۆژ جارێ
ستیانە سپیەکەتی دادەخست و
لە ڕۆژێکیشدا چەند جارێ
ستیانە ڕەشەکەتی دەکردەوە.

# کۆنگرەی بەردەکان

توند توند لە تەك ـ با ـ دا بەستراوە.
جلّەوی بە درەختی ئاسنینی ـ با ـ دا گرێدراوە.
ئایە ڕەنگی ـ با ـ ی گرتووە
یاخود تامی لە تامی ـ با ـ دەکا؟

هەر وەکو ـ با ـ ڕادەکا
ئایە لە ـ با ـ وە فێربووە
یا (ئەو) ـ با ـ ی ئاوا ڕاهێناوە؟

له تەنیشت ـ با ـ دا بەستراوە
ئەو ـ با ـ یە؟
یا ڕەنگ و تامی ـ با ـ ی هەڵێناوە؟
ئەوە قسەی بەردەکان بوو لە کۆنگرەکەدا.
ئەوە ئێرەیی بەردەکان بوو لە کۆنگرەکەدا .

ئەوەی بشێ ئەو ـ با ـ یە بکوژێنێتەوە
ئێمە لە شوێنی ئەودا هەڵیدەکەین
ئەوە پلانی بەردەکان بوو لە کۆنگرەکەدا.
ئەوە ئێرەیی بەردەکان بوو لە کۆنگرەکەدا.
ئەوە پەیمانی بەردەکان بوو لە کۆنگرەکەدا.

# ڕەنگی زمانەکان

زمانی ڕەشی ڕەشپێستێك
ڕەشیەتی زمانی ڕەشپێستێك دەلێسێتەوە.
زمانی ڕەشی ڕەشپێستێك
سپیەتی زمانی سپیپێستێك دەلێسێتەوە.
زمانی سپی سپیپێستێك
سپیەتی زمانی سپیپێستێك دەلێسێتەوە.
زمانی سپی سپیپێستێك
ڕەشیەتی زمانی ڕەشپێستێك دەلێسێتەوە .
نۆرەی زمانی من دێ
ڕێگا دەدەی زمانی ئەسمەری تۆ بلێسێتەوە؟

## چاوانی سوور

**که له شەودا ئاسمان سوور سوور هەڵدەگەڕێ**
**لەوە دەچێ بە ڕۆژ**
**خوێنێکی زۆر له سەرزەمیندا بڕژێ.**
**که له ڕۆژدا خوێنێکی زۆر له سەرزەمیندا دەڕژێ**
**لەوە دەچێ بە شەو**
**ئاسمان تەواو سوورهەڵگەڕێ.**

**که له ڕۆژدا چاوانی من سوور سوور هەڵدەگەڕێ**
**تۆ دەزانی له ڕۆژدا**
**جەستەی من چ خوێنێکی لێدەڕژێ**
**خۆ ئەگەر له شەویشدا**
**چاوانی من سوور سوور هەڵدەگەڕێ**
**تۆ له هەموو کەس باشتر دەزانی**
**که جەستەی من چ خوێنێکی لێدەڕژێ.**

# گومانێکم بە ناوە بە ناوی گومان

پردێکی ڕەش هەیە لە گومانەوە دەمگەیەنێتە گومان.
پردێکی سوور هەیە لە گومانەوە دەمگەڕێنێتەوە بۆ گومان.
پردێکی خۆڵەمێشی هەیە ئاسمانی لە گومانە و
پردێکی بێکەنار هەیە ژێرەوەی دەریاییێکە لە گومان.
کەوابێ من لە خاڵێکدا چەقبەستم بە ناوی گومان
یان گومانێکی چەقبەست هەیە بە ناوی من!؟

## زەمەن و شاعیر

بۆ: د. سەروەر عه بدوڵڵا

وەرزەکان دەموچاوی شینیان هەیە
چاوی شاعیر کەشتییێکی قاچاغە و
بە نێو دەموچاوی وەرزەکان تێدەپەڕێ.

ـ با ـ یەکان رۆشنبیریی سەفەریان هەیە
دڵی شاعیر بەلەمێکی بچووکە و
دەرسەکانی ـ با ـ ش ، سەوڵ.

گۆرانی مەمکی شووشەیی و ئەفسوناوی هەیە
ڕۆحی شاعیر دەستێکە
بێ بیرکردنەوە مەمکی گۆرانی دەگرێ.

زەمەن تفەنگێکی ڕەنگاوڕەنگی و ڕەنگاڵەیی هەیە
شاعیر ئاگای لێ نییە کە دەیکوژێ.

# ناوەڕاست

لەناو ڕەشدا
لە درزی نێوانی پەنجەرە و پەردەدا
لە سپییەتی دەڕوانم
کەچی سپییەتی تەنیا
تارماییێکی ڕەشم نیشان دەدا.

من دەبێ لە چی بگەم؟

ڕەنگە هیچ جیاوازییێك نەبێ
لە نێوانی تاریکیی و رووناکیدا
یانیش ڕەنگە هیچ هەناسەیەك نەبێ
لە نێوانی ڕووناکیی و تاریکیدا.

## شێوازی ژمارە -77-

شەمەندەفەرێکی ڕەش
لەناو ئاسمانە سوورەکەدا وەستاوەو دەگری
کۆترێك لەناو فارگۆنەکەدا ڕۆنیشتوە و
هێزی پیاسەکردنی نەماوە
قەفەزێکی زەرد لە وێستگەکەدا
بە حەماسەتەوە چاوەڕوانە.

فڕۆکەیەکی سەرخۆش
لە میناکەدا وەستاوە و دەگری
ماسییێك لەناویدا ڕۆنیشتوە و
بە " لاپتۆپێك " چات دەکا
لە دەرەوە نەهەنگەکان بە حەماستەوە چاوەڕوانن.

کەشتییێك لە ئاوتۆبانەکەدا بە خێرایی دەڕواو دەگری
مەیمونێکی عاشق لەناو مەلەوانگەکەدا
بە پۆشاکەوە مەلە دەکا
"نوح" هیلاکە لە بیابانەکەدا
بە حەماستەوە سۆراغی دەریا دەکا.

# قــەل

پۆلێ قەل لە ئاسمانی بیابانەکەدا دەخولێنەوە.
پۆلێ قەل لە ئاسمانی بیابانەکەدا چاودێری دەکەن.
پۆلێ قەل لە ئاسمانی بیابانەکەدا نوێژ دەکەن.
پۆلێ قەل لە ئاسمانی بیابانەکەدا
ناوێرن لە ـ لم ـ ی بیابانەکە نزیك بکەونەوە.

شاعیرێك لە نێو ـ لم ـ ی بیابانەکەدا تێنوویەتی.
شاعیرێك لە نێو ـ لم ـ ی بیابانەکەدا چاودێری ئاسمان دەکا.
شاعیرێك لە نێو ـ لم ـ ی بیابانەکەدا ئاوزینگ دەدا.
شاعیرێك لە نێو ـ لم ـ ی بیابانەکەدا هێشتا جوولە دەکا و
پۆلێ قەل ناوێرن لێی نزیك بکەونەوە.

پۆلێ قەل لە ئاسمانی بیابانەکەدا چاودێری دەکەن.
پۆلێ قەل لە ئاسمانی بیابانەکەدا دادەبەزن.
شاعیرێك لە نێو ـ لم ـ ی بیابانەکەدا چیدی ئاوزینگ نادا.
پۆلێ قەل دەوێرن لە ـ لم ـ بیبانەکەدا نزیك بکەونەوە و
بەر لە هەر شتێ
گلێنەی شاعیرە زیندوەکە
لە نێوانی خۆیان دابەش دەکەن.

## سیحری گەورەی ساحیرە بچووکەکە

ئەو سیحرە مولحیدە چییە لە تۆوە بەرەو من دێ؟
خۆ من دەیانم هێناو دەیانم برد
خەونم عاری کرد و ـ با ـ م کەویکرد
بەردم فێری قسە کرد و سەرابم ڕاو کرد
کەچی تێنەگەیشتم
نهێنی ئەو سیحرە مولحیدە چییە، لە تۆوە بەرەو من دێ؟

ئەو سیحرە ساحیرە چییە لە تۆوە بەرەو من دێ؟
کە لە نێو تاڤدا ڕۆنیشتومە و ئاسایی دەتدوێنم
ئاساییە، یا دەمدوێنی، یا (دەمدوێنی و نامدوێنی)،
یانیش هەر نامدوێنی..
کە لە ئاسماندا ڕۆنیشتویو ئاسایی دەمدوێنی،
ئاساییە، ئاسایی دەمدوێنی..
کە بە لاواندنەوە دەتدوێنم، یا دەمدوێنی یا نامدوێنی.
کە بە لاواندنەوە دەمدوێنی، بە شانازیەوە دەمدوێنی.
کە بە نازەوە دەمدوێنی، بە خۆشحاڵیەوە دەمدوێنی.

که به نازەوە دەتدوێنم، تۆ بە نازەوە نامدوێنی.
که به ڕکەوە دەتدوێنم، بە ڕەهایی نامدوێنی.
که به ڕکەوە دەمدوێنی، بە ئومێدەوە دەمدوێنی.
که ناشم دوێنی ئاساییە نامدوێنی
چونکه تۆ گاڤێ دەمدوێنی کە خۆت دەتەوێ بمدوێنی.
پێم نالێیی ئەو سیحرە ساحیرە چییە لە تۆوە بەرەو من دێ؟

ئەو سیحری تاریکە چییە لە تۆوە بەرەو من دێ؟
خۆ دەیانم هێناو دەیانم برد
دەیانم ڕاوکرد و دەیانم بەرەڵاکرد
مەرگم ڕاونا و هەتاوم کەوی کرد
کەچی تێنەگەیشتم
نهێنی ئەو سیحرە تاریکە چییە لە تۆوە بەرەو من دێ؟

ئەو سیحرە کحولدۆستە چییە لە تۆوە بەرەو من دێ ؟
که دەبمە شەپۆل و خۆم گران دەکەم
تۆ دەریایت و خۆت گران دەکەی.
که خۆت گران دەکەی، خۆم گران ناکەم.
که خۆم گران ناکەم، هەمدیس خۆت گران دەکەی.
که خۆشت گران ناکەی، هەر خۆم گران ناکەم.
که خۆم گران گران بکەم و خۆشم گران نەکەم

**تۆ ناتوانی خۆت گران نەکەی**

**کە خۆت گران بکەیت و خۆشت گران گران نەکەی**

**خۆ من ناتوانم خۆم گران بکەم.**

**کە خۆت گران بکەیت و خۆشم گران نەکەم**

**کە خۆم گران بکەم و خۆشت گران گران نەکەی**

**تۆ هەر بە گرانی دەمینێیتەوە و منیش هەر بە سووکیی**

**ئای ساحیرە بچووکەکە**

**دەبێ نهێنی ئەو سیحرە گەورەیە چیبێ**

**کە لە تۆوە بەرەو من دێ؟**

**ئەو سیحرە کۆمێدیە چییە لە تۆوە بەرەو من دێ؟**

**کە ڕابکەی بە دواتەوە ڕادەکەم و**

**بە هەزار ماچ ناگەڕێیتەوە**

**کە ڕابکەم، بە دوامەوە ڕاناکەیت و**

**بە ماچێکی سووك دەمگەڕێنیتەوە.**

**خۆ دەیانم هێنا و دەیانم برد**

**خەونم عاری کرد**

**دەیانم ڕاوکرد و دەیانم بەڕەڵاکرد**

**هەتاوم کەویکرد، سەرابم دەستەمۆکرد**

**دەیانم پڕ لە خەون و دەیانم پڕ لە ئاو کرد**

**کەچی تا ئێستەیش تێنەگەیشتم**

نهێنی ئەو سیحرە ساحیرە چییە
نهێنی ئەو سیحرە مولحیدە چییە
نهێنی ئەو سیحرە کۆمێدیە چییە
کە لە تۆوە بەرەو من دێ؟

# ڤیان و بورکان

جاروبار تۆ شیعرێکی ئاڵووالأی هێندە فراوانی
بە جەستەی بنێسی هیچ ئاوازێکی تەسك ناکەی
جاروبار تۆ ئاوازێکی سپی هێندە فراوانی
بە جەستەی ڕەشی هیچ گۆرانییێکی تەسك ناکەی.

جاروبار کە هەڵدەچی
تۆ شیعرێکی بە نازونوزی هێندە تەنگی، تەنگتر لە ژیان
بەڵام ڕۆحی ئاوازێکی فراوان گەرم دەکەیتەوە
جاروبار کە هەڵدەچی
تۆ ئاوازێکی هێندە تەنگی.. تەنگتر لە مردن
بەڵام ڕۆحی گۆرانییێکی فراوان فێنك دەکەیتەوە.

جاروبار کە تۆ گۆرانییێکی فێنك و فراوانی
ئاگاداری؟ چەند بورکانی ڤیانی من فێنك دەکەیتەوە؟
ئاگاداری؟ چەند ڤیانی من بۆ بورکان فراوان دەکەیتەوە؟

# سەرواکانی سینە

چریکاندم:

ئایە من شەڕێکی عاقڵم

لە نێو ئاشتییێکی شێتدا؟

یا شەڕێکی شێت

لە نێو ئاشتییێکی عاقڵدا؟

هاوارم کرد:

ئایە من بەفرێکی خۆڵەمێشیم

لەناو ئاسمانێکی سپیدا؟

یا ئاسمانێکی شینم

لە نێو کلووە بەفرێکی ڕەشدا؟

نازانم لە کێندەر بوو، پرسیم:

من چیم جگە لە شیعرێکی بەڕەڵڵا

لەناو قافیەکانی سینەی تۆدا؟

# ڕۆژە لێکچووەکان

وەختێ لاپەڕەی فەرهەنگی ڕۆژەکان ئاوا دەکەم
هەموو ووشەکانی هاوڕەنگن
کە لاپەڕەی لێکسیکۆنی ڕۆژەکان ئاوا دەکەم
هەموو وێنەکانی هاودەنگن
کە لە پێشەنگای ڕۆژەکانیش ڕادەمینێم
هەموو تابلۆکانی بە یەك دیالێکت دیالۆگیانە
ئیدی شەو بەرگە ناگرم و
بە سەرخۆشی
کتێبی ڕۆژە تێپەڕیوەکان دادەخەم.

هەموو خۆرکەوتنێ کە لاپەڕەی ڕۆژەکان
ڕوو لە خۆرکەوتن ڕێگا دەگرن شەو هیلاك دەبم
بۆیە بە سەرخۆشی
ئەلبومی ڕۆژە تێپەڕیوەکان دادەخەم.
فەرهەنگی ڕۆژە تێپەڕیوەکان دادەخەم.
لێکسیکۆنی ڕۆژە تێپەڕیوەکان دادەخەم.

هەموو شەوێ کە بە سەرخۆشی
بیر لە هاتنی سپێدە دەکەمەوە، ترس دامدەگرێ
چونکە دەزانم شەوی دادێ
دەبێ کتێبی ڕۆژی تێپەڕیو
وەکو کتێبی ڕۆژە تێپەڕیوەکان دابخەم.

شەوانە کە بیر لە هاتنی سپێدە دەکەمەوە
ترس دامدەگرێ
چونکە دەزانم
دەبێ لە شەوی داهاتوودا
فەرهەنگی ئەو ڕۆژەیش وەکو ڕۆژە تێپەڕیوەکان دابخەم.
لێکسیکۆنی ئەو ڕۆژەیش وەکو ڕۆژە تێپەڕیوەکان دابخەم.
ئەلبومی ئەو ڕۆژەیش وەکو ڕۆژە تێپەڕیوەکان دابخەم.
کتێبی ئەو ڕۆژەیش وەکو ڕۆژە تێپەڕیوەکان دابخەم.

# لێوە پڕەکانت

بێنە ئەو لێوە پڕانەی خۆتم بدێ
کە هەموو نەگوتراەکانم پێدەڵێن
ئینجا تێدەگەم
کە من چەند لە ناو تۆدا ژیان دەگوزەرێنم.

نامەوێ ئاوا بزانی
کە چەندم خۆشدەوێی
دێم،
ئەو لێوانەم نزیك دەکەمەوە
کەهەموو نەگوتراوەکانت پێدەڵێن
ئینجا خۆت تێدەگەی
کە تۆ چەند لەناو مندا
ژیان دەگوزەرێنی.

# ژیان و مردن

لەوانەیە ئاسایی بێ دەسپێکێکی ئاوا نائاسایی
لەوانەشە نائاسایی بێ سڕانەوەیەکی ئاوا ئاسایی
لەوانەیە هەمووومان بزانین
ژیان کتێبێکی نائاسایی پڕ لە غەفڵەتە و
مردنیش مساحەیەکی ئاسایی لە ناکاو.
یانیش لەوانەیە لە نێوانی ئاسایی و نائاسایی شتەکاندا
بۆشاییێکی پڕنەکراوە بە جێبێڵین
کێ دەزانێ؟

## جوانیی و ناشرینیی

ئەگەر لە نێوانی ئێستەتیك و ئێستەتیكدا
ئێستەتیكمان دانا
گوماننناكەین
هەموو شتەكان بە بەتاڵی دەمێننەوە.
ئەگەر لە نێوانی ناشرینیی و ناشرینییدا
ناشرینییمان دانا
هەمدیس هیچ شتێ نامێنێتەوە.
ئەگەر ئێستەتیكمان دایە ناشرینیی و
ناشرینییمان دایە ئێستەتیك
ئەوا لە نێوانی ناشرینیی و ئێستەتیك و
لە نێوانی ئێستەتیك و ناشرینییدا
ژیان دەمێنێتەوە
ڕەنگە ژیان ئاوای بوێ
ناشرینیی بۆ ئێستەتیك و
ئێستەتیكیش بۆ ناشرینیی
ڕەنگە ژیان ئاوای بوێ.

# لەگەڵ خۆمدا

دەچم لە بیاباندا
نوێژێکی تەڕ دەکەم
جیا لە نوێژە وشکەکانی لم.

دەچم لە تەنیشت شیعردا
پیاسەیەکی شیرین دەکەم
جیا لە پیاسە تاڵەکانی بەرد.

دەچم لە ناوە خۆمدا
مردنێ دەمرم
جیا لە مردنی مردووانی شار.
لەناو مردندا
ژیانێ دەژییێم
جیا لە ژیانی مردووانی شار.

## دەریا و بیابان و مردن

زەمەن دەمبا
لە نێو بردنا ڕادەمینێم
ئاخۆ لە پشت دەریادا چی هەیە؟
لەوە دەچێ لە پشت دەریادا
بە تەنیا دەریا هەبێ.

زەمەن دەتبا
لە نێو بردنا ڕادەمینێی
ئاخۆ لە پشت بیاباندا چی هەیە؟
لەوە دەچێ لە پشت بیاباندا
بە تەنیا بیابان هەبێ.

زەمەن دەمانبا
لە نێو بردنا ناتوانین رابمێنێین
ئاخۆ لە پشت مردن چی هەیە؟
لەوە دەچێ لە دوای مردندا
تەنیا و تەنیا هەر مردن هەبێ و
هەر مردن و هەر مردن و...

## ژمارە 75

ئەگەر پەنجەی نەرم و زمانی ڕەقی من نەبووایە
ئەگەر لێوی ڕەق و ددانی نەرمی من نەبووایە
ئێستا نەدەشیای شانازی
بە دڵی نەرم و مەمکی ڕقت بکەی.
ئەگەر پلانی سپی دەوم نەبووایە
ئەگەر شاڵاوی ڕەشی دەستم نەبووایە
ئێستا نەدەشیای بە شانازییەوە
ستیانی ژمارە 75 لە سینگ بکەی.

ڕاستی بڵێ
دانم نەدای؟
ئاوم نەدای؟
هەتاو و خاك و ئاگرم پێنەدای؟

قەینا مراوی من
شانازی بکە بە ترساندنی من
ترس لە سڕینەوەی ڕابردوو، ترس لە چاکە
لەو کاتەی کە بە خراپە چاکەی دەدرێتەوە.

## گەمەکانی ژێرەوە

هەردەم لە بنەوەی پێکەنیندا
گریانێکی لاڵ هەیە و بزە دەکا
هەردەم لە بنەوەی گریاندا
پێکەنینێکی بێدەنگ هەیە و بزە دەکا
هەمیشە لە بنەوەی ڕەشبینی
تیشکی گەشبینییێکی درەوشاوە هەیە و بزە دەکا
هەمیشە لە بنەوەی گەشبینی
تیشکی ڕەشبینییێکی تاریك تاریك هەیە و بزە دەکا
هەمیشە لە بنەوەی ناخدا
ژیانێك هەیە گاڵتە بە مردن دەکا
بەڵام بۆ هەمیشەیی لە بنی بنەوەی ناخەوە
مردنێکی حەقیقی هەیە
گاڵتە بە ژیان دەکا.

# کەس لێرە نەمابوو

لەناو گەرماوی گەرمی تەمەندا ڕۆنیشتبووم
لەناو گەرماوی گەرمی تەمەندا ـ با ـ م مەساج دەکرد
لەناو گەرماوی گەرمی تەمەندا
گوێم لە مۆسیقای بێ نۆتە دەگرت
لە گۆرانی لالاًن
سێبەری فریشتەم دەدیت
لەناو گەرماوی گەرمی تەمەندا نەمزانی
ئاهەنگم سازدا و نووستم.

سپێدە تەماشامکرد
لەناو گەرماوی گەرمی تەمەندا ڕۆنیشتووم
کەچی کەس لێرە نەمابوو..
نە با و
نە مۆسیقا و
نە لالێش
کەس لێرە نەمابوو.

# کیسەڵ

سەنتەری چەند شارێ گەڕام
مارکێتەکانی چەند کیشوەرێکم سەرەوژێر کرد
نەمزانی
ئێ خۆ من نەمزانی
چیت بۆ بێنم بە دیاری!
جگە لەو کیسەڵە کریستاڵییە
باش ئاگاداریبە گیان
ئەوەیان منم بەرەو تۆ دێم.

## دوو بەرامبەر بە یەك

گوتم: با تەریب و یەکسان بین لەو سەفەرە ڕەشەدا.
گوتی: با یەکسان و تەریب بین لە ڕەشیەتی ئەو سەفەرەدا.
بەنێو خەونی خەوتو و
خەبەرکردنەوەی خەون و
هەناسە مردووەکان و مراندنی هەناسەکاندا تێپەڕین

چووینە نێو ئاگری فیردەوس.

من کۆنترۆڵم نەما و تۆیش شەرمت کرد.
دووەمین جار تۆ کۆنترۆڵت نەما و منیش شەرمم نەکرد.
گەر سێیەمین جاربێ
لە یادت نەچێ
ئۆرگازموزێکت قەردارم.

# شیعر لە هاوکێشەیەکی ماتماتیکیدا

بۆ ئەوەی نائاگایت لە گۆشەیەکدا بدۆزیتەوە
دەبێ ئاگایت لە سەنتەری تەمەنێکدا بزربکەی.

گەر بتەوێ تامی ڕۆشنایی بکەی
دەبێ بۆنی تارماییت چەشتبێ.

کە بە گومانەوەیش قوماردەکەی
یا دەڕۆیتە سەنتەری ئیرۆس
ئەوا دەبێ یەقین بی لە بەخشینی یەقین و وەفا.

**ئەگەر لە عەشق بئاڵێی**

**ناچاری هاوسەنگی نێوان هەستەکان ڕاگری.. ناشکرێ!**

**ناچاری ڕۆحێك بسووتێنی تا دڵێ فێنك بێتەوە**

**ناچاری دڵێ ناشادکەی تا ڕۆحێ بەختیار بێتەوە**

**ناچاری بمری تا یەکێ بژییێنی**

**ناچاری بژی تا یەکێ بمرێنی.**

**گەر بشتەوێ جەستە**

**لەنێو بانیۆی سەفا ڕاخەی**

**دەبێ تابلۆی گیان لەسەر خیابانێکی قەرەباڵغ ڕاخەی.**

**خۆ ئەگەر ویستیشت ڕۆح لە بانیۆی سەفادا ڕاخەی**

**ئەوا دەبێ تابلۆی جەستە**

**لەسەر شەقامێکی قەرەباڵغدا ڕاخەی.**

# شتەکان موڵکی زەمەنن

مەدالیای سەرکەوتنی لە یەخەی چارەنووس دەدا و
بە نێو تونێڵی تاریکی کوکوختیە بەدبەختەکاندا
گوزەری دەکرد.
ئێستا مامزە مۆدێرنەکان
نیشانی سەرکەوتنیان لە یەخە داوە و
بە نێو تونێڵی تاریکی بەدبەختیتدا گوزەر دەکەن.

ڕۆژانێ هەر بۆ پێکەنین لە تونێڵەکەدا
دارپرتەقاڵێکی باش باش ئاو دەدا و
هێشووێ ترێی دەوەراند
گوڵێکی بۆن دەکرد و ڕەیحانێکی دەقرتاند
ئێستا نە درەختێ دەیرووێنێ و نە درەختێ دەیوەرێنێ
نە ڕەیحانێ بۆنی دەکا و نە گوڵێ دەیقرتێنێ.

ئیستا
دەبێ زەمەن چی بەسەر داهێنابێ؟

# ماڵێك لە نێوان رووناكیی و تاریكییدا

لەو سێڕیانە ڕادەمینێم، چی دەبینم؟

لە لایتی ئۆتۆمبێلە تاریكەكان ورد ورد دەبمەوە
من وێلاٚنە ئەو هەموو تاریكیی و ڕووناكییە دەبینم
كەچی تۆ دیار نیت.

ئێستا زانیم ماڵێك هەیە
لە نێوانی ڕووناكیی و تاریكییدا
ئێستا زانیم پەیمانێك هەیە
لە نێوانی تاریكیی و ڕووناكییدا.

## سۆراغت دەکەم

خەونێکی بێزمانی پڕ لە دیالۆگم دیت
باوەڕم هات سۆراغت بکەم
سپێدە هەتا هاتمە دەر
دیتم بەهار
بە درەختی پایزەوە هەڵواسرابوو.

## ژن و ژیان

ژیان لە بنەڕەتدا ژنێکە و
بەرهەمێکم پێشکەش دەکا
یا بەرهەمێکە و ژنێکم پێشکەش دەکا؟

شتێك دەزانم من

کاتێ بێ شیعر دەبم
ئەو ژنێکم پێشکەش دەکا.

# پێناسەیەکیدی بۆ خۆشەویستی

عاشقێکی مەغرور گوتی: خۆشەویستیی ژیانە.

عاشقێ ڤیژاندی: عەشق مردنە.

ئەزموون پێیوایە:

عەشق ئەو هەناسەیە

کە دەکەوێتە نێوانی ژیان و مەرگ

عەشق ئەو شیعرەیە

کە دەکەوێتە نێوانی ژیان و مەرگ.

## ئاهەنگ

نەرگیلەم هێنا و گڵۆپەکانم داگیرساند
هەتا گڵۆپی"WC"ەکەش.

ڕۆناکیی دەڕۆیشتە ماڵی دراوسێکان
هەموویان بە یەك دەنگ دەیانگوت:
ماڵێك لە قاقا..
ماڵێك لە ڕۆناکیی..

کەچی نەیاندەزانی من لەبەر تەنیایی
لەگەڵ تاریکیی ناخمدا ئاهەنگ دەگێڕم.

کەچی نەیاندەزانی تەنیایی بە ڕووتی
لەناو مندا ئاهەنگی دەگێڕا.

کەچی نەیاندەزانی..
ئەریٚ بۆ تۆ نەهاتی؟

# خشتەکی سەهۆڵین

چەند ڕۆژێك دەبێ لە "ئۆسنینگ شتراسە"
لەنێو خشتەکێك لە شەختە
شەختەیەك لە کریستاڵ
بە ڕووت و قووتی ڕاکشاوم
هێشتا ئاگری دووریت دەمسوتێنێ

دەکرێ پێم بڵێی:
تۆ چیت بەسەر مندا هێناوە؟

## خۆشەویستیی
## لە یەکەمین چاوترووکاندا

من دەمەوێ بەرەو لای ئەو پاڵەوانانە بڕۆم
کە بێقاچن و دەشتوانن ڕابکەن
من دەمەوێ بەرەو لای ئەو کوێرانە بڕۆم
کە بینیویانەو دەشتوانن شاهێدی نەدەن
من دەمەوێ بەرەو لای ئەو منداڵە بێ دەوانە بڕۆم
کە دەتوانن قسە بگێڕنەوە و ناشیگێڕنەوە
من دەمەوێ بەرەو لای ئەو ئێوارەیە کەڕەدا بڕۆم
کە گوێشی لێبوەو دەشتوانێ حاشا بکا

من بە سانایی دەمەوێ بەرەو هەموو مەتریالەکانی
ئەو ڕۆژەدا بڕۆم و بپرسم:

تۆ زووتر منت وێرانکرد،
یان من زووتر تۆم خۆشویست؟

# دووبارەی کەینەوە.. ها؟

تەماشای ئەو جۆگەڵەیە سوورە بکە
کە لە لێوەکانتەوە دێ و هاوار ناکا..
بە ڕووباری
ئەو قەدەرە کەسکە پێبکەنە
کە لە چاوەکانتەوە دێ و شەرم ناکا..

بۆئەو ڕۆژە
دەست بخەرە سەر زگت و لە قاقادە
کە ئێمە بە دزی خواکانەوە
بە گۆڕستانەکەدا تێپەڕین و
لە ئەشکەوتێدا
یەکترمان ماچکرد

گیان.. دووبارەی کەینەوە.. ها..؟

## که "5000" کیلۆمەتر
## مەودای نێوانمانە

تۆ
لەناو ڕۆشناییدا
دەدرەوشێیتەوە.

تۆ
لەناو درەوشانەوەدا
ڕۆشنایی دەدەی.

تۆ
لەناو ڕۆشنایی و درەوشانەوەدا
دەگەشێیتەوە.

تۆ
لەناو گەشانەوەدا دەگەشێیتەوە .
ڕۆشنایی دەدەیت و دەدرەوشێیتەوە .

تۆ
ئا.. تۆ.. پێم ناڵێی لە کوێی؟

# پەپوولە و من

پەپوولەیەك
بە چواردەوری گلۆپێکدا دەخولایەوە
ئێرەیم پێیبرد
پەیژەیەکم هێناو گرتم.

پەپوولەیەك
لە نێو قەفەزی دەستەکانی مندا دەینالاند
من بە ڕەحم بووم
لەسەر کورسییەکەی بەرامبەر خۆمم دانیشاند.

پەپوولەیەك
کە بەیەکەوە پێکی یەکەممان هەڵدا

من لێیم پرسی:
دەزانی هەردووکمان وەك یەك
عاشقی رووناکیین؟

# هەزار و یەك شەو

وابزانم ناشێم
تا هەزار و یەك شەویدی چاوەڕوان بم
حیكایەتی چیم بۆ سەرد دەكەی؟
بڕیار بدە
دۆزەخ یاخود فیردەوس؟
گەر نا بڕۆ حەز لە ئەیوب بكە
ئەو پڕۆفشیونالّە لە سەبر.

# درۆی شاعیر

گوتیان: بۆ هەمیشەیی خووگرتن بە شیعر
لە فیردەوسەکانی " کۆکس " مەراقترە.
شاعیرێکی سەرکێشی راهاتوو
دەتوانێ کۆکس هەڵدا
کەچی ناتوانێ هەتا مابێ
دەست لە نووسینی شیعر هەڵگرێ!

گوتم: عەشق بۆ هەمیشەیی لە شیعر مەراقترە
من دەتوانم شیعرەکانم توورڕ هەڵدەم
کەچی ناتوانم، هەتا مابم
دەست لە عیشقی تۆدا هەڵگرم

یان کێ ناڵێ درۆ دەکەم!؟

# باران و ژن و خاك و باران

له نهێنی حیکایەتی نێوانی باران و خاك و
له نهێنی حیکایەتی نێوانی خاك و باران
کەشفی کۆدەکانی نێوانی
لەبەر ڕاکردن و بەدوا ڕاکردن و
ئاوێتەبوون و ترازان دەکەین
سەیرە زۆریش
ملیار ساڵە
هەمیشە
ژن و پیاو
هەمان حیکایەتی نێوانی باران و خاك
دووبارە و دووبارە دەکەنەوە
هەمیشە
ملیار ساڵە
خاك و باران
هەمان حیکایەتی نێوانی ژن و پیاو
دووبارە و ملیۆن بارە دەکەنەوە.

# ژیان هەر ژیانە

ـ با ـ م دیت بە گەڵاکانی دەگوت: ژیان سەمایە.

کاروان گوتی: ژیان بیابانە.

شاعیرێکی گۆشەگیر گوتی: ژیان شیعرە.

خۆشەویستی بە ڕقی گوت: ژیان عەشقە.

شا گوتی: ژیان کورسییە و تەواو.

ژیان پێکەنی و گوتی:

ژیان بە تەنیا ئەو شتەیە کە پێی دەڵێن: ژیان.

# وەرزەکان

تەمموز وا دەزانێ دەتوانێ حەددێ
بۆ دیسێمبەر دانێ
زستان پڕ دەبێ و گوێ بە هاوین نادا
بەهار چاکسازی دەکا
پاییز هەموو شتەکان ئاوەژوو دەکا

تۆ کامیانی؟

جا کوانێ کێشە؟
هەر چییێك بی خۆشمدەوێی.

# لێت دیارە؟

لمێکی سپی بووم؟
یا لمی ڕەش و لمی سوور و لمی زەرد
کاتێ کە لەگەڵ دەریادا سۆراغمانکردی؟

هیلاکبووین نەماندۆزیەوە.
وەختێ ڕوانیمان
ببووی بە پەلکەزێڕینەی پشت هەورەکان.

دەریاییێکی شین بووم؟
یا دەریای کەسك و دەریای سوور؟
کاتێ کە لەگەڵ لمدا سۆراغمانکردی؟

هیلاکبووین نەماندۆزیەوە.
وەختێ ڕوانیمان خۆمان ونکرد.

بۆچی نایێی؟ خۆ من لێم دیارە
کە تۆ لە هەموو شوێنێك منت لێدیارە.

## کۆتایی ساڵ

هەفتە لاپەڕەی سەوزی ڕۆژەکانی هەڵدایەوە
مانگ لاپەڕەی زەردی هەفتەکانی خوێندەوە
وەرز مانگە شینەکانی ژمارد و
ساڵ وەرزە سپیەکانی بەڕێکرد
ماچەکان لە ساونەی هاویندا پڕووکان
ماچەکان لەناو گژوگیای بەهاردا ونبوون
ماچەکان بوونە ترێ و وەکو ژیان
لە درەختی پایزەوە هەڵوەران
ماچەکان لەناو تەزیندا بوون بە زستان
ساڵ بەرەو کۆتایی چوو
کەچی وا تازە عەشق دەست پێدەکا.

## تۆفان

بۆ پێڕاناگەم ؟
هەمیشە پێڕاناگەم
بۆ هەمیشەیی پێڕاناگەم.

دەمەوێ پێڕابگەم
هەتا پێڕادەگەم
هەتا دەمەوێ پێڕابگەم
لەمێژە تۆفان هەڵگیرساوە.

## درەوشانەوە

خۆر هیلاك بوو، جانتای تێکنا
کاتی داگیرساندنی گڵۆپەکان داهات
هەموو ماڵێك لەو شارەدا چرای داگیرساند
من نەبێ!

جا من
چ پێویستیم
بە داگیرساندنی گڵۆپەکان هەیە؟

من وا لێم دیارە
تۆ وەك یاقووت
لەناو مندا دەدرەوشێیتەوە.

# گولله دەمامکدارەکە

شەوێکی کەڕ
لە شەقامێکی بەڕەڵلاّدا
گوللەیەکی ڕووت دێ و دەمپێکێ.

خۆشم نازانم بۆ دەبێ بمرم؟

لە "قیامەت"دا
فریشتەیێ
ئەکتی ژێر باڵی بە توورەییێکەوە
دەخاتە سەر مێز و
بە فەرمانێکەوە دەنەڕێنێ:
_تۆ لەسەر گەمەی حەرامدا کوژراویت
ئامادەبە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.

من بە کزی و مەلوولی سەر دادەنوێنم و
دەڵێم: گەورەم ئاخر من لەسەر حەق و
لەسەر حەق نەبووم !؟

## "شێواز" دوای 48 کاتژمێر لە بێدەنگی

لە ماوەی 48 سعاتی ڕابردوودا
بە دیار پەنجەرە کراوەکەمدا
لەگەڵ دەنگی هەڵفڕ هەڵفڕی
باڵی کوکوختییەکانی مەراق و
گمە گمی کۆترەکانی ترس و
میاوە میاوی پشیلەکانی لەززەت
زیاتر لە 81 هەزارجار
گوێم بۆ ئەو دێرە لەعنەت لێکراوە ڕادێراوە:

{ئەو ژمارەی داوات کردوە داخراوە
تکایە دواتر پەیوەندی بکەرەوە}.

## کاژێر 1:36 دەقەی تەواو

تا لێرە بم

یان لەوێندەریش

نە دەقەیەك پێش و

نە دەقەیەك پاش

گوێ ڕادێرە..

کە سێجار زەنگی تەلەفۆن لێدرا

ئەوا منم

لە غیابی بەردەوە هاتووم

فیلمی ڕابردووم بە وشە بۆ هێناوی.

# لێکچوونی دژەکان

غارە غاری ـ با ـ ش هەر وەك تەمبەڵی بەرد وایە
بەردێکی ڕەش و
ـ با ـ یێکی سپی
یان بە پێچەوانەوە.

من ئێستا بە چاکی لێکچوونی دژەکانم لێدیارە.

هەڵپە هەڵپی ئاو
وەك بێتاقەتی بەرد وایە
عەنتیکەیە ئەو گەردوونە.. ها؟

من دەمەوێ بزانم

بۆچی من هێندە لە تۆ دەچم
یان تۆ، بۆچی هێندە لە من دەچی؟

# غلۆربوونەوە

پەیژە ساردەکان
بەرەو سەرێ بە گەرمی دەبڕم
سی و سێ جار
لە دەرگای ژووری نووستنی خۆر دەدەم
تاریکیی دەرگا دەکاتەوە
تاریکیی بە ڕووتی دەرگا دەکاتەوە
ڕقی هەڵدەستێ و
بە شاپێك
بەرەو تەمتومان
غلۆر
غلۆر
غلۆر
غلۆرم
دەکاتەوە.

# ڤاینی پیر

من هەمیشە خۆم پێ بەردێکی گەڕۆك و
ڤاینێکی پیرە
من هەمیشە خۆم پێ بەردێکی موسافیر و
هەتاوێکی تاریکە
من هەمیشە خۆم پێ ئاوازێکی کەڕ و
دەستێکی درێژی بڕاوە
من هەمیشە
خۆم
پێ
شیعرێکی جیایە
لەو شیعرانەی
کە ناتوانن وەك من عەشق بکەن.

# ئەگەر ونبوویت

ڕۆژێك ڕۆنیشتم و هزریم.. باوەڕم وابوو
تۆ.. بە تەنیا لە پێك دەچیت.
بۆیە ئەگەر چرکەیێ دیار نەمایت و ونبوویت
یان بوویتە سەراب
وەرە لە شەقامەکانی گیانی مندا
بە دوای ئەدرێسی ڕۆحی خۆتدا بگەڕێ
چونکە بڕیارمداوە
لە بچووکترین دەرفەتدا
تا حەددی ونبوون بتخۆمەوە.

# من و ـ با ـ

من له باوەشی ـ با ـ دا خەوتووم
له باوەشی ـ با ـ یێك
نه موسافیره و
نه جێگیر.

ـ با ـ یێك له باوەشی مندا خەوتووه
له باوەشی منێك
نه موسافیرم و
نه جێگیر.

من و ـ با ـ له باوەشی  قەدەرێکدا خەوتووین
نه پرسیاره و نه وەڵامیش
خوا
دێ و دەپرسێ
چیبکەین باشه؟

## دەمەوێ من "ئەندیمۆن" بم

کە خۆر بە مساحەی  فیزیا
دەموچاوی شەوی ڕەشکردەوە
پێویست بوو من
بەرەو ئاسن و بزمار
ڕێگا بگرمە بەر.

ئەوەندەی کۆشام  و
ئەوەندەی کۆشام
نەمتوانی سەر تەختە خەوەکە جێبێڵم.
بۆیە بڕیارمدا
لەو ئێوارەی دادێ
" هیرا "
لە قەراغی حەرامستانێکدا
لە عەرد بگەوزێنم
تا زیۆس بێدڕدونگیی
سزای نوستنێکی ئەبەدیم
بە سەردا بدا.

## وەرە لەسەر خاکدا ڕابکشێ

لەناو شاخوێنبەردا
بەلەمێکی ڕووناك دانراوە
دێی ببیتە کاپتن؟

گیانێك لەناوەڕاستی
دەرگای ژووری جەستەت ڕاوەستاوە
خوا نەکا.. خوا نەکا..
ئەگەر ڕۆحی تۆ
بە پەنجەرەکەدا سەفەری کرد
لێدەگەڕێی ئەو گیانە بێتە شوێنەکەی ئەو؟

دوو لێو

دزیی لەگەڵ خوێنیان  تێکەڵبووە

ئەو شەوە خۆت بە ئانقەست دەخەوێنی؟

تا  بێن ماچێك لە لێوەکانتەوە بدزن

جەستەیەك بۆنی خاکی لێدێ

یان  بە کاری خوا بۆتە خاك

دێی لەسەری ڕابکشێی؟

# کورد

لەناو پەسیوی چاخدا
لە بەردەم
ئاوێنەی مێژوودا وەستابوو
کەچی خۆی نەدەناسییەوە.

بێئامان هەوڵیدا
هەر هەوڵیدا و هەر هەوڵیدا
تا کەوتەوە یادی
شەوێ  لەنێو لاپەڕەکانی مێژوودا
پۆلیسێکی ماسکداری عەرەب
کە ناوی  ـ ئیسلام ـ بوو
ناسنامەکەی لێڕفاندبوو.

# قەیسەر

لە خەونمدا
لە بنی بنەوەی بیرێکەوە
پڕ  بە گەرووی برینداری یوسف
بە  گوێچکەی کەڕی
خۆم و قەیسەردا قیژاندم:

ئێمە هەردووکمان بۆ ئەوە هاتووین
کە  بسڕێینەوە و ماڵمانئاوا

بەیانی کە لە خەو ڕاچڵەکیم
دیتم ئەوەیان حەقیقەت بوو.

# کلیپە کورتەکان

**( کچ )**

بە جلی سپییەوە ڕاکشاوە

بۆتە پەیکەر

کوڕێك هەوڵدەدا

بە زاوا نابێ ..

پەیکەرەکە دەشکێنێ.

**( گۆڕستان )**

دایکێك کوڕەکەی مردووە

لە کاتی ناشتنیدا

هەلهەلە لێدەدا.

**( شایی )**

گروپێك بێلاق کۆنگرە دەکەن

لەسەر سەرچۆپی شەڕیانە.

**( مردن )**

ئاوێنەیەکە ئێمە تێیدا سەیری ژیان دەکەین.

**( شیعر )**

لە بێکاریدا تووشی نەخۆشی پێکەنین هاتووە.

**( بێ وەفا )**

ئەلزهایمەری گرتییە

پەیمانی لەگەڵ لە یادچوونەوە بەستووە.

**( دارستان )**

بە ڕووتی ڕاکشاوە و

دوو کەسیش بە پۆشاکەوە

لە ناویدا سەما دەکەن

پۆلیسەکان سەگیان پێیە و

بە دوایاندا دەگەڕێن.

**( شوێن )**

دوو عاشق دەگەڕێن.. نایدۆزنەوە.

**( فەلسەفە )**

**گۆرانییێکی فۆلکلۆریە**

**لە سەردەمی کۆمینیکاتسیۆندا**

**کەس حەز بە ئاوازەکەی ناکا.**

**( مێژوو )**

**ها ها ها ها ها**

**سەرکردەیەك فرمێسك دادەڕێژێ و**

**کتێبەکە دادەخا.**

**( شاعیر )**

**نازانێ چی بکا.. شیعر دەنوسێ.**

**( خۆم )**

**ئێستا پێویستم بە دوێنێ نییە**

**ئێستا پێویستم  بە ئایندە نییە**

**ئێستا پێویستم بە ئێســـتایە**

**ئێستا پێویستم بە تۆیـــە**

**هەر بەڕاست تۆ لە کوێیت؟**

# لە ناو زریان دادەنیشم

پیادەبووم
بەڵام وام هەست دەکرد
لەناو شەمەندەفەرێکی لمین دانیشتووم و
بیابان شەقدەکەم.
لە پڕ دوو بەلەکی لووسی شووشەیم دیت
لەبەر دووپشکێك ڕایاندەکرد.

پیادەبووم
بەڵام وام هەست دەکرد
کابتنی یاختێکم و
هێمنی دەریاییێکی ئارام دەبڕم
لە پڕ نەورەسێکم دیت
لە ژێر زمانی تیمساحێکدا بانگی کردم.

پیادەبووم

بەڵام وام هەست دەکرد

لەناو زریان دانیشتووم

چووم هەموو شتەکانم ئازادکرد و

لەنێو لەپەکانمدا ڕواندمن

ئەوان لە هیکرِا بوون بە گوڵێك

من هێندە بۆنیم کرد

تا بووم بە گوڵاو و

بە گەروویدا ڕۆیشتمە خوار

ئێستا هەردووکمان

وابزانم هەردووکمان ساغ و بەختەوەرین.

## ئەلێکساندەری گەورە

بە ڕۆژ گلێنەی شێر دەکاتە حەڵقە
خوێنی فیلەکانی هیندستان و
پڵنگەکانی ڕۆژئاوا دەکاتە شەراب و
لە "بابل" هەڵیدەلووشێ.
کە شەو دادێ
لە حەڵقەیەکی قامکی دەپاڕێتەوە
کە ئەو شەوەیش گۆرانی ئیرۆتیکی بۆ بڵێ.

کوڕەکەی قەیسەری ڕۆم
داوای کورسی خوایەتی دەکا لەسەر عەرد
کەچی بەندەی قەفەزی سینەی خوشکەکەیەتی.

تۆ
نە خوێنت پێدەکرێتە شەراب و
نە داوای کورسییەکانی زەمینیش دەکەی
تەنیا ئەوە نەبێ
کە ئەو  وەکو جاران تۆی خۆشبوێ.

## ئەو ئێوارەیش
## من دڵی شیعر دەدەمەوە

**ئەو ئێوارەیەش**
**وەك هەموو ئێوارەكانی**
**ئەو "15" ساڵەی ڕابرد**
**خۆم و ئەلكحول**
**تاك و تەنیا، بە رووت و قووتی رۆنیشتین.**

**سەیرە!**

**من وا چاوم لێیە**
**مەمك و پارە و سیاسەت و هەموو شتەكان**
**بە ڕووتی لە سەنتەری گەڕەكی ژیان پیاسە دەكەن و**
**تۆیش بە تەنیای**
**كەچی من ڕاكشاوم و**
**دڵی شیعر دەدەمەوە.**

**دەبێ شیعر هێندە جوان بێ**
**یان من، تۆ بە تەنیا لەناو شیعردا دەبینمەوە؟**

# تۆ + قۆناغەکان

دوێنێ لەسەرم پێویست بوو
بۆ هەمیشەیی بخەوم.
چونکە دوێنێ
پێویست بووم لەسەرم
بە بەردەوامی خەون ببینم.

ئێستا پێویست نییە لەسەرم خەون ببینم
چونکە ئێستا
لەسەرم پێویستە بە بەردەوامی گۆرانی بڵێم.

سبەی لەسەرم پێویستە بۆ هەمیشەیی بمرم
چونکە سبەی
پێویستە لەسەرم بژییێمەوە.

ژیانەوە..؟
ئا .. ڕەنگە تاهەتایی
لە باوەشی پرتەقاڵی تۆدا.

## ئاگاداربە دیوانێ هەیە لە مۆمیا

شیعرێك هەیە لە تۆ دەچێ
بە پەنجە شووشەییەکانی
لە دەرگای ژووره سپییەکەت دەدا
ئایا پەنجەرەیەکی بۆ ئاوەلاٚ دەکەی؟

گۆرانییێك هەیە
خۆی خۆیت بۆ دەخوێنێ
هەر لە کەشتی دەچێ
دێی لە هاویندا سەفەرێ
بە نێو دەریای ئیرۆتیکدا بکەی؟

ئاوازێکی لاڵ هەیە
خۆی نۆتە شەرمنەکانی خۆی بۆ داناوی و
هەر لە قەروێڵەکەت دەچێ
حەز دەکەی ئێوارانێ لەوێ
لەسەر سینگی ڕاکشێی؟

دیوانێك هەیە

پڕە لە مۆمیا و لە بەهەشت دەچێ

دێی لەوێدا نەمری؟

من هەم

لەو ـ با ـ یە دەچم

کە لە پەنجەرەی ژوورەکەتدا

بێپرس خۆی دەکا بە ژوورەوە

من هەم

لە خۆت دەچم

دێی لەگەڵم بژی؟

# کۆترە باشوورییەکە

هەمدیس ئاسمان و
هەموو جارێکیش هەر بەرەو ئاسمان
من هەمیشە هەر بەرەو ئاسمان لە رێدام
من بەردەوام و بەردەوام
هەر بەرەو خۆر لە ڕێگادام.
بەڵام کۆترە باشوورییەکە
بەرەو خۆرهەڵاتم دێنێتەوە.

لە نێوانی ساردیی باشوور و گەرمیی باکووردا
ئەی کۆتری فێنك
من گوێم لە گوتاری باڵەکانتە.

تۆ.. ئەی چەقی تاقانەی نێوانی
باشوور
ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات
باکوور
باوەڕ دەکەی لەو دنیایە ڕووناکەدا
من بە تەنیا تارمایی تۆم لێدیارە.

## ژنە جوانەکان

شیعرێک
وەك شوفێری شەمەندەفەری
هەموو ئەو شیعرە موسافیرانەی
کە نووسیوومن و دەیاننووسم
لێمی پرسی:
ئەرێ تۆ ئێمە دەخوێنیتەوە
یا بە پێچەوانەوە؟

تۆ وەك کەڤالڤانی
کلکی هەموو ئەو تاووسانەی
کەمنیان خۆشویستووە و خۆشیاندەوێم
لێمت پرسی:
ئەرێ تۆ ئێمە ڕەنگ دەکەی
یان ئێمە ڕەنگمان لەبەر تۆ کردووە؟

من دەمزانی.

دەمزانی من.

من

دەمزانی ..

چارەنووسی جگەرە و

شیعر لە دەستی مندایە

بەڵام ئێوە

ئەی ژنە جوانەکان

هەست ناکەن

چارەنووسی من

لەدەستی ئێوەدایە؟

## "شێواز" لە یەکەم دیتندا

ئەگەر ئەو جارە
لە جەنگی گەورەی ڕێکەوتدا
ئیشراقی گلێنە و
نۆتەکانی موزیکی پرچ و
بزەی سیحراوی لێوی ساحیرت ببینمەوە
سوێندم بە "ئاتون"
کە لەوێوە هاتووین و هەر بۆ ئەوێیش
دەگەڕێینەوە
دەستت دەگرم و
وەك گەردەلوول
ڕاپێچی "بەڕێوبەرایەتی تاپۆ"ت دەکەم
چونکە بڕیارمداوە
لە ئێوارەیەکی کەسکدا
ڕۆحی خۆمت بەناو بکەم.

# پرسیارە کراوەکان

**من کێم و چیم و بەرەو کوێ لە ڕێدام؟**

**پرسیاری گوتراون و**

**لە مێژیشە کراون**

**بەڵام لە هەموو ئەو پرسیارانە گرینگتر ئەوەیە:**

**من تێناگەم بۆچی هێندە تۆم خۆشدەوێ؟**

## کۆتری ئەسمەر

که چرکەیێ له دوورگەی زەمەن تەنیا دەبم
له هەر کیشوەرێکی ئەو زەمینەدابی دەتدۆزمەوە
که گوێشم له نۆتە ئالۆسکاوەکانی دەنگت بوو
سوێندم بە ڕۆناکیی
زەمین لەبەر دیدەما، بەلەنگازو تەنیا دەمێنێ.

# پڕۆتۆکۆڵ

دوێنێ لەسەر مێزە جدییەکە
سێ کەس فشەیان دەکرد.
ئەورۆ لەسەر مێزی گاڵتە
دوو کەس کلاسیك بە جدییەوە دەخوێننەوە.
سبەی یەکێك لەسەر مێزە
حەقیقییەکە ڕۆنیشتووە
پیربووە،
جگەرە دەکێشێ و
بیر لە سەفەر دەکاتەوە.
دووسبەی کەس لێرە نەماوە.
سێسبەی سێ کەس دێن
چوار سبەی لەسەر مێزێکی جدی
دادەنیشن و فشە دەکەن
پێنج سبەی دوو کەس لەسەر مێزی گاڵتە
بە جدی دوێنێ دەخوێننەوە.
شەش سبەی یەکێك تەنیایە و
بە پیری دانیشتووە
بیر لە نوێژ دەکاتەوە

**یا عەرەق دەخواتەوە**

**یانیش هیچ ناکا**

**ئەورۆ کەس لێرە نەماوە.. کەس.. کەس..**

**حەفت سبەی کارەکە تەواو دەبێ و**

**سێ کەس لە دایك دەبن**

**هەشت سبەی دەگرییێن و ئاوڕدەدەنەوە**

**کەس لێرە نەماوە.. کەس.. کەس..**

**پڕۆتۆکۆڵێکەو لادان قبوڵ ناکا!**

# لە شەوێکی هاویندا
# پیاسەیەکم بە خۆم کرد

کە لە پەنجەرەکەمەوە
لە هاتوچۆی سەیارەکانی
ئەو چوارڕیانەم دەڕوانی
بۆسێزدەهەمین جار لەو ڕۆژەدا
گوێم لە ئالارمی
ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەرەوە بوو.

ئیدی گومانم نەما و زانیم
هاتووە من بکوژێنێتەوە.

کەچی وەك ـ با ـ هات و
بە بەردەمما تێپەڕی.

من چارم نەما
قایشێکی قاوەیی درێژم خستە ملم و
بەناو بۆن و بەرامەی ئەو شەوە هاوینییەدا
پیاسەیەکم بە خۆم کرد

لەپڕ برووسکەیەك لە سەنتەری خەیاڵمیدا
چووم لە باڵاخانەی قوتابیاندا
بەدوای ناوی "KATIA" دا گەڕام
دۆزیمەوە و (7) زەنگم لێدا
پیاوێك
بڵێ فیلێکی کەچەڵ
دەروازەکەی ئاوەڵاکرد
بە تورەییێکەوە لێمی ڕوانی و گوتی:

_ تکایە هاتنە ژوورەوە
بۆ هەموو جۆرە سەگێك قەدەغەیە.

من بە غەمباری گەڕامەوە
سەر پەنجەرەکەم و
وەك سەرەتا لە هاتوچۆی سەیارەکانی
ئەو چوارڕیانەم ڕوانییەوە.

# نیو ئۆرلاین

شیعرێکی شینی بەڕەڵڵا
لەسەر کورسییێکی کەسکدا
لە نیو ئۆرلاین
ئەو کافتریایەی کە دەکەوێتە
سەر شەقامی (فایلن) ڕۆنیشتوە و
بیر لە گەیشتنی
زەڵەوزەنای مەمکەکانی "سڤێتلانە" دەکاتەوە.
سڤێتلانە..
ئای سڤێتلانەی کایی..
ئای سڤێتلانەی کەسکی دەریایی..
ئەوا بۆ " 16 " مانگ دەچێ
جگە لە جارێك
هێشتا جارێکیدی
گۆپکە قاوەییە ئاچوغەکانت
لە دەوی شیعرێکی شینی ئاویی نەئاخنیوە.

جارێکیان کە لە چێشتخانەی صینییەکان
گۆشتی مراویان خوارد و بەڕێکەوتن، تا بچن
لە ناو یۆگا و بخووردا
پەنهانی سیحری ئیرۆتیك ئاشکرا بکەن
ئەو شیعرە سەرشێتە
لە ڕێگادا
ئەدرێسی ماڵەکەی خۆی لێکەوتبوو!

هەر گەڕان و هەر سووڕان.. باران دایکرد
سڤێتلانە چەترەکەی هەڵکرد و
لە نێو هەڵمی دڵۆپی باراندا بوو بە سەراب.

شیعرێکی شینی ئاسمانی
لەسەر کورسییێکی کەسکی دەریایی
لە (نیو ئۆرلاین)
ئەو کافتریایەی کە دەکەوێتە
سەر شەقامی " فایلن "
قوم قوم کافێی تەئەمول فرِدەکا و
دەپرسێ:
دەبێ ئەو بەزمە
پەیوەندی بە شانسی کەسێکیترەوە نەبێ؟

# بڕینی یەك کیلۆمەتر
# بە هەزار ساڵ

من لە خیابانێکی ماسکدار
لە چاوەڕوانی پەپوولەییێدا زەمەن دەژمێرم
سەدەیێ دێ و سەدەیێ دەڕوا
من بەسەر تەنافی تێنویەتیدا پیاسە دەکەم
سەدەیێ دێ و سەدەیێ دەڕوا
من لە پێناو تیژکردنەوەی زمان و لێو
پاکەتێك بنیشتی تیژی ئێرانی دەکڕم
سەدەیێ دێ و سەدەیێ دەڕوا
من بۆ خاتری زوێڵ زوێڵ
نەبوونی سارای عەقڵ
جگەرەیەکی ماڕلبۆڕۆ دادەگیرسێنم
سەدەیێ دێ و سەدەیێ دەڕوا
من بە ناچاری گوێ
لە گۆرانییێکی خۆشەویستی ڕادەگرم
سەدەیێ دێ و سەدەیێ دەڕوا
زەنگ لێدەدرێ
خۆرە دەڵێ: ناتوانم هەڵێم..
سەدەیێ دێ و سەدەیێ دەڕوا

**پاش تێپەڕینی**

**ئەو هەموو سەدەیە**

**خۆر دەرکەوت**

**من بە زەردەخەنەیەکەوە**

**لێیم پرسی:**

**کیژی خۆم کەی بووە**

**ڕێگای تەنها تاکە کیلۆمەترێك**

**بە هەزار ساڵ بقرتێنرێ؟**

## ژیان ئاوایە

ئایە زەمەنێ من بە تەنیا
گۆشتێکی ڕووت بووم؟
لە کارگەی عەبەسدا
خۆمم بەرهەم دەهێنا
پاکێتی گۆشتی ئامادە بووم و دەفرۆشرام
کە پشیلە ڕەنگاوڕەنگەکان دەیانخوێندمەوە
بە تێبینی سەر پاکەتەکە پێدەکەنین
(گۆشتی سەگی کوژراوە،
لەسەر تەریقەتی ئاینی پشیلە
بۆیە بۆ هیچ پشیلەیێ نییە،
خواردنی ئەو گۆشتە بە حەرام بزانێ)
پشیلە ڕووتەکان لە قاقایان دەدا و دەیانکڕیم.

ئایە زەمەنێکە من گەنجیەتیم تێپەڕاندووە؟
تازە گەڕابوومەوە "بیلەفێلد"
دەتگوت سەهۆڵم.. تێنووشم بوو
چووم عەرەق بکڕم
لە گەڕانەوەدا ژنێکم دیت مانەندی مەیمون
گوتم: "ئەی مانگ من و تۆ هەردوو هاودەردین
هــەردوو گرفتــاری یەك ئــاهی ساردین"
گوتی: ist ok بە تووڕەییێکەوە
واتە: ملت بشکێنەو بڕۆ.

ئایە زەمەنێ کە لە سێبەری خۆم
دەڕوانم چی دەبینم؟
تارمایی مەمك و
ڕەنگی ستیانەکان لەوێ دانراون
من پێدەکەنم و لە نکاودا دەگریم
بۆ دوایین جار لە قاقا دەدەم و دەڵێم:
ئێ خۆ ژیان هەر وایە.

## ئەو سەگەی کە لە درزێکدا دەگەڕێ

سەگێکی پۆستکراو

کە دەموچاوی نەختێ لە شیعر دەچوو

بە سەیارە

هەموو شەقامە قفڵدراوەکانی شار تەیدەکا

بەڵام کلیلێك نییە

بیگەیەنێتە ڕۆشناییەکان.

دەزانێت چی داوایە و

ناشزانێ بە دوای چیدا دەگەڕێ.

جگەرە دوای جگەرە

جگەرە دوای جگەرە

تا پاکەتەکە قاچی لێدەڕوێ.

کۆنترۆڵ دوای کۆنترۆڵ
ئاسایشە لەبەر خۆر برژاوەکان
بە چاوی ئەبڵەقەوە لێیدەڕوانن
(ئەو) چونکە بە خەفەت مەستە
هات و هاواری بڵندی
گۆرانییە کرمانجییەکە
بڵندتر دەکا
پێویست نیە بڵێم بیر دەکاتەوە
چونکە بیردەکاتەوە

1 ـ هوتێلەکان "عەقدی زەواج" یان دەوێ.
2 ـ ژنەکانی گەڕەك کۆرسی
چۆنیەتی جووینی بنیشت و
قرتاندنی گوڵەبەڕۆژەیان هەیە.
3 ـ لە دەشت و دەر مێشوڵە هەیە
نیوەی بەرازە و لە مرۆڤیش دەچێ.
4 ـ کنایپە و سینەما و کافتریا.. هتد
پڕن لە پۆلیسی کرمینال.
5 ـ عاشق.. ڕقی لە عیشقە.
6 ـ شار بریتیە لە دوو قوتابخانەی سەرەتایی
یان دوو زیندان یەکێکیان

هی مێ و یەکێکیان هی نێر.

ئەو خاڵەیان لە هەموویان گرینگترە

7 ـ خۆشنووسێکی ڕەسمی حکومەت
لەسەر دیواری ئازادیی شاری نووسیوە:

خۆشەویستی بە دیتن قەدەغەیە.

سەگێکی پۆستکراو کە دەمووچاوی
نەختێ لە شیعر دەچوو
بە سەیارە هەموو شەقامە
قفڵدراوەکانی شاری تەیکرد
بەو " 7 " ڕستەیە بیری کەوتەوە
کە ئەو لە درزێکدا دەگەڕێ
بۆ ئەوەی تاوێ تێیدا بە دیتن عیشق بکا.

## کاتەکانی دنیا بە هێوری تێدەپەڕن

له بەرامبەر دەروازەی بانهۆفه ساردەکە
کاتژمێرێك بەگەرمی لێدەدا
" 8 .. 23 .. 4 .. 12 "
من حەزناکەم بیانناسم.

بە تەنیا گوێ دەگرم و دەشزانم
هەموو کاتەکانی دنیا
بە هێوری دێن و تێدەپەڕن.

لەبەرامبەر دەروازەی بانهۆفه ساردەکە
کاتژمێرێك بە گەرمی لێدەدا
کاتەکانی وەکو سەفەری ـ با ـ وان لەناو زریاندا
وەکو شانەی مێرووله لەبناری چیاییێکی بە گڕکان
یان وەك من له ناو لافاوی ڤیانی تۆدا.

**زەنگ بە گەرمی لێدەدا و**

**من بە ساردی وەستاوم و**

**کاتەکان ناژمێرم**

" 6 .. 19 .. 7 .. 27 .. "

**من ئەو کاتە ناژمێرم**

**کە وەك پەڕەمووچەی کلکی تاووسێکن**

**لەنێو گەردە لوولدا**

**ئا من ئەو کاتانە ناژمێرم**

**ئەو کاتانەی دێن و تێدەپەڕن و نایانژمێرم**

**ئەو کاتانەن کە لە بێتۆیدا تێیان دەپەڕێنم.**

**لە بەرامبەر دەروازەی بانهۆفە ساردەکە**

**کاتژمێرێك بە گەرمی لێدەدا و**

**من پرۆگرام دادەنێم**

**گەر ئەو جارە بە ساردیش بگەڕێیتەوە**

**من هەموو کاتژمێرە گەرمەکانی دنیات**

**بۆ دەوەستێنم.**

# یاسا بەردینەکانی بوون

ژنێك هەیە

یەکێك بەچی دەشوبهێنیٚ بە خۆیەوە پەیوەستە .

" فریشتە " .. "فیڕدەوس" .. "خوداوەند " ... هتد

تۆی خۆشدەویٚ .

تۆ ..

تووڕ تووڕ تووڕ تێیهەڵدەدەی

(ئەو)

وەکو ئەو دەنگە وایە

کە تۆ لە خەرەنێکدا بە شاخی دادەدەیت و

هەر بەرەو خۆت دەگەڕێتەوە .

**تۆ هەیت .. ژنێکت خۆشدەوێ**

**یەکێك ناوی چی لێدەنێ بە خۆیەوە پەیوەستە.**

**" مەیمون " .. " سۆزانی " .. " مالۆس " ... هتد**

**توورڕ تووڕت تێتهەڵدەدا**

**(تۆ ) وەکو ئەو تۆپە وای**

**کە بە دیوارت دادەدا و**

**هەر بەرەو (ئەو)یشدا دەگەڕێیتەوە.**

**یەکێك دێ و دەپرسێ:**

**بۆ ناکرێ یاسا بەردینەکانی بوون بگۆڕین؟**

# لەوە دەچێ ئێمە باشتر ژیابین

لە ئێوارەی شەممەدا

زەنگم لێدا

ئاگرێکم نەدیتەوە خۆمی پێ گەرمکەمەوە.

زەنگم لێدا

مانگێکم نەدیتەوە

وەك جاران بزەم بۆ بکا

هەموو شتەکان بەتاڵبوون لە ئێوارەی شەممەدا.

له ئێوارەی شەممەدا
من و شیعر
تاك و تەنیا لە ماڵەوە ڕۆنیشتبووین
عەرەقمان دەنۆشی و
لە فیلمێکی پۆڕتۆمان دەڕوانی و
جگەرە سێرفسمان بوو..
کەچی هەموو شتەکان بەتاڵبوون
لە ئێوارەی شەممەدا.

ڕۆژی دواتر
ئاگر تەلەفۆنی کرد و
مانگ بزەی کرد و پەشیمان بوون
منیش تێگەیشتم
لە ئێوارەی شەممەدا
من و شیعر و عەرەق و جگەرە
لە هەموو کەسێ باشتر ژیاوین.

## چۆن هاتووین ئاواش دەڕۆینەوە

لە بەرامبەر زەویدا خۆم ڕووت و قووت کردەوە.
زەوی لە بەرامبەر مندا عاری عاری
دەتگوت سۆزانییە و تیشکی تێدایە سەمای دەکرد.

ئێوە بە تەنیا مابوونەوە
ماسك و حیجاب و چوزانم!
بە هەموو شتێ خۆتان داپۆشیبوو.

ڕۆژێ داهات..
هەموومان وەکو چۆن هاتبووین هەر ئاواش
بە ڕووتی، بە بێ ماسك و حیجاب و چوزانم..
لە ناو گۆڕێکی ماسکدار بە خۆڵ و مار ڕاکشای .
پرسیاری گرینگ لێرەدا ئەوەیە:
بۆ ناکرێ هەموومان
لە ناو زیندەگیدا بە ڕووتی
زەمەن بگوزەرێنین؟

# 72 حۆری

ئایە لە هۆڵی نمایشی مۆدە دانیشتووم؟

یەکەمیان هات.. عاری عاری
پەیمانەیەك ڕاکی و
قاپێکی جاجکی بە دەستەوەبوو.
دووەمیان هات.. عاری عاری
مارلبۆڕۆیەکی بۆ هێناوم.
سێیەمیان هات.. دەستەکانی پڕبوون
لەقەڵەمی سۆفت
چوارەمیان.. دەفتەری هێنابوو
پێنجەمیان.. عاری عاری
دیوانی شیعری بە مەمکەکانیەوە نووساندبوو
شەشەم و شێستەم و تاگەیشتە
حەفتاو دوو ..
هەموویان ڕیزبوون ..
هەر هەموویان عاری عاری بۆ من ڕیزبوون ..
ئەو ژمارەیە لایمن نامۆ نەبوو
لە پڕ قەهریم
سەرم ڕاهەژاندو بە تووڕەییێکەوە قیژاندم:
هێی.. من بە تەنیا هی خۆمم دەوێ.

## (شێواز) تەنها (( نەء))ێك لەتۆوە بەسە

بێ ئەوەی بمناسێ لە " sms "ێکدا وام بۆی نووسی:

ئاه، عەشتاری شار: ڕێگا دەدەی
بێمە نێو پەرستگای ژیانت؟
تەنها ـ نەء ـ ێك لە تۆوە بەسە تکایە وەڵام
(هیچ وەڵامێك نەبوو).

بەیانی کاتژمێر " 4:30 " خولەك
خەونێ ڕایچەڵەکاندم
هەمدیس بێ ئەوەی بمناسێ
لە " sms " ێکدا وام بۆی نووسی:
بەو هاوینە
لە سەرمان هەڵدەلەرزم
دەترسم زریانی ڕۆحی تۆ بێ
وای بەسەر هێنابم.
تەنها ـ نەء ـ ێك لە تۆوە بەسە تکایە وەڵام
(هیچ وەڵامێك نەبوو).

سێیەمین جار کاژێر "2 " ی شەو لە بەر مەستی
بە زۆر دەمتوانی پیتەکان لە یەکتری جیا بکەمەوە
لە گەڵ ئەوەش لە " sms " ێکدا وام بۆی نووسی:
1 ـ ئەی زادەی ڕەحمی خوداوەند
تۆ بووی بە قولابی بزەی ئەفسوونکارت
ماسی گیانمت سەرەوژێر هەڵواسی
لێگەڕێ گوێم لە سەمای پەنجەکانت بێ.
تەنها ـ نەء ـ ێك لە تۆوە بەسە، تکایە وەڵام.
(هیچ وەڵامێك نەبوو).

ئێستا دوای چەند ڕۆژێك

كە ئەو شیعرە دەنووسم

هێشتا چاوەڕوانی تەنها ـ نەءـ ێكم لە تۆوە

ئەی حۆری خودا.. ئەی گوناهدۆست:

یان كێ نالێ خەتا هەموو لە ـ كۆڕەك تەلیكۆم ـ ە؟

## ڤینیار گوتی:

سەگێکی ڕەش لەناو پارکێکی سپیدا یاری دەکا
کوکوختییە ڕووتەکان هەڵدەفڕن.
خۆرێکی کوژاوە
لە نێو مارکێتێکی پێکراودا پیاسە دەکا
دوو پۆلیس بە نهێنی چاودێری دەکەن.
شەمەندەفەرێك لەبەر چاوی
موسافیرەکان دەکۆخێ و
موسافیرێکی ساغ بە دڕدۆنگیەوە دەیەوێ دابەزێ.

سەگێکی ڕەش ناتوانێ چیدی
لەناو پارکێکی سپی یاری بکا
کوکوختییە ڕووتەکان دەریدەکەن.
لەناو مارکێتە پێکراوەکەدا
دوو پۆلیس دێن و خۆرێکی تاریک
لەسەر دزی دەستگیر دەکەن.
شەمەندەفەرێك ساغە و
داوا لە موسافیرێکی
بە کۆخە کۆخ دەکا دابەزێ.

بازێك پیربووە و دەیەوێ ڕاو بکا
کەروێشکێك دێ و دەیەوێ ڕاوی بازێك بکا.

ڤینیار ئەو شیعرەی خوێندەوە گوتی:
منداڵیی دیباجەی کتێبی ژیانە.

## ئاوێنەکان

**(من لە بەرامبەر ئاوێنەی ژیان و مردن)**

**لەو ئاوێنەیە دەڕوانم**
**حەقی خۆمە بە وردی لەو ئاوێنەیە بڕوانم**
**هەر چەندی بە وردی لەو ئاوێنەیە دەڕوانم**
**هیچ وێنەیەك بەدی ناکەم**
**سەیر نیە لە ئاوێنەیەك بڕوانیت و**
**هیچ شتێ بەدی نەکەی؟**

**(من لە بەرامبەر ئاوێنەی عەشقدا)**

**لەو ئاوێنەیە دەڕوانم**
**جەستەم بۆتە ڕۆح و**
**لەناو بورکاندا لە سەرماندا هەڵدەلەرزێ.**

## (من لەبەرامبەر ئاوێنەی شیعردا)

بە وردی لەو ئاوێنەیە دەڕوانم

من بوومەتە تەسبیح و

شیعر دەنك دەنك ئاوام دەكا.

## قوماربازە دۆڕاوەکە

خۆرکەوتن بوو، کە زانیم تۆ قوماربازێکی دۆڕاوی.
ئەو کاتەی کە قومارت لەسەر عومری خۆتداکرد
باش تێگەیشتم کە تۆ قوماربازێکی دۆڕاوی.

سپێدەیێ تووڕە ببووی و لێشت نەدەهات
باران بوو.. کەچی تۆ لاسایی لمت دەکردەوە
بیابانی چاوت، تامی ئاوی دەنگمی دەکرد
لێوت تەڕبوو تێنووشت بوو
سپێدەیێ تووڕە ببووی و لێشت نەدەهات.

خۆرکەوتن بوو وەختێ من و باران هاتین
تۆ قومارت لەسەر عومرت دەکرد
تووڕەببوویی و لێشت نەدەهات
ببوویت بە ـ با ـ
کەچی پۆشاکی فڕینت لێنەدەهات.

**خۆرکەوتن بوو**

**کە تۆم بینی قومارت**

**لەسەر عومری خۆت دەکرد**

**تووڕەببوویی و لێشت نەدەهات**

**ئەوسا ناچاربووم بڵێم:**

**ئێستا تەواو تێگەیشتم**

**کە تۆ قوماربازێکی دۆڕاوی.**

# هەڵە هەیە لە داڕشتنی یەکەم

بەقەدەر گەورەیی زەمین
بچووکی خۆمم لێدیارە.
هێندەی جوولە جوولی هەموو کەونیش
هێوریی نۆتەکانی پێکەنینت.
لەسەر ستایلی منجڕیی سێبەر
منجڕیی چارەنووسێکی کۆمێدی دەبینم
سێبەرە ئەو قەدەرە؟
یان ڕێگایە و بە پێیەکانتەوە نووساوە؟

یانیش سێو هەر لە بنەڕەتدا بۆ خاتری
فریودان لە دایکبووە؟
جا کێ ئەوە دەزانێ! ؟
گرینگ ئەوەیە " سەهو " هەیە
لە هاوکێشەی بەیەك گەیاندنی جەمسەرە دروستەکان.
دەبێ من بەو هەڵاّیە چیم داوابێ ؟
ئا.. پێویستە مسوەدەی داڕشتنی بوون هەڵبدرێ و
سەر لە نوێ پاکنووسی کۆتایی ئەو شتە دابڕێژرێ
کە پێی دەڵێن: ژیان.

## له كەناری (ڕاین) لە گەڵ زیۆسدا

له خۆرئاوای "ڕاین" له سەر شەقامی ئێرۆس
درەختێکی درێژ درێژ درێژ  وا بزانم
" 500 " مەتر دەبوو
له سەر شۆستەکەدانرابوو
یان سونـنەت کرابوو
یانیش تازە لە خەوێکی دوورو قووڵ هەستابوو.
له سەری ئەو درەختەدا
چاوێ هەبوو لە شێوەی ئەلف، ژیانی لێدەڕژا
من و زیۆس بە پێخواسی
سەوڵی بەلەمی بیرەوەریەکانمان لێدەدا

من به زەردەخەنەیەکەوە: لە بیرتە
ئەو چرکانەی تۆڕی بێوەفایمان هەڵدەدا و
ماسی سینەی حۆریەکانی دەریامان لە تۆڕدەنا؟
زیۆس بە شانازییێکەوە: من شکاری
ئاسکە مەمك سفتەکانی جەنگەڵێشم لا لەززەتداربوو.
من: ئای کە تۆ بەختەوەریی برادەر
زیۆس: نانا " تتیس " کوشتمی
ژیان دێ و زەمەن دەچێ
منیش وام هەر لەچاوەڕوانی ئەودا.

لەو چرکەیەدا من ئاهێك هەڵدەکێشم و
" Lana " م بیردێتەوە.

## ئێوارەی 29 . 6 . 2005

هەروەك چۆن بەلآنسی بوون بۆ هەمیشەیی
بریتییە لە هیچ.. هەر ئاواش بەلآنسەکەی
تۆ بریتی بوو لە سفر.

لەسەر سێوی گیانت ڕۆنیشتوویی و
چاوەڕوانی لەولاوە
بارانێکی نۆتە
بە ساغەری مۆرفیمەکانی،
کایەکانی سینتاکسی گیانت پڕ لە بخوور کا.
لە نێو دەفتەری چاوەڕوانییدا وشەت دەژمارد
چاوەڕێبووی لە وێندەرەوە
خوناوێك بە سیمفۆنایای ـ ئاو ـ
بیابانی تێنووی مێزەکەت تەڕکا
بە خۆتت گوت:
کەسێك نییە تۆی لە بیر بێ

كات دێت و دەچێ

كەسێك نییە تۆی لە بیربێ.. زۆریش سەیرە!

كات هات و چوو

لە پڕ

یەكێك

هی دووەم

سێیەمیش

پێنجەم و

حەفتەم

زۆر بوون ئەوانەی بە پەنجەكانی عەشق

ژمارەی زمانی تۆیان لێدا

تۆ لەسەر نووكی ئاگر ڕاكشاوی

بە خۆتت گوت: كەسێ نییە تۆی لە بیربێ

كە بیر دەكەیتەوە

دەزانی

تۆ بە تەنیا لە چاوەڕوانیی كۆتر دابووی.

# ژمارەیەکی ناوێزە

سەیر سەیرە
ژمارەیەکی شینی پێکەنیناوی لە هاوکێشەکەدا
لە هەموو ژمارە ڕەنگپەڕیوەکان جیاترە و
ئیمانیشی بە هەناسە و خنکان نییە.

هەموو جارێك، بە قەڵەمی عاتیفە
نامەیەکت بۆ دەنووسێ
من حەزمە لە بیرۆدۆزی گلێنەی تۆدا
جێگا بۆ من ئاوەڵابێ.

من دەپرسم:
لە بۆشایی نێوانی کەرنەڤاڵ و پرسەیەکدا
جێگا هەیە بۆ پێکەنین؟
دە پێیبڵێ ئەی پێکەنین
چی دەمانگەیەنێتە ئەودیو سنوور

من لەبۆ خۆم
بەهەشتیشم ناوێ بە بێ تۆ.

# ئەو کەروێشکەی
# براکانی کەور کرد

کەروێشکێك هەبوو لە ماڵی ئەزمووندا
بە ڕیز زمانی من و
برا بچووکەکانمی دەکردە چەقۆ و
هەر بەو چەقۆیەش کەوری دەکردین!

جارێ منی دەبردە نێو کەلاوەیەك و
ئەوانی دەبردە
ژوورێکی تەلاری سوڵتان
جارێ ئەوانی دەدایە ئاگر و منیش بە ـ ئاو ..

کەروێشکێکی نامۆ بوو، ئەو خاکە چواردە ساڵییە!

من  تا ئەو کاتە هەرگیز نەمبیستبوو
کەروێشکێك هێندە
لە "قەساب" ی بالاّ دەست بێ و
وا بە ڕیز براکان کەور بکا!

## بۆشاییێك لە تەنافدا

لە سەنتەری بۆشاییدا
مەبەستم بۆشایی نێوانی تەنافێکی پچڕاوە
تاوەرێ هەیە لە هەناسە
بەڵام هەناسەیێ لە خنکان.

با بڵێین: ئەو هەناسەیە
بە میکیاجی مردن خۆی ئارایشکردووە
ئێ خۆ هەر واشە
ئەو هەناسەیە هەر لە مەرگ دەچێ.

تۆ هەنگاوێکت لێرە و
قاچێکت لەوێ
هەنگاوەکانت لێرەو لەوێ و
قاچەکانیشت لە شەقامە ئەزەلییەکانی ئەودیو .

ـ ئایا توانیومە لە ئیکسیری پرسیار
پێکێك وەڵام لەسەر مێزەکەی بەردەمم دانێم؟

ڕەنگە لێرەوە گەیشتبمە ڕاستی
(چەند حاڵەتێك، یان زیاتر لە چەند حاڵەتێك هەیە
لە نێو کایە ڕەنگاوڕەنگەکانی ژیان ، هاوجۆرن و
لە یەکیش ناچن!)
کێشەکە لێرەوە لەنێو درەختی بوون چەکەرە دەکا
نە لێرەی تەناف و
نە لەوێی تەناف و
نە لەسەر تەنافی ئەودیویشدا
تۆڕەوانێکی بلیمەتیش ناتوانێ
بۆ هەمیشەیی ماسیەکانی بزە دەستەمۆکا

سەیر لەوە دایە
دوای ئەو زانیاریانەیش
ئەوەی لەسەر تەنافەکانی
سەرزەمینی ڕەشبینی چاوەڕوان دەکرێ
پێیدەڵێن: خەون

کەوابێ زەحمەتە بۆشاییێك هەبێ بۆ بەختەوەریی
لەوە دەچێ خەون تەنیا سێبەرێك بێ
تا ژیان بژییێنێ
یان قورگی ئەو شتە درووست دەکا کە
ناویان ناوە ئایندە..
ئەویش هەر یەکسانە بە هیچ

ئێستا چیمان ماوە لە فیزیای چیرۆکەکاندا؟
تەنیا سەفا
با لێنەگەڕێین
گوڵەگەنمی قژمان/ پرسیار بیوەرێنێ

دەکرێ هەمووومان بە نووری گیان و
بە تەلسکۆپی بزە لەو دێرە بڕوانین؟
ـ لە بۆ .... نا؟
شتێ هەیە حەزناکەم ناوی بێنم
زۆر
زۆر
زۆر
لە مێژە چاوەڕێمانە..
کەوابێ با عەشق بکەین و تەواو.

## ئەو كوكوختيانەی بوون بە بەفر

لەناو بولێڵی زەمەنێکی ئەرژەنگدا ڕاچڵەکیم
ڕابووم و
شەمعەی زاکیرەمم داگیرساند
پۆلێ کوکوختی بەسەریدا هەڵکورمابوون.

هاتەوە بیرم جارێ قەدەر قەرەجانە
پیی گوتبووم:
لە هەموو ئەوانەدا، تەنیا یەکێك بخولقێنە.

من چیم کرد؟

بێگومان پاش داگیرساندنی جگەرەیێ
درێژی پرچی تاووسێکی ئێزدی و
شەرمنی پرچی مامزێکی فارسم تێکەڵاوکرد
خەندەی "ئەننا"و
فرمێسکەکانی "هەتاو"م
تێکەڵاوکرد

سینەی "ئەڤۆ" و

سمتی ڕەقی "لێنا" و

بەژنی ماینێکی تورکمانم تێکەڵاوکرد

برۆنزییەتی گلێنەکانی "ڕووپاك"م هێنا و

لەگەڵ ڕەشاتی برژانگەکانی قەلەڕەشێکی بریندارم

تێکەڵاوکرد

لە هەموو ئەوانەیش سەیرتر

گەرمایی جەستەی کوکوختییێکی ناسیار و

بەفرینی پێستی "ئۆلگا"م تێکەڵاوکرد

من هەموو ڕەنگەکانم تێکەڵاوکرد.

فەرمانی قەدەرم هێنایە جێ و

لەو هەموو کوکوختیەدا

بە تەنیا کوکوختییێکم خولقاند و

بەشێکی پەراسووی خۆمم پێ دروستکرد

جگەرەکەم تەواو بوو نووستم.

سپێدە ڕابووم.

ئەو کوکوختیەی کە بڕیاربوو هەرگیز
هێلانەی سینەم جێنەهێڵێ
وەکو کلووی بەفر
بە پێچەوانەی بەفر
ڕوو لە ئاسمان هەڵدەکشا
هەر هەڵکشاو هەر هەڵکشا
تا لەبەر چاودا ونبوو ..
زەمەن هات و چوو
ڕۆژێ ئەو کوکوختیەم دیتەوە
ببوو بە بەفر
لەناو چوارچێوەی شیعرێکی بێڕەنگدا.

# زامدار

## تیشکی پۆستت

## لەنێو لەپێکی بە ئەمانە

کە هۆقە هۆق و
لرخە لرخی تەموزێکی فێنکی کحولخۆر
دەروازەی پەرستگە پیرۆزەکانی شاری تەڕکرد
دوو دەست لە حەرف و نوور
تەنها دوو دەست لە تاڤ و بخوور
ڕێگای هەڵفڕینی بوراقی گیانیان نەدا.

_تۆ کە بەو هەموو خەفەتی عەشق و
تیشکی گلێنەی گیانەوە، ڕێگا نادەی
مەوسیمی زانی مەرگ بێ و ڕێگا نادەی
- با - ی سڕانە لەت لەتم کا
دەبێ ڕێگا بدەی بەو خزمەی زیۆس
دەبێ ڕێگا بدەی بە پێلێ و لەهی
شیعرێ بۆ هەتاوێکی کەسك بنووسن.

شیعرێ دوای هەڵدانەوەی
بەرگی کتێبە سپییەکانی زەمەنێکی
ڕەش یا سوور

1. زانای برا
2. زانای کاك
3. زانای شیعر

من لە گۆشەیەکی گرانەتاگرتووی کەلاوەی چاخدا
ڕۆنیشتووم
لەنێو پێکی ڕەشەسمەری بووندا
سەنتوری سەرەڕۆیی و جگەرەی موجازەفە و
گیتاری کحول دەژەنم
لەوە دەچێ ترووسکە تروسك و باقوبریقی
تیشکی پۆستەکانی گیانی تۆم بەرکەوتبێ

دوێنێ شەو لە نێو گەشانەوەی تاریکییدا
کە لە لەپەکانی خۆمم ڕوانی
پڕبوون لە تیشك.

لەوە دەچوو برووسکە و باقوبریقی گەشانەوەی
کریستاڵی پرچتم بەرکەوتبێ.

گەشبین، گەشبین، لە خۆمم پرسی :
_دەبێ ئەوەیان ئەتروحەی خۆر نەبێ بۆ ڕووبار؟
_دەبێ ئەوەیان پەنهانی پەیامی ڕێڕەو نەبێ بۆ کاریێز؟
_دەبێ ئەوەیان پۆستێ نەبێ لەکریستاڵەوە بۆ تیشك؟
_دەبێ ئەوەیان مۆرفیمەکانی ئیمێلی بەفر نەبێ بۆ بەفر؟

دوێنێ شەو لەناو گەشانەوەی تاریکییدا
کە لە لەپەکانی خۆم ڕوانی پڕ بوون لە تیشك.

پێکەنیم و بەو شەش ئەستێرەیەم گوت
کە پرسیارێکی سەرەوژێرن لە ئاسماندا:
گوێڕادێرن
ئەو میوەجاتی نێو باخی چاخ و
پێکی فۆنیمە ئاڵئاڵەکانی عیشایە

**من ئێستەیش لە پەڕینەوەی تیشکی**
**پۆستی ڕۆحەکان تێناگەم..**

**بەلاَم دوێنێ شەو لەناو گەشانەوەی تاریکییدا**
**کە لە لەپەکانی خۆمم ڕوانی پڕبوون لە تیشك**

**لە قاقای پێکەنینمدا و بە ساباتێکم گوت**
**کە لەسەرزەمینی تەمموزدا هەڵیدابوو:**
**گوێ ڕادێرە**
**کە لە لەپەکانی خۆم دەڕوانم**
**نووری نامە**
**لەنێو سندوقی سەدرینی بە ئەمانە**
**خەفەت مەخۆ بۆ شار**
**ئەی چەقی درەوشانەوە و**
**ئەی درەوشایەوەترین چەقی شار**
**کە لە لەپەکانی خۆم دەڕوانم**
**نووری نامەکانت**
**لە نێو سندووقی ئاسنینی ئەمانە**
**لەنێو بانکی مۆدێرنی ئەمانە، نووری نامەکانت .**
**ئەی ئەزەلیترین پۆستی مۆدێرن**
**لەنێو سندووقی ئەزەلیماڵی شار.**

## له نێوانی کرانەوەو داخراندا

نەهەنگێکی قاچاغ و تلیاك کێش ئامادەکە
تا ئەو دۆستە مەستەی عاتیفە
بە نێو شەپۆلی مۆرفیمدا
بڕواتە حەبەشەی شیعر و
لەوێ ڕاوی یاقووتی عەبەس بکا.

سپێدەیێ لە ئاوریشمی پرچی شەودا
بۆ کوڕە گەورەکەی خودا بچنە
تا سەر لە نوێ
لە خۆری ئەفسانەی
فریشتەکانی زەمین بڕوانێ و
تاوێ لە قەروێڵەی مەمکەکانیاندا بخەوێ.

ئەو بتڵی عەقڵە لە دەستیمن بڕفێنە، ئەی خودا
تا لەو تاریکیی داخرانەدا
ڕۆشنایی
کرانەوەکانی وجود بنووسمەوە.

## شیعر

جارێ عەشقم دیت
لەسەر شەقامی بێڕەنگی شەودا
بە دوای ئەدرێسی سپێدە
سەراسیمە و سەوداسەر و سەرگەردان بوو
"ئەو" وێڵانە، شەقامە بێڕەنگەکانی
شەوی تەیدەکرد.
هەر دەگەڕا و هەر دەگەڕا
تا لەسەر دیوارێکی کەلاوەی چارەنووسدا
تا لەسەر دیوارێکی کەلاوەی چاوەڕوانییدا
خەو بردیەوە
بەیانی کە هەستا
نەخۆشی ترازانی گرتبوو
ئیدی من لەو ڕۆژەوە دەزانم
کە عەشق
بە نەخۆشی فیراق دەمرێ.

جارێ ژیانم دیت لەناو کوخی پێکەنیندا
پێکی یەقینی لێدەدا
پێك لەدوای پێك
پێك لەدوای پێك
تا ـ با ـ ی خەو هات و ڕایپێچا.

بەیانی کە هەستا
تاعوونی گومانی گرتبوو
ئیدی لەو ڕۆژەوە من زانیم
کە ژیان بە نەخۆشی دڕدۆنگی دەمرێ.

جارێ خۆمم دیت لەناو ئیرەمی عەشقدا
شیعرم بۆ ژیان دەخوێند
هەر دەمخوێند و هەر دەمخوێندەوە
تا ئەو کاتەی بارانی خەو دایڕزاندم
بەیانی کە هەستام
سەرەتانی شیعرم گرتبوو
ئیدی لەو ڕۆژەوە دەزانم
کە من
لە باوەشی شیعردا سەردەنێمەوە.

## دوورخراوگەیەك لە كەنار دەریا

کێ نالێ منیش لەو تەمەنەی
کە هەر لە تەمەنی هەنگێ دەچێ
لەنێو سەبەتەی سەدرینی چارەنووس
بە ڕووباری بەرەواژی نادیارییەوە ناسپێردرێم؟

کێ نالێ منیش بۆ ئەبەد
بەو زستانە بێ پەڕەسێلکەیە ناسپێردرێم
کە بۆنی خۆڵ و ئاقاقیای لێ نایە؟

کێ نالێ کێ
منیش
بۆ ئەبەد
لەو تۆفانی تەنیاییەدا
لەگەڵ پاپیرۆسی عەقڵ و
قەڵەمی دڵ
زۆر بە شیرینی
بەسەر خاچی نەهاتنەوەدا هەڵناگەڕێم؟
ئای مەرگ چەنێ بێ ئازارتری لە ژیان؟

# یەقینی شاعیرە دەرۆزەکارەکە

-1-

ئەو شەوە کە بیڤڵی چاوانی خومار و خامۆشم
توانستی خوێندنەوەی عەردیان نەما
بەو بتڵە لە 52٪ ئەلکحولەم گوت:
من هێشتا دەتوانم
حاکمی مەدەنی
ئەو مەملەکەتە ـ موفەخەخ ـ و ماندووەی
شیعر بم.

## -2-

ئەو شەوە ئەبەنووساوییە سیما گرنج گرنجە
کە سۆزە سەوزەکانم
لەسەر شەختەی گەرمی بەهرە
هەڵدەخلیسکان و لە سەمادابوون
بەو سەرخۆشە ئەنالۆگەم گوت:
من بە سەرخۆشیی
لە هەموو سەرخۆشێ زیباتر
دەتوانم دڵی عەقلانی شیعر سەرخۆش بکەم.

## -3-

گوێبگرە گەورەی من:
من بەهرەی سنوورسزم هەیە
بۆ ئەوەی لە سەنتەری شارێکی مۆدێرندا
لە بەردەم بانکی ناوەندی سۆزاندا
پارچەیێ کەمانی ئێستەتیک
بۆ دەرۆزەی شیعر لێدەم.

# ڕووپاك دوای 3600 ڕۆژ

لەبیرمە.. بەر لەوەی
ئەو " 3600 " ڕۆژە لە دایکبێ
تۆ لەو بەر/ وەك کارمامزێکی خرخاڵ لە پێی
ناو پەرژینی خوداوەند و
من لەمبەر/ وەك کەناری تێنووی
شەوێکی سپی پێخواس
لە ترافیکی زەمەندا وەستا بووین
ئەوەندە لە گلێنەکانتم ڕوانی
ئەوەندە لە گلێنەکانمت ڕوانی
هەر ڕوانیت و هەر ڕوانیم و هەر ڕوانیمان
تا ترافیکی زەمەن جارێکیدی گۆڕا.

کە شەقامی تەمەنم بەزاند و
لێرەوە بۆ ئەوێ
بەسەر تەنافی ڕاڕایی و سەرەڕۆییدا پەڕیمەوە
کە شەقامی تەمەنتم بەزاند و
لە وێوە بۆ ئێرە
بەسەر پردی یەقین و ترادتسیۆندا پەڕیتەوە
ئیدی جارێکیدی ئەو چاوە ڕەنگاڵەییانەتم نەدیتەوە
ئیدی جارێکیدی ئەو چاوە
پڕ لە مەراقانەی منت نەدیتەوە.

ئێستا دوای ئاوزینگدانی زیاتر لە " 3600 " ڕۆژ
من وام لە نێو لەپی دەریاچەی
ئاگرئامێزی غەوارەییدا و
لە نێو لانکێك لە خەون
بە دەسرازەی یادگە قفڵ کراوم و
- بیرت دەکەم
بیرت دەکەم ئەی زەبووری سپێدە.

ئێستا لەگەڵ مردنی زیاتر لە " 3600 " ڕۆژ
من وام لە شەقامێك
کە هەمیشە ژاوە ژاوی پیتی سۆفی و
غەڵبە غەڵبی وشەی کحولخۆر و
زەمزەمەی ڕستەی مەست و
گڤە گڤی شەمەندەفەری زاکیرە تێیدا باڵادەستن
بە هێوری پێکی شیرینی شیعر هەڵدەدەم و
لەسەرخۆ
ـ بیرت دەکەم
بیرت دەکەم ئەی تەوراتی نیوەڕۆ .

ئێستا دوای مردنی زیاتر لە " 3600 " ڕۆژ
من وام لە نێوەندی نێوانی مان و نەمان
خۆم بە ـ ئاو ـ ی زێڕینی فیردەوس دەشۆرم و
لەبەر ئاگری گوناهدا گیانم گەرمدەکەمەوە و
هێدی هێدی جگەرەی بیرەوەریەکان دەکێشم و
ـ بیرت دەکەم
بیرت دەکەم ئەی ئینجیلی ئێوارە.

ئێستا دواى ناشتنى تەرمى " 3600 " ڕۆژ
نەختێ بە شێتى
بیر لە عەقلانییەتى
ئەو ترافیکى زەمەنە دەکەمەوە
کە چاوە بڕۆنزیەکانتم لێى ناسى
کە چاوە بڕۆنزیەکانمت لێى ناسى
هێور هێور لەسەر دوگوردى مەراق
عیشاى عیشقت بۆ دەکەم و
ـ بیرت دەکەم
بیرت دەکەم ئەى مەسحەفى شەو.

ئەى مەریەمى ڕاکشاو لەنێو بەفرى کێوى گیانى من
ئێستا دواى دادگاییکردنى زیاتر لە "3600 " رۆژو
دواى چوونە دۆزەخى زیاتر لە " 3600 " رۆژ
دەمەوێ بە سانایى پێت بڵێم:
گوڵێ: لەو چاخى کۆمینیکاتسیۆنەشدا
دنیا بۆ عـــاشق هەر پـــانوپـــۆڕە
بۆ عاشــق هەر پانوپۆڕە دنــیا
دنیا هەر پانوپۆڕە بۆ عاشق
دنــیـا هــەر پانو پۆڕە بــۆ عاشق.

# ژنە پەیکەرتاشەکە

من بە کراسی کەتانی سەرەڕۆییەوە
بە زناری مەمکەکانی
(سەخ مەت) ەوە
هەڵدەزنێم.

دڵی گەرمی خۆم
بە لەپەکانم دەگوشم و
تنۆك
تنۆك
خوێناوی عاتیفە دادەڕێژم و
یەك بە دنیا دەقیژێنم:

ـ لەگەڵم وەرە، ئێرۆسی پەیکەرتاش.
بۆ جەنگی خوێناوی ئێرۆتیك لەگەڵم وەرە
سەرکەوتن چاوەڕێمانە.. سەرکەوتن.

## پشیلەیێ لە سێ قۆناغدا

های .. ئەی پشیلەی ئەسمەر
ئەی ڕۆمانسیترین دیکتاتۆری برۆنزی
بمبە سەر قەڵای حیرمان و
سەرەوە ژێر هەڵمواسە
تا گیانم دەبێتە ڕەنگاڵە و
لە کونی لووتمەوە هەڵدەفڕێ
بەس تەنیا جارێ بقاسپێنەو بڵێ: خۆشمدەوێی.

های.. ئەی قەدەرنووسی مشکە داماوەکانی وجود
لاشەم پڕکە لە ـ کا ـ ی پێکەنین و
لەسەر منارەی غرور و ناکامیدا هەڵمواسە
بەس تەنیا جارێ لێگەڕێ
سەر بنێم بە مەمکەکانتەوە.

های.. پشیلەی یەتیم

بە نینۆکە سوورەکانت کەورمکە

پێستم بکە جەنتا و

بەختەوەریتی تیا بئاخنە

بەس تەنیا جارێ

لەناو دارەبازەی ئۆرگازمۆزدا ڕامهەژێنە.

# دیالۆگی دەنگەکان

لەسەر خوانی بازنەیی گوتاربێژیدا
دەستەیەك دەنگی بێڕەنگ و برادەر دانیشتوون
مژ لە هاڤانای شەرابی مەراق هەڵدەدەن و
بەو شێوەیە سەبارەت بە منی سڕاوە
لە مۆرفیمەکانی خەمخۆریدا
ڕستەی شیعری بەرهەم دەهێنن.

ـ قسەی مۆرفیمەکان لەسەر زاری خۆیانەوە ـ

N :
پێکێك لێدەدا و وا هەست دەکا غەدری لێکراوە
لە بارەی "من" ەوە وا دەدوێ:

دەنگی خۆڵەمێشیی و
سازی ناسازی
عەقڵێکی بەلەنگاز و پەرتەوازە
ڕووباری نۆتە خواییەکانی دڵی وشك دەکا.

R

گۆڤارێکی بە دەستە، مێژووی وەفای لێنووسراوە
زەردەخەنەیەك دەکا و لە بارەی منەوە دەڵێ:

بەڵام زەمەنێکی درێژە
(( ئەو )) بە چاوی دڵ
کار لەناو مۆرفۆلۆژیای سۆزان و
ڤیان و وەفا دەکا.

Q = ق

دەمووچاوی لۆچین بووە، هەست بە خیانەت دەکا
بۆیە ناڕازی لەبارەی منەوە وا دەدوێ:
(ئەو) تەواو بوو.
دەمانێکە ناتوانێ
بە پەڕەسێلکە سەڵاو بنێرێ
لەمێژە لە قەلەق و نەورەسەکانی گیانی
ڕووەو باخچەکانی خوێن لە بیابان هەڵفڕیون.

ژ = Zh

شانازی دەکا، وا هەست دەکا هێشتا خۆشمدەوێ
بۆیە پەرچەمی لادەداو
قوومێك لە مارلبۆرۆ دەدا و لە بارەی منەوە
وا بۆ دەنگەکانیدی دەدوێ:
هەندێ جار چاوم لێیە
دنکە فرمێسکە سەوزەکانی
دەخاتە بادە و
پێك
پێك
بۆ مەرگی هەڵدەدا و دەپرسێ:
دەبێ مەرگ جوانتر نەبێ؟

S .

دەنگێکی عەقلاّنییە و لەگەڵ من دا ئازمایشی
زۆری لەو ڕووەدا هەیە، کۆنیاکی دەخواردەوە.
سەبارەت بە (من) بەو جۆرە دوا:
جار جارە
برووسکەی عەقڵ لێیدەدا
دەگەڕێ و دەخوازێ
بە گوشراوی ترێیە ڕەشەکانی شیعر
تەنیایی مەست بکا و
لەگەڵ ئاوەدانیدا ئاشتیان بکاتەوە.

. D

دڵڕەقێکە و ـ لۆژێك ـ بنەمای هەڵسەنگاندنەکانییەتی
دەستی کردۆتە ملی دوو پیتی نێرینە و
سەبارەت بە (من) وا دەدوێ :
ئەو بێئۆقرەیی و دڵبریندارییەی (ئەو)
مێژوویێکی درێژی هەیە
ئەو دیرۆکە
دەگەڕێتەوە بۆ یەك ملیۆن ساڵ
بەر لە ئێستا و
دوای دوازدە ملیۆن ساڵیدیش هەر بەردەوام دەبێ.

. O

تەمەننا خوازێکە و لە داخانا نازانێ چی بلێ
پێکێك لە ڤۆدگا هەڵدەقوڕێنێ و
بە ناچاری دەڵێ:

کێشەی (ئەو)
کێشەی ناوەوەی خودایە لەلایەك و
کێشەی نێوانی خوداکانیشە لەلایەکی دیکەوە.

. H

**دەنگێکی نێرینەی دڵسۆزە**

**پەیمانەیەك لە وشە و ڕاکی**

**تا خاڵیبوون هەڵدەلووشێ و دەڵێ:**

**بەڵێ بەڵێ**

**من بە گلێنەی ڕۆحەوە لێم دیارە**

**کە خوداوەند بە پێی پەتی و**

**کراسی کەتانەوە**

**لە نێو شەقامەکانی خوێنی ئەودا**

**پیاسە دەکا.**

. B

ئەویش دەنگێکی نێرینەیە
خۆی بە دڵسۆز نیشانداوە
بە خەفەتێکەوە دەڵێ:

تا نەدۆڕاوەتە کلْپەکانی گڕی گۆشە
با بچێ
لە کناییپەکانی وشەدا
دیدارێ لەگەڵ (نالی) دا بسازێنێ
بەڵکو خوا دەکا
بە بۆنەی شیعرەوە
گۆڕێ بۆ لاشەی گۆشەگیری گیان لێبدا
ئای برادەری ئاوی
چەندێ پڕی لە ڕووگەی لێکجیا؟

## S2

**کەس نەیدەتوانی دڵ و**

**عەقڵی لێك جیابکاتەوە**

**پێکێ "بلاك جاك"ی هەڵداو گوتی:**

**لە کۆتاییدا لە یەکجیابوونەوە ها؟**

**جا کێ لە خۆڕیان تێدەگا؟**

# نالی

ڕەنگە لە من زیاتر عاشقی نالی بیت
کەوابێ من و نالی دوو تەوەری دژین.
دیارە ئەو لێوانەی کە شەرابی شیعرت لێیخواردەوە
هی من نەبوون ..
کە بەیەکەوەش لەنێو شیعردا ڕاکشاین
تۆ لە باوەشی مندا نەخەوتبووی.

گوێت لێیە بانگەشتەی چی دەکەم؟
لێرەوە جەنگی نێوانی من و نالی دەست پێدەکا.

# لاسایی

پێدەچێ خەون ئاوازێکی خوڕسك بێ و
لاسایی باران بکاتەوە.
پێدەچێ باران شیعرێکی بێحیساب بێ و
لاسایی عەشق بکاتەوە.
پێدەچێ عەشق پەپوولەییێکی سەرخۆش بێ و
لاسایی گوڵ بکاتەوە.
بێگومان گوڵیش کچێکی بۆنخۆشە و
لاسایی عاشق دەکاتەوە.
من عاشقم
بۆچی ناییێ لاسایی من بکەیتەوە؟

# ژیان لە سێ وێستگەدا

## -1-

### "چەند چرکەیێك بەر لە ئۆرگازموز"

لەسەر قەروێڵەیەکی ئاویی،
لە تەنیشت ئاگر
لە دەموچاوی مردن سەیرتر،
دەچوو..
تامی پێکی پێکەنینی
بەهەشتی دەکرد و دەگەڕاوە
دەگەڕاوە و پێکەنینی
پێکی بەهەشتی تام دەکرد.
ئەوەی بنەوە، لە ناو ئەو بومەلەرزەی لاڵییەدا
بەرد نەبوو .. ڕەنگە کلوێك بەفری گەرم بێ
پێڵوەکانی ئاوەڵا و

ستیانی فەنتازیاشی داخراو

چەند چرکەیێ

بەر لە مژینی جگەرەی مردن

لەنێو غەڵبە غەڵب و قەرەباڵغی

ئەو وێستگەیە چۆڵەدا ..

لە ترووسکایی گلێنە سەوزەکانی ڕاما

(ئەو) با وای دابنێین: بەردەکە

لە پڕ گڕکانی ڕۆحی تەقییەوە و

بەدەم چڕینی گۆرانی گریانەوە نالاًندی:

دەشێ جارێکیدی بتبینمەوە؟

## -2-

**(لەناو ئۆرگازمۆزدا)**

**تەزینی**

**حەلزونی**

**حەلزونی**

**حەلزونی**

**و**

**ئۆخژنی**

**شەپۆلاوی**

**شەپۆلاوی**

**شەپۆلاوی**

**چاوت بە زەردەخەنەی ئیرۆس دەکەوێت و**

**واگا دێیتەوە.**

**ئای کە پێناسەیەکی گرانبوو!**

-3-

((چەند چرکەیەك دوای ئۆرگازموز))

جارێ ڕوو لە عەردو جارێ ڕوو لە ئاسمان
گەردەلوول بە پرچت دادەگیرسێنێ.
یان باشترە بڵێم: جگەرەیێ داتدەگیرسێنێ
ـ ئاو ـ حەز دەکا.. تۆ بچیتەوە یەکەمین وێستگە
تۆ حەز دەکەی بچیتەوە ئەشکەوت
جگەرەکە بە خەفەتێکەوە
مژێکی قووڵ قووڵت لێدەدا..
تۆ پێدەکەنییت و دەپرسی:

ئیرۆس گیان: چییە ئەو کۆمێدیایە!؟
ئەو کۆمێدیایە چییە؟ ئیرۆس گیان؟

## پەنجە ساردەکان
## لە نێو پرچێکی گەرمدا

نازانم بۆ حەزم نەدەکرد
لەتەنیشت چاوە چاوەڕێکانی مندا
لەتەنیشت پەنجە برسییەکانی مندا
دەستی ساردی ئاوا
بە نێو پرچی تێر و گەرمتدا بهێنیَ؟
نازانم بۆ  هەرگیز حەزم نەدەکرد
لەتەنیشت  پەنجە چاوەڕێکانی مندا
لە تەنیشت لێوە تێنووەکانی مندا
نێرگز لە نێو لەپی ـ بەرد ـ دا، بڕویَ و
تاووس لەژێر شالاَوی ـ با ـ دا هەلَوەریَ!
نازانم بۆ حەزم نەدەکرد
پەروانەییَ حەشیش ئاوێتەی ڕۆحی بکا و
بە سەرخۆشی لە نێو گڕێکی سارددا سەما بکا.
نازانم بۆ حەزم نەدەکرد
ـ با ـ ییێکی گەرم لە نێو تۆپی عومر بگری و
چاوەڕێی تەقین بکا.

نا

من

هەرگیز حەزم نەدەکرد

کەروێشکێکی چەلاك

ئاوا

ڕاوی شەهێنێکی بوێر بکا!

لەبەر خاتری چی بوو لێگەڕای

لە تەنیشت ـ ئاو ـ ی زمانم

لە تەنیشت لافاوی هەڵچوی پەنجەکانم

دەستی سپی

ئاوا

بەنێو پرچی رەشتدا بهێنیٚ؟

-2-

**کە عاتیفەی من زەمەند بوو، ژیان بوو بە گڕکان**

**کە ژیان ئەزموونی خوێندەوە، بوو بە وەڵام**

**ئیدی ڕۆح بە تەنیا بوو بە پاژێ لە پرسیار**

**کە تۆیش بۆ گەڕان سووتایت**

**من لە خۆڕا بووم بە وێستگە**

**شەهێنی خودا:**

**تاووسی فێنك:**

**دێی جارێ لەو وێستگەیەدا بخەوی؟**

-3-

**گوتت: بەهار دێ**

**بەڵام کێ ناڵێ تا بەهار دێ**

**پایز لە جەنگی تێکداندا**

**عەرشی عەشقی وێران نەکردووە؟**

-4-

نازانم بۆ حەزم نەدەکرد

لە تەنیشت ئاگری گلێنەکانم،

قەدەر تابلۆی بەفر بکا

لە تەنیشت هەتاوی ڕۆحمدا،

قەدەر وێنەی تاریکیی بکا

نازانم بۆ حەزم نەدەکرد

دەریای ژیان نەورەسێکی تێنوو بڕفێنێ و

ئا.. حەزم نەدەکرد

لە تەنیشت چاوە چاوەڕێکانی مندا

دەستی تاریکیی

ئاوا

بەنێو پرچی ڕووناکتدا بهێنێ

حەزم نەدەکرد ئەو هەموو چرۆی خەفەتە

ئەو هەموو گوڵی مەراقە

لە نێو کتێبی جەستەی مندا بڕوێنێ.

## -5-

که قەدەر لێگەڕا لەبەر چاوی چاوەڕوانیی .

پایز دەست لە نێو قژی بەهار وەردا

که تەمەن دەرگای قەفەزی زێڕینی پێوەدا

ڕێگا دەدەی جارێ پێدزکێ بکەم و

شیعرێ بۆ ئازادیی و لە ززەت

لەسەر شیشبەندی ئەو قەفەزە هەڵواسم؟

## -6-

که قەدەر ڕێگایدا لەبەر چاوی گەرمی مندا

دەستی ساردی ئاوا

لە نێو پرچی فیردەوسینی تۆ لوولدا

من بیرم کەوتەوە

که قەدەر ڕێگایدا لە ناو پارکەکەدا

پرچی ڕۆشەنی تۆ ئاوا

دەست لە نێو پەنجە تاریکەکانی من وەردا

پرچی تاریکیی تۆ ئاوا

دەست لە نێو پەنجە ڕۆشنەکانی من وەردا

لە بیرتە؟ یان بۆ هەمیشەیی لە کاتە زستانییەکاندا

بە شیعرێکی هاوینی بێنمەوە یادت؟

# کۆماری سیسرکە

چەند لاپەڕەیەك بەر لە 1979
خودا نەخشەی لوولدراوی زەمینێکی زێڕینی
پێشکەشی قامکەکانی سیسرکەیەکی پۆستاڵ ڕەشی
سەرشان پڕ لە شیرو کەوان و گوڵەگەنم و
ئەستێرەو خەنجەر کرد..

لە پەرتووکی زەمەن
لە نێوانی لاپەڕەکانی 1979-2003 دا
ئەو دەعبایە پێخواسە
بە پێیە ژەهراوییە ئەبەنووساوییەکانی خەریکبوو
هێشووە ترێی بۆ قوڕگی چرۆ هەڵدەگوشی..

**بە میکرۆسکۆپێکی خوێنین**

**خۆی لە شێوەی دێو و درنج و**

**دەیناسور پیشاندەدا**

**دەمنادەمێ شەپقەیەکی**

**لە خەردەلی دەخستە سەر و**

**فەرمانی بە"گالیلۆ" دەکرد**

**تەلسکۆپێکی نۆژەنی**

**بۆ لە تاقیگە چەسپ بکا**

**تا بەهۆیەوە تاوێ لە ئەستێرە**

**سەربڕاوەکان بڕوانێ**

**زۆربەی کاتەکانی**

**ئەو کاتانەی برسی کاژەڵە و**

**پەنجەی منداڵ و گوونی پیاو و لاڕان و**

**مەمکی فریشتان دەبوو**

**نینۆکەکانی بەقەد دیجلە و**

**ددانەکانیشی هێندەی فورات درێژ درێژ**

**درێژ.. درێژ.. دەبوون.**

له بیرۆی خۆی،
له ناو باخچه هەڵواسراوەکانی " بابل "
لەو بیرۆیەی کە بەختی خوێن دیوارەکانی
زەخرەفێنراو بوو
لەسەر کورسییێکی بزۆز
خۆی دەخولاندەوە و
لەگەڵ تێربوونی ڕێوییەکانی گیانی
بە شەرابی جەرگی باز و
دنکە زەیتوونی چاوانی مامز و
خوێناوی لێوەکانی کەو
بۆینباخی خۆی شل شل دەکردەوە
لێدەگەڕا مانگێك بە پەنجە نەرمەکانی
ملی مەساج بکا و
لینگەکانی دەخستنە سەر یەك و
هاڤانەیەکی دادەگیرساند و ها ها ها ها ها
پڕ بە سییەکانی دەحریتایەوە ها ها ها ها
بە دەم قاقاوە دەندوکی لێدەهات و
تووکی لێدەڕوا و
پۆپیتەیەکی سووری سووری لێبەرزدەبۆوە و
بێئەوەی منەتی ئایندە بزانێ و
نەختێ ڕێسپێکت لە مێژوو بنێ

**بەسەر ژیان و**
**25 ملیۆن بەرد دا**
**دا**
**دە**
**فسی..**

**کە تەواویش دەبوو.. ها ها ها ها ها**
**بە منداڵە خەوتووەکانی دەگوت:**
**(سەگ لەبەر دەرکی قەسابخانەدا نەمرێ**
**ژیانی بە فیڕۆ چووە).**

**بۆ بەیانی هەمدیس لەو بیرۆیەی**
**کە هەردوو ئامۆزاکەی "میرۆ" و "دالی"**
**نەخشەی دیکۆرەکەیان بۆ دانابوو**
**دەستی دەدایە تەلەفۆنێك لە تێنوویەتی و**
**زەنگێکی بۆ سکرتێرەکەی لێدەدا**
**هەواڵێ بۆ گۆڕەکان بنێرە و پێیان بڵێ**
**(خلی یستعجلون خلص دم).**

**خزمە نزیکەکانی ئەو سیسرەکەیە**

**لە ئاودەستەکانی ئەوبەر سنوور**

**لە ڕۆژنامەکانیان دەیاننووسی:**

**ئەو قارەمانە ئەفسووناوییە**

**لە نەوەی قەعقاعە و**

**سینەشی هێندەی (سینا) پانوپۆڕە**

**لەگەڵ عیزارائیل لە یەك شانەی حزبی**

**گۆشکراون و تێکۆشاون**

**ئەو خۆشی لە لاپەڕەیەکی**

**یاداشتی خۆی وای نووسیبوو:**

**(( جارێکیان لە سەردەمی خەباتی ژێرزەمینی،**

**ئەو دەمەی دەمانویست لە مەخەر و پێدەشتەکانی**

**ولآت، ڕەگاژۆی ئانارشیزم بکەین، من و**

**هیتلەر بە یەکەوە بە تەباشیری خوێن،**

**ڕەسمی ڕووخانی پادشاکانی عەشق و ئێستەتیکمان**

**لەسەر دیوارەکانی مەرگ دەکرد و لە کاتی**

**تەنگانەش لەگەڵ ئیبلیس خۆمان لەنێو لاپەڕەکانی**

**خاسێك حەشار دەدا..**

**ئای کەمن سیسرکەیەکی دلێرم !).**

**ئەو ڕۆژەش کە بە ڕێککەوت**

لە گۆڤاری Der Spiegel
ئاوتۆبیۆگرافیای ئەو سیسرکەیەم خوێندەوە
زۆرم لا سەیربوو کە لەگەڵ کوڕە گەورەکەی
"ئەبی وەقاس" کە ناوی "سەعد" بوو
خوێندنی سەرەتاییان
لە قوتابخانەی "گوێ بڕین" تەواو کردووە.

ئەو لە وێنەیەکدا
چاکەت و پانتۆڕی هۆلاکۆی لەبەرکردبوو
وێنەی باز و ئەستێرە و مانگ و
سەری شێر و شمشێری
لە دەستە دەماراویەکانیدا کووتابوو
دەستی هاوێشتبووە سەرشانی "عەلقەم"
کە لە لای دەستە ڕاستیوە وەستابوو
پێی ڕاستەیشی خستبووە سەر سینگی "سەیاب".

ئەتروحەی دکتۆراکەی ئەو سیسرکەیە
سەبارەت بە چۆنیەتی
جیاکردنەوەی کەللە سەر و جەستەبوو.

**شەوانە دەهاتە خەونی ملیۆنەها مێرووله و**

**پێیدەگوتن:**

**من له زانکۆی گەردەلوول و**

**کۆماری گۆڕستانی بە کۆمەڵ**

**دەرسی تەیمور لەنگم داوه**

**من بووم بە دزییەوه بە جەنگیزم گوت:**

**کە دەبێ چۆن چاو دەربهێنرێ.**

**دوای ئەو هەموو قسە بێ سەروبەره**

**دەمەوێ بڵێم:**

**من تا ئێستا نەمخوێندۆتەوه و**

**له هیچ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی**

**زەمینی و ئاسمانیش**

**ڕاپۆرتێکم نەکەوتۆتە بەردیده**

**سیسرکەیەك**

**هێندە له هێزی**

**هێرشی گەردەلوولئاسای خودا بکا**

**هەر بۆیەش من بە ئارامی و واقوڕماوەیەوه**

**لەو نەخشەبەخشە مەزنە**

**سەرسوڕهێنەرەم پرسی**

**کە چەند لاپەڕەیەك بەر لە 1979 دا**

**نەخشەی ئۆرگینال و لوولدراوی زەمینێکی**

**حەفت ڕەنگی زێڕینی پێشکێشی**

**قامکەکانی سیسرکەیەکی**

**پۆستاڵ ڕەشی سەرشان پڕ لە شیرو کەوان و**

**گەنم و ئەستێرە و خەنجەر کردبوو**

**تۆ سینارستی**

**ئەو دراما تراژیدیە دوورودرێژە**

**چوار جیلیەی؟**

**ئەرێ ئەو حوبرە سوورەی سەر تەوێڵی**

**ئەو سیسرکە نێرەمووکە لە دەستکردی تۆیە؟**

**ئەو خەتە سەیروسەمەرەیە کۆمێدیە، تۆ داتهێناوە.**

**بەڕێزت دەرهێنەری ئەو فیلمە عەنتیکە**

**دوکۆمێنتیە " 35"ساڵییەی؟**